www.pertwk.com

# گوتارو وەرگێڕان

نووسینی

عەلی سوڵحجوو

وەرگێڕانی

کۆساری فەتاحی

سلێمانی

2005



گفتمان و ترجمه

علی صلح جو

طرح جلد از ابراهیم حقیقی

چاپ اول 1377، شماره نشر 380

چاپ دوم 1381، چاپ غزال

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب**: گوتاروووەرگێڕان
- **ناوی نووسەر**: عەلی سوڵحجوو
- **وەرگێڕانی لەفارسییەوە**: کۆساری فەتاحی
- **بابەت**: وەرگێڕان
- **نەخشەسازی کۆمپیوتەری**: زانا کەمال
- **نەخشەسازی بەرگ**: فەرهاد مەلا حەسەن
- **زنجیرە**: 96
- **تیراژ**: 1500
- **ژمارەی**(716)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پێدراوە
- **چاپ**: کارۆ

## پێشەکی

سالّی 1341ی هەتاوی لە دەزگای پەخشی فرانکلین دا دەست بەکار بووم . ئۆگریم بۆ خویندنەوە ویڕای ئەرکی ئامادە کردنی دەستنووسە کان بو پیتچنین و پێداچوونەوە بە نموونە چاپییەکاندا جیهانیکی سەرنجڕا کیشیان بۆ پێك هێنام . دەزگای پەخشی فرانکلین کەشوهەوایەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو ، دەکرێ بڵێم کە من لە هەموو بەشە سەرە کییەکانیدا کارم دەکرد . سەروبەندی سالّی (1344ھ/1965ز ) بوو کە ڕۆمانی تازە بلاّوکراوی "مالّئاوایی لە چەك" ی "هەمنگوای"م دەخویندەوە بۆ ورد بوونەوە و تیگەیشتنی زیاتر، لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەدا بەراوردم دەکرد 0 پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك هەستم کرد چێژی ڕۆمانەکە ئەوەندە زۆرە کە ڕێگا نادا بەهۆی بەراورد کردنی پێکهاتەی دوو زمانەکەوە شیرازەی بیرم لێك بترازێت ، و لەبەر ئەوەش نەمدەتوانی راستەوخۆ دەقە ئینگلیزییەکە بخوێنمەوە ، بڕیارم دا تەنیا دەقە فارسییەکە بخوێنمەوە کە "نەجەف دەر یابەندەری" وەریگێڕابوو ، و لە هەر شوێنێك دا لە وەرگێڕانە فارسییەکە باش تێنەگەیشتم ، بگەڕێمەوە سەر دەقە ئینگلیزییەکە . ئەمە شێوازێکی باش بوو و تا کۆتایی کتیبەکە هەر بەم شیوەیە چوومە پێش . خویندنەوەی ئەم دەقە چێژیکی بەردەوامی پێدەبەخشیم . بۆ ئەوەی لە چێژی خوێندنەوەی کتێبەکە دانەبڕێم ، بەراوردی رستە بە رستەم واز لێهێنا و لە لایەکی ترەوە ئەگەر باش لە شتێك تێنەگەیشتبام ، سەیری دەقە سەرەکییەکەم دەکرد و بەم جۆرە چێژیکی بێ پایانم وەردەگرت . تێبینییەکانی خۆم لە پەراوێزی دەقە فارسییەکەدا نووسی و کتێبەکەم دا بە دەریابەندەری کە ئەو دەم سەرنوسەری فرانکلین بوو، وا بزانم لە سەر پێشنیاری ئەو بوو کە منیان لە بەشی نموونە خویندنەوەوە گواستەوە بۆ بەشی پێداچوونەوە .



www.pertwk.com

بەشی پێداچوونەوەی دەزگای فرانکلین کە لەو سەردەمەدا بە ژوری "ئەدیتۆریال" ناو دەبرا ، جیهانێکی سەرنجڕاکێش بوو و ئەمە کاتێکیش بوو کە هێشتا گەورە شارەزایانی وەك ، کەریم ئیمامی ، شەمسەدین ئەدیب سوڵتانی ، مەهشید ئەمیرشاهی ، ئەحمەد میر عەلایی و ئەحمەد سەمیعی نەهاتبوون و بەشی پێداچوونەوە بە مانای وشە پێك نەهاتبوو ، لەو سەر دەمەدا دەستنووسی وەرگێڕانی ڕۆمانی شکۆداری "مووبی‌دیك"ی "ملڤیل" – – کە پەرویز داریوش-- بەقەڵەم سۆفتی شین لەسەر کاغەزی درێژ و باریکی بێ خەت وەریگێڕابووەوە درا بە من تا لەگەڵ تایپ کراوەکەیدا بەراوردی بکەم و هەڵەکانی راست بکەمەوە . دەقە ئینگلیزییەکەشی لای من بوو و هەر بە حەز چەند بەشیکی وەرگێڕانەکەم لەگەڵدا بەراورد دەکرد . داریوش لە وەرگێڕانەکەیدا بە گشتی نێوەڕۆکی بەرهەرمەکەی بە باشی داڕشتبوو وخوێندنەوەکەی زۆرخۆش بوو، بەلاّم لە چەند شوێنێکدا زۆر بە خێرایی تێپەڕیبوو ، هەربۆیە پێویستی بە دەسکاریکردن هەبوو . دەسنووسەکەی دەریدەخست کە کەس وشەیەکی لێنەگۆڕیوە ، چوونکە وەك باسمان کرد هێشتا بەشی پێداچوونەوە بە تەواوی ڕێك نەخرابوو. بەراوردکردنی وەرگێڕان ودەقە سەرەکییەکە چ ئەو دەمەی لە بەشی پێداچوونەوەدا بووم و چ کاتیك کە لەگەڵ گەورە پیاوانی وەك ، غولامحسین موساحیب ، ئەحمەد ئارام ، زەریاب خویی وشەفیعی کەدکەنی لە نووسینگەی ئەنسکلۆپیدیای فارسیدا کارم دەکرد ، بە لامەوە کارێکی گەلێك خۆش بوو ، وەك بڵێی کات تەواو نابێت ، کەس پێی نەدەوتین کەی کارەکەمان تەواو بکەین . ئێمە دسنووسەکان و دەقە سەرەکییەکانمان – جا چ کتێب بوایە لە بەشی پێداچوونەوە و چ وتار بوایە لە بەشی ئەنسکلۆپیدیا -- لە پێش خۆمان دادەنا و لە کاتێکدا کە سەرچاوەیەکی زۆری ئێرانی ودەرەکی و کاتی پێویستیشمان لەبەردەستدا بوو ، کارەکانمان تەواو دەکرد . لە پرۆسەی بەراوردکارییەکەدا بە توانایی و بێ توانایییەکانی هەردوو زمانەکە بە روونی دەردەکەوێ . لای ئەو کەسەی لەم بوارەدا کاری کردبێ بەشی زۆری ئەودادوەرییانەی لە سەرچەند وچۆنی

وەرگێڕانەکان کراون ، سادە و ساویلکانەن. وردەکاری ئەوتۆ لەم کارەدا هەن کە تەنیا ئەو کاتەی کە لەم بوارەدا کار بکەی لێیان تێدەگەی . لێرەدا بوو کە من بەرلەوەی ئەندێشەکانی "یوجین نایدا" لە سەر وەرگێڕان بخوێنمەوە و بەر لەوەی کە دوا تر و لە کاتی تەواو کردنی خولی زمانناسی گشتی لە زانکۆی تاران دا  بە گریمانەی ساپیر – ورف دا ئاشنا بم ، لە کردەوەدا و  بە پێی ئەزموونی شەخسی خۆم بەو ئاکامە گەیشتم کە وەرگێڕان بە مانای وشە ئەنجام نادرێت. هۆگریم بۆ مەسەلەکانی زمانناسی بەگشتی و وەرگێڕان بە تایبەتی ، لە گەلْ سەرقاڵبوون بەکاری پێداچونەوە بوارێکی لە باربوو بۆ توێژینەوە دەربارەی وەرگێڕان . سالآنی دوایی چەند وتارێکی تیۆری لە سەر وەرگێڕان بە زمانی فارسی بڵاو بوونەوە . پێم وابێ  یەکەم بابەت کە بە زمانی فارسی لە سەر وەرگێڕان بڵاو کرایەوە ، بابەتەکەی "نایدا" بوو کە فەرەیدون بەدرەیی بە ناوی"بنەماکان و شێوازەکانی وەرگێڕان "دا  و لە کتێبی ( ئەلفوبێ ، ژمارەی سێهەم ، زستانی 1352هەتاوی/1973ز )دا چاپ وبلأوی کردەوە . پاشان کتێبەکانی "پازارگادی " سەفارزادە –– مەیمەندی‌نەژاد بلأو کرانەوە کە هیچکامیان باسی لایەنی تیۆری وەرگێڕانەکەیان نەکردبوو.

لە راستیدا بەر لە شۆرشی ئیسلامی ئێران ، سەبارەت بە وەگێڕان جگە لە وتارەکەی "نایدا"هیچ بەرهەمیکی تیۆری ئەوتۆ بە زمانی فارسی بلاو نەکرابوویەوە . لە سالآنی دوای شوڕشدا شەپۆلی باس و گفتوگۆ دەربارەی مەسەلەکانی وەرگێڕان پەرەی ئەستاند . ئەمەش لەبەر دوو هۆکار بوو: یەکەم ، لە بەر ئەوە کە بابەتی وەرگێڕان لەو 10–20 ساڵەی دواییدا لە ئاستی جیهانیدا سەری هەڵدایەوە و کتێب و بابەتێکی بەرچاو لەو بارەوە چاپ و بلأو کرانەوە . دووەم ، لەبەر ئەوە کە بە خوشییەوە ئەم کارە لەوسالأنەدا ئەنجامدران کە مەیلێکی زۆر و بەربلأو بو هاوردنی زانست و زانیارییە دەرەکییەکان بۆ نێو زمانی فارسی لە ئێراندا سەریان هەڵدا و سەرئەنجام بازاڕی باس و گفتوگۆ دەربارەی وەرگێڕان گەرم بوو و، راست هەر لەم سەردەمەدا بوو کە چەندین بابەت و کتێب دەربارەی وەرگێڕان بە زمانی



www.pertwk.com

فارسی نووسران و دواتریش لە سەر پێشنیاری نوسەری ئەم دێڕانە چەند خولیك بۆ فێرکردن و پیداچوونەوە لە ناوەندی پەخشی زانکۆییدا کرانەوە . ئێستاش کەم و زۆر باسە بنچینەییەکانی وەرگێڕان لە گوڤاری بە نرخی "وەرگێڕ"دا باسیان لێوە دەکرێت.

یەکێك لەو باسە تازانەی زمانناسی کە بە دریژایی ئەو 10–20 ساڵەی دوایی بەشێکی بەرچاوی ئەو ژانرەی داگرتووە و، ئێستاش هەر لە نێو ئەم بوارەدا  رەوتێکی سەرەکییە ، باسی راڤەکردنی گوتارە کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر رەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕان داناوە . وادێتە بەرچاو کە رەوتی رەخنەی ئەدەبی و باسە رەخنەییەکانی  تایبەت بە وەرگێڕان لە ئێراندا بە تەواوی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو باسانەوە کە کاتی خۆی دەربارەی گوتار لە ئەورووپا و ئەمریکادا بە گەرمی لە ئارادا بوون. ئەم رەوشە لە ئێراندا تەنانەت لە بواری پێداچونەوەشدا بە زەقی خوی دەنواند.

سەرقاڵبوون بە باسی کەم بایەخی وشەسازی و تێگەیشتنی روکەشانە و نابابەتیانە لە وەرگێڕان نیشانەی نائاشنابوونە بەو باسەی کە ئەمڕۆ لەژێر ناوی گوتار لە جیهانی زمانناسیدا لە ئارادایە. رەنگە بتوانین بڵێین کە لە ئێراندا لە نێو ئەو باسانەدا کە پێوەندیان بە رەخنەی ئەدەبی و بە تایبەت وەرگێڕانەوە هەیە، گرینگیدان بە لایەنی زمانپاراوی (فصاحت) بوەتە هوی ئەوەی کە لایەنی رەوانبێژی بە یەکجاری پشت گوێ بخرێت ، کەچی لە هیچ بەرهەمێکدا – چ ئامادەکردن و چ وەرگێڕان– ئەگەر لایەنی رەوانبێژییەکەی رەچاو نەکرێت ، لایەنی زمانپاراوییەکەی نرخ و بایەخیکی وەهای نامێنێ . دیارە ئەمەش هۆکاری جۆربەجۆری هەیە و گرینگترینیان  ئەوەیە کە لە میژووی زمانناسی نوێ لەم 10=20 ساڵەی دواییدا زمانناسەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە نابێ لە زمانناسیدا تەنیا بایەخ بە رستە بدرێت. لەم دوایانەدا بوو کە زمانناسەکان  زمانیان تەنیا لە چوارچێوەی رستەدا پێناسە نەکرد ، بەڵکو خویندنەوەیەکی بەرینتریان بۆ کرد و لێرەدا بوو کە زمانناسی دەق هاتە کایەوە و چەندین کەسی وەك رولآن بارت و میشێل فوکو و ئەمبێرتۆ ئێکۆش

له بواری ئەدەبی و فەلسەفیدا بە باشی پەرەیان پێدا. باسە ئەدەبییەکانی ئێمە لە رابردوودا هەم بایەخیان بە لایەنی زمانپاراوی ( لێدوان لە ئاستی رستە) دەدا و هەم لایەنی رەوانبێژی ( لێدوان لە ئاستی دەق )یان لە بەرچاو دەگرت. وا دیارە یەکیك لە هۆکارەکانی لە ئارادا نەبوونی باسی رەوانبێژی لە بواری وەرگێڕان لە ئێراندا لە دژواربوونی بابەتیانەی ئەم باسانەوە سەرچاوە دەگرێ. لایەنی زمانپاراویی ئاسانتر لە لایەنی رەوانبێژییەکە کونترۆڵ دەکرێت.

کتێبێك کە ئەم دوایانە بە ناوی "هونەری پێداچوونەوە" بە خامەی رابێرت گاتلیب سەر ئەدیتۆری ناودار بە زمانی فارسی بڵاو کراوەتەوە ، لە راستیدا شوێن و روانگەی بەرهەمێکی ئاوا لە ئێراندا بەتاڵ بوو . گاتلیب لە وتەکانایدا ئاماژەی بە بنەماکانی زماننناسی روانگەی خوێ لە سەر پێداچوونەوە نەکردووە ، و بە پیویستیشی نەزانیوە باسیان بکات. بەڵام بە روونی دیارە کە ناوبراو شارەزای گوتارە و ئەو تەنیا لە روانگەی رێزمانییەوە ناڕوانێتە پێداچوونەوە ، بەڵکو لە روانگەی رەوانبێژیشەوە لێیی‌دەڕوانێت . دیارە بێگومان دەتوانین بڵێین کە ژمارەی ئەم ئەدیتۆرانە لە ئێراندا زۆر کەمە و پەروەردە کردنیان لە چاو ئەو ئەدیتۆرانەدا کە تەنیا لایەنی رێزمانی رستە دەسکاری و راست دەکەنەوە و شارەزاییەکی باشیان لە رێزماندا هەیە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کاری لەو چەشنە کەمترکراوە.

ئەم کتێبە لەم باسانە دەدوێ. رەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم بەرهەمە هەڵچوونێکە لە دژی وەرگێڕانی رووکەشانە و وشە بە وشە و هەروەها بەرگری کردنە لەو وەرگێڕانە پاراوانەی کە هەنووکە هەوڵ دەدرێت بە بیانووی "ناکامڵ "بوونەوە وەلایان نێن. وا دیارە هەر ئەو رەوشەی لە سەدەی نوزدەهەمدا باڵی بە سەر وەرگێڕاندا کێشابوو ، واتە تێگەیشتنی میکانیکیانە لە بابەتی راستی و ئەمانەت پارێزیی لە وەرگێڕاندا و چۆکدادانی تەواو لە ئاست پێکهاتەکانی ئەو زمانەی کتێبەکەی لێوە وەردەگێڕدرێت ، لەم ساڵانەی دوایدا بە سەر چالاکیەکانی وەرگێڕاندا زال بووە ( سوڵح جو 1372 ی هەتاوی/1993ز).



www.pertwk.com

لەم کتێبەدا نوسەر هەوڵی داوە بە زمانی فارسی باس لە گوتار وەك بابەتێکی نوێ بکات و پەیوەندی نێوان کێشەکانی وەرگێڕان و ئەم چەمکە لێك بداتەوە. ئەگەرچی ئەم بەرهەمە نووسینێکی تا رادەیەك تایبەتە و گرنگی بە بابەتێك دەدا کە لە ئێراندا کەم تا زۆر تازەیە. بەڵام دەکرێت بڵێین خوێندنەوەی ئەم کتێبە جیا لەوەی کە بۆ خوێندکارانی بواری زماننناسی و وەرگێڕان گرینگە ، بەڵکوو بۆ ئەو کەسانەش گرینگە کە بایەخ بە تیۆری وەرگێڕان دەدەن و هەروەها بۆ ئەو وەرگێڕانەش بە سوودە کە بە کردەوە کاری وەرگێڕان دەکەن . جێی خۆیەتی کە ئەم پێشەکییە بە دەربڕینی سپاس و پێزانین بۆ داریوش ئاشوری سەبارەت بە داهینانی وشەی جێ کەوتووی "گوتار" لە بەرامبەر "Discourse"دا و لوتفولڵا یارمحەممەدی سەبارەت بە راگەیاندنی ئەم واژە نوێیە لە "دووهەم کونفرانسی زماننناسی تیۆری و پراتیکی" دا کۆتایی پێ بێنم. ( تاران 1373هە/1994ز)

# پاژی یەکەم
# زمان لە کردەوەدا

## گوتار چییە؟

گوتار( Discours ) بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. نێوەرۆکی هاوبەشی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە گوتار ئاستێکی گەورەتر لە رستە دەگرێتەوە. هەروا کە بەسوودوەرگرتن لە یاساکانی زمان دەتوانین ناوی ئاوێتە ، دەستە واژە ، بڕگە و رستە دروست بکەین ، یاساکانی گوتاریش یارمەتیمان دەدەن کە رستەکان بە جۆرێ دەربڕین کە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت ، بە چەشنێك کە گوێگر یان خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی لە رستەیەکەوە بۆ رستەیەکی‌تر بچێت. رێساکانی گوتار دەبنە هۆی ئەوەی کە رستەکانی نێو پەرەگراف پەیوەندییەکی پتەو و لۆژیکییان پێکەوە هەبێت و پەرەگراف پتەو و یەکپارچە بێت. رێساکانی گوتار یارمەتیمان دەدەن کە بتوانین بە شێوەیەکی لۆژیکیانە پەرەگرافەکان بە دوای یەکدا ریز بکەین و سەرەنجام دەقێك بێنینە کایەوە کە یەکپارچەو و رێکوپێك بێت. هەڵبەت تەواوی ئەو شتانە لەبەر ئەوەیە کە پەیامەکە کاریگەرتر بێت. بەڵام بەرامبەر بەم دەقە خوێنەرێك هەیە کە دەبیت بیخوێنێتەوە یان گوێی لێبگرە. وای دادەنێین بەرامبەرەکەمان ئەتوانێ لە دەق تێبگات و کاردانەوەشی هەبێت ، یان بە واتایەکی باشتر دەتوانێت لە گەڵ دەقدا پەیوەندی دابمەزرێنێت و لە ئاکامدا دەتوانێت دەقی



www.pertwk.com

لاواز ( واتە دەقی شپرزە و ناڕێك ) بناسێت و چێژ لە دەقی چاك وەربگرێت. بە واتایەکی تر گریمان توانای بەرهەمهێنانی نوسەر یان بێژەر لە گەڵ توانای تێگەیشتنی خوێنەر یان گوێگردا هاوسەنگ بێت ، کەواتە دەتوانین بڵێین کە گوتار بریتییە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و داڕێژرانی دەق -- چ دەقی نووسراو یان دەقی زارەکی -- لە لایەن بەرهەمهێنەر لەلایەکەوە و رەوتی تێگەیشتنی دەق لەلایەن خوێنەر لە لایەکی ترەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین دەقەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك دابڕێژین ( واتە ، دەقەکە گرێ بەندی بکەین ) و تێگەیشتنیکی باش لای خوێنەر دروست بێت ( واتە تێگەیشتن لە نهێنییەکانی دەق ) پێویستە هەر دوولا ، واتە بەرهەمهێنەری دەق و وەرگری پەیامەکە کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بێت تا پەیامەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بگوازرێتەوە بە پێچەوانەوە یان پەیامەکە ناگوازرێتەوە یان بە سەقەتی دەگوازرێتەوە . نابێت گوتار و دەق پێکەوە تێکەل بکەین . گوتار بریتییە لە کۆمەڵێك توخم و ئامراز و مەرج، ئەگەر بێت و یەکبگرن ، دەق دروست دەبێ . بە دەربڕینێکی‌تر گوتار پرۆسەیە و دەق بەرهەمەکەیەتی . گوتار روو لە گەشەیە و دەق وەستاوە .

رەوتی گوتار تا دوا ساتەکان ، واتە تا کامڵ بوونی دەق هەموو ساتێك خوێنەری لە بەر چاوە . گوتار بە بێ خوینەر پێشکەوتن بە خویەوە نابینێت . داهێنەری وتەی( نووسراو یان زارەکی ) پێویستە بە بەردەوامی لە مێشکیدا بەرامبەرێك بۆ خۆی دیاری بکات ، ئەگینا تووشی شپرزەیی دەبێت و دەقێکی سەقەت دێتە کایەوە . بە واتایەکی تر ئەندێشە ناتوانێت لە وتەدا رەنگ بداتەوە. بۆ پەیبردن بە گوتار پێویستە لەو چەمکانەی خوارەوە تێبگەین .

### توانای زمانی و توانای پەیوەندی گرتن

نوام چامسکی بە شێوەیەکی دڵخوازانە زمان راڤە دەکات. لە روانگەی ئەوەوە زمان بریتیە لەو بارو دۆخە کە دوو کەس لە کاتێکدا کە بە تەواوی بە سەر زماندا زاڵن تێیدا پێکەوە پەیوەندی دەگرن . لە کاتی پەیوەندی گرتندا هیچ لایەك بۆی نیە کە دەست بباتە نێو زمانەکە ، و هیچ هۆکارێکی تێکدەرانە

وەك دەنگ و هەرا و پسانی کاتی پەیوەندییەکان لە ئارادا نیە و هەردوو لا گوێچکەو زمانیان زۆر باشە و لە رووی زاڵبوون بە سەر زماندا ، چ لە ئاستی سینتاکسی و چ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە بارودۆخێکی یەکجار باشدان. وتەی چامسکی دەربارەی بەرهەمهێنان و ئەفراندنی زمان ، هیچ ناتەباییەکی لە گەل ئەو باسانەی سەرەوەدا نیە. بەرهەمێنان لە روانگەی چامسکی یەوە بەرهەمهێنانێکی سینتاکسییە ، نەوەك بەرهەمهێنانی پراتیکی. قسەکەی چامسکی راستە ، کە دەڵێت دەبێ رێزمان بتوانێت رستەی زۆر و لە رادەبەدەر بەدی بێنێ ، دیارە بێگومان ئەم رستانە جیاوازییان پێکەوە هەیە ، بەڵام تەنیا بەرهەمهێنانێکی سینتاکسییە. لە رێزمانی چامسکیدا ئەو زانیارییانە کە پەیوەندییان بە وشەوە هەیە لە خانەی وشەکاندا کۆ دەبنەوە. لەم بەشەدا مانای وشەکان تەنیا لە چوارچێوەی فەرهەنگ ( قاමووس)دا دێنە ئاراوە ، و باسێك لە نەخش و کاریان ناکرێت . کەواتە چامسکی شیکارییەکی دڵخوازانە و ناکارامەی بۆ زمان هەیە. دەڵێی ئەو لە بۆشایدا لە زمان دەکۆڵێتەوە و و یەکیك لەو هۆکارانە کە بەردەوام بوەتە هۆی ئەوەی ( ئاندرە مارتینە ) گەورە زماننناسی فەرەنسی لە جیهانی چامسکی نزیك نەبێتەوە ، لەم روانگە ئەبستراکت و میتافیزیکییەی چامسکییەوە سەر چاوە دەگرێت کە جیاوازە لە تێگەیشتنی بابەتی و ماتریالیستانەی مارتینە لە زمان.

ئەوەی بە کردەوە و لە کاتی پەیوەندییە زمانییەکاندا روو دەدەا جیاوازە لە بۆچوونەکانی چامسکی . زۆر بەکەمی لەو رەوشەدا کە چامسکی مەبەستیەتی پەیوەندی زمانی جا چ پەیوەندی لە رێگای زمانەوە بێت و چ لە رێگای نووسینەوە ، دێتە پێش. بە پێی روانینی چامسکی بۆ زمان بە گشتی زۆربەی وتە و نووسراوەکانی ئێمە پڕ لە هەڵە وخەوشدارن کەچی ئێمە لێیان تێدەگەین و جاری وایە لە شێعر و ئەدەبدا راست لەبەر ئەو تایبەتمەندییانە چێژیی لێ وەردەگرین. ئەمە ئیتر شتێکی تا رادەیەك سەلمێنراوە کە نوسەرە چاك و ناودارەکان ناتوانن رێزمانزانێکی باش بن و نووسینەکانیان پڕن لە رستەی هەڵە و لە رووی رێزمانییەوە ناتەواون. بە پێچەوانەوە تاکو ئێستا



www.pertwk.com

هیچ رێزماننناس و رێزمانووسێك تەنیا بە هۆی ئەم تواناییەوە نەیتوانیوە ببێتە نوسەریکی باش چوونکە نوسەر بوون پتر پەیوەندی بە بواری رەوانبێژیەوە هەیە تا بواری زمانپاراوییەوە . کەواتە بە کردەوەو لە جیهانی راستەقینەدا هەمیشە پەیوەندی لە رێگای وشەو رستەی رێزمانییەوە دروست نابێت. چامسکی خۆی لە قەرەی ئەو باسانە نادا کە بۆچی سەرباری بوونی تەواوی ئەو فاکتەرانە کە دەبنە هۆی تێکدان و تێشکاندنی پێکهاتەی( زمان) دیسانەوەش وا سووك و ئاسان پەیوەندیگرتن هەر دەمێنێتەوە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە چامسکی تەنیا گرنگی بە لایەنی رێزمان دەدا و وا ناڕوانێت کە زمان ئامرازی پەیوەندیگرتنی بە کردەوەی نێوان مرۆڤەکانە. بۆ وێنە وشەی " سپاس " یان " مێرسی " لە بەشی واژەکانی رێزمانی چامسکیدا ، وشەیەکە کە لە زمانی فارسیدا مانای دیاریکراوی خۆی هەیە و بۆ نیشاندانی رەزامەندی لە کەسێك دەوترێت. لە هیچ شوێنێکی ئەم رێزمانەدا باس لەوە ناکرێت کە ئەم وشە مانایەکی تریشی هەیە. کەسێك کە فارسی بزانێت – خوێندەوار و نەخوێندەوار – بە لانی کەمەوە دەزانێت کە ئەمڕۆکە لە "تاراندا 90 لە سەدی خەڵك کاتێك لە نێو تاکسی دانیشتوون و دەگەنە جێگای خۆیان ، دەڵێن "مێرسی" و سایەقی تاکسیەکە بە بێ هیچ دوودڵییەك رادەوەستێت و موسافیرەکەی دادەبەزێنێت. کەواتە وشەی "مێرسی" یان سپاس لە زمانی فارسی و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا مانای " رایگرە" دەبەخشێت. لێرەدا باس لەوەیە کە ئەم جۆرە زانیارییانە لە رێزمانی چامسکیدا جێگەیان بۆ نەکراوەتەوە. بە واتایەکی تر بۆ کەسێك کە دەخوازێت زمانی فارسی بە چەشنێك فێر ببێت کە بتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت ، لە ریگای ئەو رێزمانەوە ناتوانێت ئەو جۆرە زانیارانە بە دەست بێنێت. ئەوەش دەزانین کە رێزمانی کارامە ئەو رێزمانەیە کە هەموو زانیاریەك ، چ سینتاکسی ، چ واتایی لە خۆ بگرێت. کەسانێك وەك سرێل و گرایس لە بەرامبە رچەمکی توانای زمانایدا گرینگیان بە چەمکی توانای پەیوەندیگرتن داوە . ئەم لایەنە گرنگەی زمانیان رچاو کردووە. کەواتە توانای پەیوەندیگرتن شتێکی جیاوازە لە توانای زمانی

و تەنیا لە ڕێگای بە کارهێنانی زمان لە جیهانی واقیعدا بە دەست دێت. لە بەر ئەوەی کە واتاسازی چامسکی نەیتوانی ئەم بابەتانە ڕاڤە بکات ، زانستی گونجان (کاربرد شناسی) و ڕاڤە کردنی گوتار جێیان گرتەوە.

## پێش گریمانە

هەر وتە یان نووسراوەیەك کاتێك پەیامێك بە بەرامبەرەکەی دەگەیەنێت ، گومانی لەوە نیە کە بەشێك لە ڕاستیەکان لای بەرامبەرەکەیەوە هەن ، هەر بۆیە ئاماژەیان پێناکات. هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن خاوەن سروشت و ڕاستییەکی لەو چەشنەیە. ئەگەر وا نەبوایە و کاتی پەیوەندیگرتن کەڵك لەم دیاردەیە وەرنەگیرابایە ، زمان تووشی درێژدادڕییەکی وەها دەبوو کە دەبووە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکە. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەم بابەتە سەرنج بدەنە ئەم پارچە نووسینەی خوارەوە:

"دوکتۆر مەنسووری زەعفەرانلوو ، پسپۆری دڵ و دەمار( تەمەن 53 ساڵ و دانیشتووی نیویورك ) لە شەوی 10ی خەرمانانندا و لە ئاکامی دەمەقاڵەیەك لەگەڵ هاوسەرەکەی ، دوکتۆرە سیمین بەسیرمەند( زەعفەرانلوو)دا ، سەرەتا 2 فیشەك بە هاوسەرەکەیەوە دەنێ و دەیکوژێت و پاشان بە دەمانچە کەلیبر45 کەی کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت."

لەم چەند دێرەدا کە لە ڕۆژنامەی ( کەیهان – 23یخەرمانانی 1373ی هەتاوی/1994ز)یەوە وەرگیراوە ، ڕووداوێك بە ڕوونی وەسف کراوە و ئێمە بە ئاسانی لێی تێدەگەین . ئەگەرچی لە حاڵەتی ئاساییدا ئەم بابەتە بۆ خوێنەری ئاسایی بێ کەمو کورتییە ، بەڵام دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدا نیە :

دوکتۆر زەعفەرانلوو بڕوانامەی دوکتۆراکەی لە کامە زانکۆدا وەرگرتووە؟ ئایا بەراستی تەمەنی 53 سالی تەواو بووە یان بە تازەیی پێی نابووە نێو 53



www.pertwk.com

ساڵییەوە؟ ئەو ڕووداوە لە شەوی 10ی خەرمانانندا لە چ سەعاتێکدا قەوماوە؟ ئاخۆ تەقەکردنەکە لە هۆڵی دانیشتندا بووە یان لە ژووری نوستن ، یان لە چێشتخانەدا؟ لە سەرچی دەمەقاڵەیان بووە؟ خانمی بەسیرمەند تەمەنی چەنێك بووە؟ فیشەکەکان بەر کوێی کەوتوون و هتد . دەتوانین لە سەر ئەو چەند دێڕەی سەرەوە گەلێك پرسیاری لەم چەشنە بێنینە گۆڕێ . بێگومان دەتوانین بڵێین کە لەو دەقەی سەرەوەدا زانیاریە ڕاگەیندراوەکان زۆر کەمترن لە زانیاریە ڕانەگەیەنراوەکان. کەچی خوێنەر هەست بە هیچ کەمو کورتییەك ناکات. هەروەك باسمان کرد هۆی ئەم کارە ، بوونی پێش گریمانەیە. نوسەر لەوە دڵنیایە کە خوێنەر یان پێویستی بەو زانیارییانە نیە یان بۆ خۆی دەیانزانێت. بۆ نموونە هەرخوێنەرێکی ئاسایی دەزانێت کە کاتێك دەوترێ ئەو کەسە تەمەنی 53 ساڵە ، بە هیچ شێوەیەك بەو مانایە نیە کە ئەو کەسە ڕێك تەمەنی53 ساڵە چوونکە لە یەکەم ڕۆژی دوای تەواوبوونی 52 ساڵییەوە تا سالێك دواتر بە 53 ساڵە دەژمێردرێت.جگە لەمە ئەوە کە دوکتۆر زەعفەرانلوو تەمەنی52 ساڵ و 6 مانگ بووە یان 52 ساڵ و 7مانگ کار ناکاتە سەر ڕووداوەکە. ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەت بە ڕاپۆرتی ڕوژنامەیی نیە . ئەم تایبەتمەندیە لە نێو هەر دەقێکدا و بۆ هەر خوێنەرێك هەیە. ئێستا سەرنج بدەنە ئەم نووسینەی خوارەوە کە لە گەڵ مندالأنی پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا دەدوێت:

## بنەماڵەی هاشمی

عەلی هاشمی پۆلی سێهەمی سەرەتاییە. عەلی خوشکێکی هەیە ناوی مریەمە و ساڵێك لەو بچووکترە و لە پۆلی دووەمە . عەلی کوڕی مەحموود هاشمی یە . مەحموود هاشمی لە دایرەی پۆستە و گەیاندنی شاری "کازرون "دا کار دەکا. تاهیرە خانمی دایکی عەلی کابانی ماڵە.... لە یەکێك لە رۆژەکانی بەهاردا کاتێ مەحموود هاشمی لە دایرەوە گەڕایەوە بە دەنگی بەرز بانگی تاهێرە خانم و منداڵەکانی کرد و وتی:"هەوالێکی گرینگم پێیە" . هەموو لە دەوری باوکیان ئالان ، مەحموود هاشمی وتی : من لە "کازرون"ەوە دراوم بە نەیشابور.

ئەم چەند دێرە لە کتێبی " ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتییەکان " ی پۆلی سێهەمی سەرەتاییەوە وەرگیراوە ، و بە زمانێکی سادە و شیرین سەفەرێك لە "کازرون"ەوە بۆ "نەیشابوور" وەسف دەکات و منداڵانی تەمەن 9 سالە لەگەڵ بارودۆخی شارەکانی سەرە رێگا ئاشنا دەکات .( حداد عادل 1372 /1993). ئەگەرچی نووسراوەکە رووی دەمی لە منداڵانی پۆلی سێهەمی سەرەتاییە و هەوڵ دراوە روونکردنەوەکان پڕاوپڕ بن ، دیسانەوە دەکرێ چەند خالێك دەست نیشان بکەین کە لە نووسراوەکەدا نەهاتوون . ئاماژە نەکردن بەم چەند خاڵە بە مانای ناتەواوی نووسراوەکە نیە ، بەڵکوو راست نیشانەی جوانی نووسراوەکەیە. بۆ نموونە نوسەر بە پێویستی نەزانیوە کە باس لەوە بکات عەلی کوڕە و مریەم کچە و قوتابخانەکەی عەلی کوڕانەیە و هی مریەم کچانە . نوسەر نەیوتووە کە مریەم کچی مەحموود هاشمییە. نوسەر باسی لەوە نەکردووە کە ئەرکی باوك کارکردن و ئەرکی منالٚ خوێندنە. نوسەر نەیوتووە کە "کازرون" یەکێك لە شارەکانی ئێرانە . نوسەر باسی ئەوەی نەکردوە کە کاتێ مەحموود هاشمی ویستوویەتی لە دایرەوە بەرەو ماڵ بگەرێتەوە لە دایرە





وەدەرکەوتووە و لەوانەیە کاتی چوونە ماڵەوە لە دەرکەی دابێ و ئەوان دەرکەیان لێ کردبێتەوە. نوسەر باسی ئەوە ناکات محموود هاشمی لە کاتی راگەیاندنی ئەو هەواڵەدا بزەی لەسەر لێوان بووە و هەروەها باسی ئەوە ناکات کە دوای ئەوە مناڵەکان لەدەوری ئالاون رەنگە چاویان بڕیبێتە دەمی. باس لەو حوکمە ناکات کە سەرۆکی بەشەکەی لە دایرەی پۆستە و گەیاندن داویەتی بە مەحمود هاشمی و بە پێی ئەو حوکمە گوازتویانەتەوە بۆ "نەیشابور". سەرەنجام بە بێ ئەوە مەحموود هاشمی هەنگاوێك لە ماڵەکەی دوور کەوتبێتەوە ، دەڵێ : " من لە کازروونەوە دراوم بە نەیشابور" و لەوە ناترسێت کە ماڵ و منداڵەکەی گلەیی لێ بکەن و (پێی بلێن) خۆ تۆ جارێ هەر لێرەی . بۆچی نوسەر باسی هیچکام لەو خاڵانەی سەرەوە ناکات کە هەرکامیان (زانیاری)یەك لەخۆ دەگرن. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە لە نێوان نوسەر و خوێنەردا رێکەوتنیکی رانەگەیەندراو هەیە کە بەو پێیە نوسەر لەوە دلنیایە کە خوێنەر دەیانزانێت و لە راستیدا ئەو زانیاریانە کە بە رواڵەت بە خوێنەر نەدراون بە شێوەیەکی سروشتی لە ئاکامی ئەو زانیاریانەوە دەردەکەون کە بە خوێنەر دراون . وشەی عەلی ئەوە دەگەینێ کە عەلی کوڕە و وشەی مریەم ئەوە دەگەینێ کە کچە . مریەم خوشکی عەلی یە بەو مانایە کە مریەم کچی مەحموود هاشمی یە .

لە نووسیندا ئەگەر کەڵك لە پێش گریمانە وەرنەگرین ، نووسراوەکە نەك تەنیا خوێنەر ماندوو دەکات ، بەڵکو سەرەنجام ناتوانێت کۆتایی بەو هەموو روونکردنەوانە بێنێت و نووسراوەکە لە ژێر شتە لاوەکیەکاندا ون دەبێت و پەیوەندی دانامەزرێت. هێندی لە نووسراوەکان تەنیا لەبەر رچاو نەکردنی ئەم لایەنە لاواز دەردەچن. دەڵێی نوسەر ئاگای لەم توانا سروشتییەی مێشکی مرۆۋ نیە و یانی نایەوێ پرسیارێك لە نووسینەکانایدا بە جێ بێلێت و لە رێگای روونکردنەوەی زیاد لە پێویست نە تەنیا بابەتەکە ناحەز دەکات بەڵکوو لەوەش گرینگتر پەیامە سەرەکیەکە لە نێو شتە بێ بایەخ و لاوەکیەکاندا کەمرەنگ دەکات . بێگومان نووسراوەکان لە باری رادەی

ڕوونکردنەوەوە یەکسان نین و ڕادەی ئەم ڕوونکردنەوەیە هەمیشە لە لایەن خوێنەرەوە دیاری دەکرێت. نوسەری سەرکەوتوو ئەو نوسەرەیە کە لە ڕەوتی نووسیندا بەردەوام خوێنەرێکی زەینی بۆ خۆی دیاری کردبێت.

## پاشخان( پێشینە )

پاشخان لە ڕاستیدا دیوەکەی دیکەی پێش گریمانەیە . لە پێش گریمانەدا بێژەر یان نوسەر گومانی لەوە نیە کە بەشیك لە زانیاریەکان لای بەرامبەرەکەدا هەن ، هەر بۆیە ئاماژەیان پێناکات بەڵام لە لایەکی ترەوە گوێگر یان خوێنەر بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی پێشووی خۆی ڕاستییە " نەگوتراوەکان " لە دوو توێ دەقەکەدا دەردێنێ . ئەم توانایيە پێی دەوترێت پاشخان . پاشخان بەسراوەتەوە بەو پێش گەڵاڵە ,, Schemata ,, کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبووە و لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ گوتارە جۆربەجۆرەکاندا چالاك دەبێت (فاندیك1977ز).

وا دابنێن شەویك تەلەفزیونەکە دەکەنەوە و ئەبینن کەسێك خەریکە قسە دەکات و یەکەم ڕستە کە گوێتان لیٚ دەبێت ئەمەیە: " دیارە بۆ ئەو وانانەی تاقیگەیان هەیە پارەیەکی زیاتر وەدەگرن " . کەسێکی ئاسایی فارسی زمان بە بیستنی ئەم ڕستەیە ڕەنگە یەکسەر بیری بۆ لای زانکۆ بچێت. وشەی زانکۆ لە ڕستەکەدا نیە کەچی لەگەڵ ئەوەدا کۆمەلێك هێما زەینی مرۆڤ بەرەو ئەویٚ دەبەن. تەناتەت دەکرێت مەزەندە بکەین کە بێژەر باس لە کێشەکانی تایبەت بە زانستگەی ئازاد ( نا دەولەتی) دەکات ، نەوەك کێشەکانی تایبەت بە زانستگەی دەوڵەتی. لە ڕاستیدا لێرەدا دەوری پێش گەڵاله ، یان پێکهاتە گەورەکان( Macrostracture) لێرەدا دەردەکەویٚ. لە مێشکی زۆربەماندا لە پەیوەند لە گەڵ زانکۆدا پێشگەڵاڵە هەیە و بە بیستنی ئەو ڕستەیەی سەرەوە ئەم گەڵاڵە "چالاك دەبێت" و دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بتوانین بە ئاسانی ئەم



www.pertwk.com

ڕستە و ڕستەکانی دوایی لێك بدەینەوە. بە بیٚ یارمەتی ئەو پێشگەڵاڵە زەینییەیانە و بەواتایەکی‌تر بە بیٚ پاشخان ناتوانین هیچ وتە یان نووسراوەیەك لێك بدەینەوە .

ئەگەر بێت و وتە یان نووسراوەیەك لە گەڵ ئەو شتانەدا نەیەتەوە کە زەینی ئێمە پێی ڕاهاتووە ئەوا دژکردەوە نیشان دەدەین. ئێمە بە شێوەی سروشتی پاش بیستنی ئەو ڕستەیە چاوەڕێی ئەوەین کە لەو بوارەدا ڕستەی دیکە ببیسین . پاساو بۆ ئەو چاوەروانییە ئەوەیە کە هەم ئێمە و هەم بێژەر ، هەردولامان سەر بەیەك کەلتوورین و هەردوولامان خاوەن زەینێکی ساغ و سەلیمین و لەوانەیە لەم کاتەدا مەبەستمان گاڵتە کردن نەبێت.

هەروەك پێشتر وتمان وتە و نووسراوەکانی ئێمە لە باری گەیاندنی زانیارییەوە " تەواو" نین و کەلێن و بۆشایەکی زۆریان تێدایە کە پێویستە پڕیان بکەینەوە . ئەم بۆشایانە بە یارمەتی پاشخان پڕ دەبنەوە. سەرنج بدەنە نموونەیەکی تری لەم بابەتە : وادابنێن نوسەرێك دەیەویٚ گەشت و سەیرانێك وەسف بکات ، دەنووسێت : " ڕۆژی هەینی کاتژمێر 9ی بەیانی بەرەو کەرەج بەڕیٚ کەوتین ، لە 20کیلومەتری ئەولای کەرەجەوە لە سەر جادەی چالووس ڕاوەستاین ، نانی نیوەڕۆمان لەوی خوارد و پاشان لای ئێوارە بەرەو تاران ڕۆیشتین . کاتژمێر 10ی شەو گەیشتینە جیٚ." بۆچی ئەم نوسەرە باس لەوە ناکات کە بۆ نموونە دوای لە خەو هەستان دەس ودەموچاویان شوردوە و قاوەڵتوونیان کردوە و جلوبەرگیان لە بەر کردوە و هتد؟ نوسەر باسی ئەم شتانە ناکات ، چونکە دەزانێت کە خوێنەر پێویستی بەوانە نیە و پێشتر دەیانزانێت.

## بنەمای هاوکاری

هەرچەشنە پەیوەندییەك لە ڕێگای زمانەوە لە سەر بنەمای هاوکاری کردن پێك دێت. بێژەر و گوێگر ، نوسەر و خوێنەر بەردەوام پێکەوە هاوکاری دەکەن . ئەگەر ئەم هاوکاری کردنە لە ئارادا نەبێت ، پەیوەندی دروست نابێت . واتە ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەر خوێنەرنەیەوێ تێبگات ، ئەوا زمان ئەوەندەی پێچ و پەنا تێدایە کە نەهێڵێ خوێنەری گێل تێبگات . خوێنەر یان گوێگر پێویستە تانوپۆ (Context )ی وتە بناسیت و بێژەر یان نوسەریش پێویستە پێکهاتەکە بە باشی دابڕێژێت تا خوێنەرتووشی هەڵە نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا بە بێ هاوکاری کردنی دوولایەنە ، ئەگەرچی پێکهاتەی زمانەکەش بە تەواو بزانین و هەوڵ بدەین پەیامەکە بە چەشنێك رابگەیەنین کە بە هەڵە لێك نەدرێتەوە ، دیسان زەینی چەواشە بە هەڵە مەبەستەکانی نوسەر و بێژەر لێکدەداتەوە. مەبەستی پۆل گرایس لە بنەمای هاوکاری کردن لە جەرگەی پەیوەندیگرتندا هەر ئەم شتەیە. بە واتایەکی تر گرایس لەو بڕوایە دایە ئەگەر ئەم هاوکاری کردنە لە ئارادا نەبێت زمان چەندە رەوان و پاراو بێت ، هیچی پێ ناکریت.

## چوار مەرجی سەرەکی

لە روانگەی گرایسەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی سالم و پڕاوپڕ دابمەزرێنرێت ، پێویستە چوار مەرج لە ئارادا بن.(گرایس1975) ئەم مەرجانە بریتین لە : 1- چەندایەتی 2-چۆنایەتی 3- پەیوەنداربوون 4- شێوەی دەربرین. ئەگەر ئەم چوار مەرجە رچاو بکرێن خوێنەر یان گوێگر بەو مەرجەی





بنەمای هاوکاری رچاو بکات  بە ئاسانی دەتوانێت لە مەبەستی بێژەر یان نوسەر تێبگات و وەڵامی پەیامەکە بداتەوە. 1- چەندایەتی . واتە ئەوەندە بدوێین کە پێویستە ، نە زۆرتر و نە کەمتر. بۆ وینە ئەگەر کەسێك لە بازاردا لێی پرسین کاتژمێر چەندە و ئێمە لە وەڵامدا بڵێین " حەوت و پەنجا خولەك و حەوت چرکەو نیو" ئەوا بنەمای چەندایەتیمان رچاو نەکردووە ، ئەگەرچی قسەی راستمان کردوە .

2- چۆنایەتی . واتە دەبێ قسەکانمان راست بن ، یان لانی کەم بۆخۆمان بڕوامان بە راستبوونیان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر بنووسین " هێندێ لە کتێب فرۆشەکانی تاران کتێبەکانیان لە مەریخەوە دێنن" ئەوا بنەمای چۆنایەتیمان پێشێل کردووە . 3- پەیوەندار بوون. واتە قسەیەك کە ئێمە دەیکەین دەبێت پەیوەندی بە بابەتەکەوە بێت. دێڕە شێعری بە ناو بانگی " كلنگ از آسمان افتاد و نشکست / وگرنە من کجا و بی وفایی " ( واتە قوڵینگ لە ئاسمانەوە کەوتە خوارێ و نەشکا / ئەگینا من لەکوێ و بێ وەفایی لە کوێ) نموونەی بەرچاوی بابەتێکە کە توخمەکانی پەیوەندییان بە یەکەوە نیە. یان ئەگەر لە وەڵامی پرسیاری " کەش و هەوا چۆنە؟"دا پێمان بڵێن کە " من ماوەیەکە سەردانی دوکتۆرم نەکردووە " وەڵامیکیان داوینەتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نیە. 4- شێوەی دەربرین. واتە دەبێ قسە و نووسینمان بە باشی دارێژرابێت . رستەی "وتارەکەم تیا نووسی و دەفتەرێکم کڕی ، چوومە دووکان. " بێ مانایە ، چوونکە شێوەی دەربڕینەکەی هەڵەیە. دروستەکەی بەم شێوەیەیە "چوومە دووکان و دەفتەرێکم کڕی و وتارەکەم تیا نووسی ." گرایس دەڵێ ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێت کە بنەمای هاوکاری لە ئارادایە ، و هیچ بێژەر یان نوسەرێك مەبەستی ئەوە نیە کە گوێگر و خوێنەرەکەی ئازار بدات و نایهەوێت چەواشەیان بکات ( ئەوا دەبێت ئەو لادانانە کە لە قسە و نووسیندا هەن بە ئەنقەست و مانادار بزانین ). بە واتایەکی تر زۆر قسە و نووسینی وا هەن کە بە رواڵەت ئەم مەرجانەیان تێدا رچاو نەکراوە ، بەلام گوێگر یان خوێنەر بە ئاسانی لێیان تێدەگات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گوێگر

یان خوێنەر بۆ خۆی بۆشاییەکانی نێو بابەتەکە پڕ دەکاتەوە. هەر مرۆڤێکی ئاسایی کە بەسەر زماندا زاڵ بێت خاوەن ئەو توانایییەیە . ئەگەر ئەم توانایییە نەبوایە لە هیچ قسە یان نووسراوەیەك تێنەدەگەیشتین .

--- عەلی سڵاو ، لە کوێی ؟ ( لە تەلەفووندا)

--- لە کۆمپانیام

--- کاك عەباس کاهوی چاکی هەیە

--- من ئەمشەو درەنگ دێمەوە

--- باشە ، کەواتە بۆخۆم ئەچم ئەیکڕم .

لەو گفتگۆ تەلەفۆنیەی سەرەوەدا کە لە نێوان ژن و مێردێکدا کراوە ، ژنە بە پیاوەکەی دەڵێت " کاك عەباس کاهوی چاکی هەیە " بەڵام مەبەستی ئەوەیە کە لەماڵەوە بەرەو دایرە ڕۆیشتووە بینیویە کە کاك عەباس کاهوی تازەی هەبووە و ئێستا داوا لە مێردەکەی دەکات کەمێك کاهو بکرێت. لە ڕاستیدا مەبەستی ژنەکە لەو قسەیە کڕینی کاهوە ، ئەگەرچی لە ڕستەی سەرەوەدا بە هیچ شێوەیەك ئەو داوا کارییە بە دی ناکرێت . بەڵام پیاوەکە لە مەبەستی ژنەکەی تێدەگات ، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامێکی داوەتەوە کە بەڕواڵەت پەیوەندیی لۆژیکی بە داواکارییەکەوە نیە. پیاوەکە دەڵێت : " من ئەمشەو درەنگ دێمەوە." هیچ ڕێزمانێك ناتوانێت ئەم دوو ڕستە پێکەوە ببەستێتەوە . کەچی سەرباری ئەوەش ژنەکە ڕازی دەبێت . هۆی ڕازی بوونەکەی ئەوەیە کە بۆ خۆی بۆشایی نێوان ئەم دوو ڕستەیەی پڕ کردووەتەوە . بە واتایەکی تر ئەو وەڵامی پیاوەکەی بەم جۆرە لێك دەداتەوە : من ئەمشەو درەنگ دێمەوە و لەبەر ئەوە کە کاك عەباس بەر لە گەڕانەوەی من دووکانەکەی دادەخات ، من ناتوانم کاهو بکڕم.

بە پێی ڕوانگەی گرایس ئەگەر بێت و گوێگر یان خوێنەر لەگەڵ قسە یان نووسراوەیەکدا بەرەو ڕوو ببێتەوە کە بە ڕواڵەت پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێ ئەوا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو بنەمایە کە بێژەر یان نوسەر مەبەستیان چەواشە کردنی بەرامبەرەکەیان نیە ، دەبێت بە شوێن ئەوەوە بێت کە هۆی ئەم



نەگونجاوییە بدۆزێتەوە . بە بڕوای گرایس بەشی بەرچاوی پەیوەندیگرتن لە ڕێگای زمانەوە لەم ڕێگایەوە ئەنجام دەدرێت. بە واتایەکی‌تر بەشی هەرە گەورەی پەیامەکە بەهۆی بەرامبەرەکەوە ڕێك دەخرێتەوە . یوجین نایدا پێی وایە کە نزیکەی 20 لە سەدی زانیارییەکان لە نێو خودی زماندا هەن و ئەوەی دیکە خوێنەر لە ڕێگای تێگەیشتنی شەخسی خۆیەوە قەرەبووی دەکاتەوە.*

نایدا لە وتاری " کۆمەڵناسی و پەیوەندی لە نێوان خاریجییەکان( 1993)دا باس لەوە دەکات کە زمان تەنیا ئامرازی زانیاری گەیاندن بە ئێمە نیە. زانیارییەکان لە مێشکی ئێمەدا هەن ، و ئەگەر ئەم زانیارییە زەینیانە نەبوایەن زمان هەرگیز توانای ئەوەی نەبوو زانیاریمان پێ ببەخشێ . زمان لەوە بێ دەسەلاتترە کە هەموو ڕاستییەکان نیشان بدات. نایدا کار ( فعل)ی To run( هەڵاتن)بە نموونە دێنێتەوە و لە چەند شوێنی جیاوازدا هەڵی دەسەنگێنێ و دەڵێ ئەم کردارە لە کەلتوورەکاندا بەم جۆرە پێناسە کراوە : "جێ گۆرکێ بوون لە ڕێگای هەنگاو هەڵگرتنەوە بە چەشنێك کە قاچێك سەر لە نوێ لە شوێنی پێشوودا دانەنرێتەوە ." پاشان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر ماریش بە سەر زەوی‌دا بڕوات هەر لەم کردارەی Torunبە کار دەبرێ . دەبینین کە ئەو پێناسەیە لە گەڵ ڕۆیشتنی ماردا یەك ناگرێتەوە. کەواتە دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە هەموو ڕاستیەکە ناگەیەنێت ، بەڵکوو ڕاستی لە دەرەوەی زماندا هەیە و ئێمە تەنیا لە ڕێگای زانیاری شەخسی خۆمانەوە دەتوانین لە مانای وشەکان تێبگەین ، نەوەك لە ڕێگای خودی وشەکانەوە. نایدا دەڵێت زمان 20 لە سەدی زانیارییەکان ڕادەگەینێت و ئەویتری دەبێت لەڕێگای پێکهاتە وخودی وتەوە بە دەست بێت نەوەك لە ڕێگای زمانەوە. نایدا پێی وایە تەنانەت گۆڤارێك کە بابەتێکی تێدا چاپ دەکرێت ، بە مەرجێ گۆڤارەکە سەنگ و قورسایی هەبێت حاڵەتێکی وەها بە وتارەکە دەدات کە خوێنەر لەتێڕوانینێکی تایبەتەوە وتارەکە بخوێنێتەوە . بە واتایەکی تر گۆڤار دەبێتە بەشێك لەو زانیارییانە کە لە وتارەکەوە دەدرێتە دەرەوە .

# بۆچی نابێت دەربڕین " پڕاوپڕ" بێت؟

کورتبێژی هۆی جۆر بە جۆری هەیە. یاسای کەم هەوڵدان یەکیك لەهۆیەکانیەتی. مرۆڤ پێی خۆشە کە بە کورتترین شێوە مەبەستەکانی خۆی رابگەیەنێت. کورتبێژی یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی زەینی مرۆڤە. ئەو کەسانە کە لە قسە و نووسراوەکانیاندا درێژدادڕی دەکەن ، لە روانگەی ئێمەوە وا دێنە بەرچاو ،خۆیان بە هیچ جۆرێك وا بیرناکەنەوە. ئەوان وا دەزانن کە بەرامبەرەکانیان پێویستییان بە هەموو ئەو زانیارییەیانە هەیە و ئەگەر زانیارییەکان کەمتر بن ، لە بابەتەکە تێناگەن. ئەوانیش هەر ئەوەندە هەست بکەن کە گوێگر لە مەبەستەکەیان تێگەیوە چیتر هیچ نالێن و دەیبڕنەوە. بە واتایەکیتر ئەوانیش یاسای کەم هەوڵدان یان بنەمای کەمترین کۆشش پەیڕەو دەکەن. لە گفتگۆی پێشوودا لە راستیدا ژنەکە چەند رستە لە نێو رستەیەکدا دەگونجێنێت . کاتیك کە دەڵێت " کاك عەباس کاهوی چاکی هەبوو" مەبەستی ئەوەیە کە "من ئەمڕۆ کە بە بەردەم دوکانی کاك عەباس دا تێپەڕدەبووم ، دیتم کە کاهوی چاکی هێناوە . تۆ کاتێك لە کۆمپانیا گەڕایتەوە کەمێك کاهو بکڕە و بیهێنەوە بۆ ماڵەوە " .

بەشێکی زۆری بیسەران ، یان خوێنەران ئەم چەشنە پەیام گەیاندنەیان بە لاوە پەسند نیە و هەست دەکەن درێژەو ماندوویان دەکات و لە پەیامەکەیاندا جۆری یەکەمیان بە لاوە سروشتیترە و لە هەمان کاتدا پێیان وایە کاریگەریزیاترە. لە راستیدا لەم نموونەی دواییدا یەکەم بنەمای گریمانەی گرایس واتە بنەمای چەندایەتی لە بەرچاو نەگیراوەو زمان لە رادەبەدەر چۆتە ژێر باری روونکردنەوەوە.

هۆیەکی تری بەکارهێنانی وتەی ناراستەوخۆ قسە کردنە بە شێوەیەکی رێزدارانە. بۆ نموونە کاتێ لەسەر مێزی نان خواردندا دەڵێین " ببورە دەتوانی ئەو خوێدانەم بدەیتێ؟" هەرگیز مەبەستمان ئەوە نیە کە بزانین



www.pertwk.com

بەرامبەرەکەمان لە کاتی هەڵگرتنی خوێدانەکەدا هێزی باسکی چەندەیە . بەڵکوو تەنیا مەبەستمان ئەوەیە کە بەرێزەوە داخوازییەکەمان دەربڕین. بە پێی بنەمای هاوکاری لە روانگەی گرایسەوە ، لە دۆخێکی لەو چەشنەدا بەرامبەرەکەمان بە جۆریکیتر لە پەیامەکە تێناگات. واتە وا تێناگات کە ئێمە مەبەستمان ئەوە بووە کە هێزی بازوی هەڵسەنگێنین. خوێنەر بە شێوەی سروشتیانە هەرگیز ئەو لایەنە لە ماناکە هەڵنابژێرێت. بە پێی گریمانەی " استنباگی" گرایس ئەو بەشە لە خوێنەران کە بە شێوەی نالۆژیکی پەیامەکە وەردەگرن ، ناسروشتیانە لەئاست زماندا هەڵسوکەوت دەکەن.*

*پەراوێز * باسکردن لە جیاوازی نێوان " توانین " و " گونجان " کێشەکە چارەسەر ناکات ، چوونکە کاتێ دەڵێین " ببورە دەکرێ ئەو خوێدانەم پێ بدەی." تەواو لەوە دڵنیاین کە " دەگونجێ " ئەم کارە بکرێت و پرسیاری ئێمە لە بابەت گونجانەوە جگە لەوە کە بە رێزدارانە بزانرێ مانایەکی تر هەڵناگرێت.*

هۆیەکی تری هەڵبژاردنی دەربڕینی ناراستەوخۆ بۆ کاریگەری هەمەچەشنی ئەدەبی و شێوازی داڕشتن دەگەڕێتەوە. کەڵك وەرگرتن لە زمانی هێما و بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی هێماگەری و رەمزی پێویستی بە بەکارهێنانی زمانی ناراستەوخۆ هەیە. کەڵك وەرگرتن لە هونەرەکانی ئەدەب بۆ نموونە لێکچوون ، خوازە و رەگەزدۆزی و سەرئەنجام گەمە جۆربەجۆرەکانی زمان نموونەیەکن لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ کە بە مەبەستی کارتێکەری هەمەلایەنە کەڵکیان لێ وەر دەگیرێت.

خالێ سەرنجڕاکێش و لە راستیدا خاڵی سەرەکی لە گریمانەی گرایس دا ئەوەیە کە گوێگر یان خوێنەر بەردەوام ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە مانای نوێ بۆ ئەو بابەتانە دابتاشێت کە بە رواڵەت نابەجێن و لەراستیدا بەهەمان رێگادا بڕوات کەویستی بێژەر یان نوسەر بووە. بۆ نموونە کاتێك دایکیك بۆ ئەوەی مناڵەکەی لە کارێکی خراپ بگێڕێتەوە پێی دەلێت " ئەگەر ئەو شتە هەلگری دەتکوژم " مەحاڵە مناڵەکە پێی وا بێت کە دایکی بەراستی دەیەوێ بیکوژێت . میکانیزمی شیکردنەوەی مانا و مانادۆزی تەنیا تایبەت بە زمانی دیالوگ و

گفتوگۆ نیە. لە ئەدەبیشدا کەڵکی زۆر لەم دیاردەیە وەردەگیرێت . بۆ نموونە کاتێ حافێز دەلێت : " بیا تا گل بر افشانیم و می در ساغر اندازیم / فلك را سقف بشکافیم و گرحی نو در اندازیم " هیچ خوێنەرێك بە لایەوە سەیر نیە کە چۆن دەکرێت قلشت بخرێتە ئاسمانەی گەردوونەوە ! ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە و مامەڵەکردن لەگەل دەقدا یەکسەر مانای راستەوخۆی ئاسمان قلیشاندن لە مێشکی خۆی دوور دەخاتەوە و لە ئاکامدا ماناکەی واتە پرنسیپ و پلانێکی نوێ بۆ دارشتنی زەینی هەلٚ دەبژێرێ . بە داخەوە هێندێ لە نوسەران و ئەدیتۆرەکان ناتوانن لەم تواناییانەی زمان تێبگەن و لە ئاکامدا لە روانگەی ئەوانەوە بەشێکی زۆری رستەکان ناتەواون و بە جۆرێك دەسکارییان دەکەن کە وتە زۆر جار لە فۆرمی ئاسایی خۆی دەردەچێت و مل بۆ دارشتنێکی سروشتی نادات. ئەم جۆرە دەسکاری کردنە لە زماندا لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی بە رواڵەت " لۆژیك"یانە و لە راستیدا نالۆژیکیانەی زمان دا روو دەدات.

# پەیوەندی و یەکانگیربوون

بۆ ئەوە کە دەق ( نووسرا و زارەکی) بتوانێت زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر دابنێت، دەبێ خاوەن دوو تایبەتمەندی پەیوەندی و یەکانگیربوون بێت. پەیوەندی (cohesion) یان یەککگرتوویی لە زماندا ، بریتییە لە پەیوەندی نێوان بەش و توخمە نێوخۆییەکانی دەق و کاری بە سەر پاشخان و پێش گریمانە و بنەمای هاوکارییەوە نیە. پەیوەندی کاری بە سەر هەڵسوکەوت و هاوکاریکردنی خوێنەر لە تەك دەقدا نیە ، بەڵکوو دیاردەیەکی رێزمانییە . پەیوەندی کراوە بە سێ بەشەوە : پەیوەندی رێزمانی ، پەیوەندی



www.pertwk.com

نێوان واژەکان ، و پەیوەندی نێوان رستەکان " لێکدران" ( هالیدی وحسن/1976) .

پەیوەندی رێزمانی بریتییە لە رێکەوتنێك کە بە یارمەتی توخمە رێزمانییەکان پێك دێت. رستەی " مێزەکەم کڕی و مێزەکەم بردەوە بۆ مالەوە " ئەگەرچی لە باری مانایی و لۆژیکییەوە رستەیەکی تەواوە ، بەڵام لە باری رێزمانییەوە رێك نەخراوە . رێکەوتنی رێزمانیانەی دەق وا حوکم دەکات کە " مێز " ی دووەم لابچێ و لە جیاتی ئەوە جێناوی " ئەو " دابنرێت.

پەیوەندی واژەیی ( پەیوەندی نێوان واژەکان) لە رێگای ئامادە بوونی وشە لێکچوو و پەیوەندیدارەکانی نێو دەقەکەوە دروست دەبێت. بابەتی هەر وتە یان نووسینێك دەبێتە هۆی دابین کردنی ئەم پەیوەندییە. بێژەرێك کە باس لە کەشوهەوا دەکات ، ناچارە لە وشەی وەك هەوا ، هەوای گەرم ، هەوای سارد ، پلە ، تەڕایی ،"جەبهە" ، هەوری ، نیوە هەوری ، سامالٚ ، فێنك ، باراناوی ، پەرش و بلاٚوی و هتد کەڵك وەربگرێ . ئامادەبوونی ئەم وشانە لە نێو دەقدا یەککگرتوویيەك دروست دەکات وخوێنەر دەباتە نێو دونیایەکی پرلە زانیاری تایبەتەوە .

پەیوەندی نێوان رستەکان / بریتییە لەیەککگرتوویيەك کە دەبێت لە نێوان رستەکاندا پێك بێت. لە هەر زمانێکدا کۆمەلێك وشە و دەستەواژە هەن کە رۆڵیان بریتییە لە گواستنەوەی خوێنەر لە رستەیەکەوە بۆ رستەیەکی تر . ئەم وشە و دەستەواژانە بە گشتی لەو پیت و زەرفە لێکدەرانە پێك دێن کە بە تەنیایی مانا نادەن بەدەستەوە ، بەڵام رۆلێکی گرینگیان لە مانابەخشین بە رستەکان هەیە. وشە و دەستەواژەی وەك ، بەڵام ، ئەگەرچی ، سەرباری ئەمانە، بەواتایەکیتر ، بە کورتی ، لەکوتاییدا ، لە پەیوەندی لە گەلٚ ، شایانی باسە ، لە ئاکامدا و هتد بەشێك لەم بابەتەن .

بە داخەوە هێندێك لە نوسەر و وەرگێڕ و ئەدیتۆرەکان تێناگەن کە ئەم دەستە واژانە چ دەور و گرنگییەکیان هەیە و جاری وایە ئەوانە بە تێکدەر ناو دەبەن . ئەم دەستەواژانە رۆلێکی هەستیارتریان هەیە . ژمارەیەکی بەرچاو لە

وەرگێڕاەکان بۆ ئەم جۆرە وشانە لە زمانە بێگانەکاندا تەنیا یەك مانا لە مێشکیاندا شك دەبەن و کاتێ کە لە دەقێکی بێگانەدا تووشی ئەم وشانە دەبن بە شێوەیەکی میکانیکیانە هەر ئەو یەك وشە لە وەرگێڕانەکانیاندا بەکار دێنن ، بێ ئەوە کە بیر لەوە بکەنەوە کە ڕەنگە ئەم وشەیە نەتوانێت شوێنی ڕستەیەك لە هەمبەر ڕستەی پێش خۆیەوە دیاری بکات و وادەکات تێگەیشتنی ڕستەکە بۆ خوێنەر دژوار بێت . ئەم دەستەواژانە جگە لەوەی کە مانای ورد و نزیکیان پێکەوە هەیە ، هێندێ جاریش لە جەرگەی وەرگێڕاندا مانای بنەڕەتی خۆیان لە زمانە بنەڕەتییەکەدا لە دەست دەدەن . کەواتە پێویستە وەرگێڕ هاوواتایەك بۆ ئەو وشانە هەڵبژێرێت کە لە گەڵ دۆخی ڕستەکان لە زمانی دووەمدا بگونجێت . ( رینەر و پۆلاچك / 1989/ل89) لەو بڕوایەدان کە بایەخ نەدان بە دەستە واژە لێکدەرەکان یان بەکارهێنانی نابەجێیان کاریگەریکی زۆر لە سەر خێرایی تێگەیشتن دادەنێت .

یەکانگیربوون( coherence) یان یەکگرتنی ڕەوانبێژییانە بریتییە لە پەیوەندییەك لە نێوان بەشەکانی دەق کە لە سەر بنەمای چەندین هۆکار لە دەرەوەی دەقدا دروست دەبێت .پێش گریمانە ، پاشخان و بە گشتی بنەمای هاوکاری ئەم فاکتەرانەی لە خۆ گرتووە . دەقێك کە زانیارییە ڕاگەینراوەکانی لە ڕادەی پێویستدا نەبێ لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان بەشەکانی ناتەواوە . دەقێکی لەو جۆرە پێش گریمانە ، پاشخان و بنەماکانی هاوکاریکردنی لە پەیوەندیگرتندا پێشێل کردووە. ئەم جۆرە دەقە یەکانگیری تێدا نیە . یەکانگیربوون لە ڕاستیدا بریتییە لە ڕێککەوتنێکی ڕەوانبێژییانە لە نێوان بەرێکەر و وەرگری پەیامەکەدا. جۆری تێگەیشتنی نوسەر لە پاشخانی بەرامبەرەکانی وای لێدەکات کە پێش گریمانەکانی خۆی بە تەواو(کامڵ) بزانێت و هەر ئەم پێش گریمانانە دەبنە هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی پێکهاتەی دەقەکە. ئەوەی کە دەبێت لە بنەڕەتدا چ شتگەلێك بوترێن ، یان نەوترێن زیاتر پێویستییەکی ئاخاوتەییە نەوەك پێویستییەکی زمانی . بەشێکی زۆری ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی گوتار هەر ئەم





پەیوەندییەیە کە دەتوانین بە پێکهاتنی هاوسەنگییەکی باش لە نێوان کورتبێژی و زۆر بێژی دابینێین .

دەقێك کە هاوسەنگییەکی لەو چەشنەی نەبێت ، ئەگەرچی ڕستەکانی تەواو بن ناتوانین پێی بلێین دەق . ئەنکویست /1978/ لە پێناو سەلماندنی ئەو ڕاستییەدا کە هەر وتەیەك سەر باری ئەوەی کە لە باری ڕێزمانییەوە تەواو بێت ناتوانێت دەق بێت ، ئەم ڕستانەی خوارەوەی بە نموونە دێنێتەوە :

A week has seven days . every day I feed my cat  Cats – have four legs. The cat is on the mat .Mat has three letters.

واتە حەتوو حەوت ڕۆژە . من هەموو ڕۆژێك خواردن دەدەم بە پشیلەکەم . پشیلە چوار پێی هەیە. پشیلە لە سەر mat دانیشتووە . mat سێ پیتی هەیە: (M A T)

یەکانگیربوون یان یەکگرتنی ڕەوانبێژییانە دیاردەیەکی کەلتوورییە و لە کەلتوورە جۆر بە جۆرەکاندا جیاوازە. دەق سەبارەت بە خوێنەری خۆیَ دەنووسرێت و ئەگەر بێت و سەبارەت بەو کەسانە بنووسرێت کە لە ڕاستیدا خوێنەری دەقەکە نەبن ، ئەوا تێی ناگەن . ڕوون و ئاشکرایە کە یەکێك لە بابەتەکانی وەرگێڕان هەر ئەم یەکگرتووییەیە لە ڕەوانبێژیدا.

# پاژی دووەم
# دەق و کەلتوور

## جیاوازی نێوان پێکهاتەی دەق لە کەلتوورەجیاوازەکاندا

به پێی ئەو چوار بنەمای هاوکارییە کە پۆل گرایس دایناوە ، دەق ( زارەکی ، یان نووسراو) دەبێ پەیڕەوی ئەو چوار بنەمایانە (واتە چەندایەتی ، چۆنایەتی، پەیوەندیگرتن و شێوەی ڕاگەیاندن) بێت. بە پێچەوانەوە کۆمەلێك وشە و رستەی شپرزە دێنە کایەوە . بە بڕوای گرایس دوو لایەنی پەیوەندی گرتن واتە بەڕێکەر و وەرگر بەردەوام دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن تا پەیوەندی دابمەزرێت. هاوکاری نەکردنی هەرکام لەو دوو لایەنە دەبێتە هۆی نەزۆك کردنی پەیوەندییەکە . لە راستیدا خوێنەر یان گوێگر لەهەر ساتە وەختێکدا  لە گەڵ دەق یان وتەدا لە کاردانەوەی بەرامبەردان و دەبێت هەردوولا یەکتر رازی بکەن . ئەگەر بێت و نوسەر یان بێژەر ڕێوشوێنەکانی پەیامگەیاندن پێشێل بکات ، و یان گوێگر بە ئەنقەست و بە هۆی ناتەواوی لە ئەندامەکانی وەرگرتندا پەیامەکە وەرنەگرێت ، ئەوا پەیوەندی دروست نابێ و



www.pertwk.com

بە واتایەکی هونەریانەتر گوتار گەشە ناکات. دامەزراندنی پەیوەندی بەستراوەتەوە بە رەچاو کردنی  ئەو چوار مەرجەی سەرەوە .

بە پێی بنەمای یەکەم ، واتە چەندایەتی ، دەبێت لە قسە و نووسیندا سنوورێك بۆ خۆمان دابنێین . ئەگەر بێت و زۆر بێژی یان کەم بێژی بکەین ئەوا ئەم بنەمایەمان پێشێل کردووە. بەڵام چ هۆکارێك دەبێتە هۆی دیاریکردنی رادەی زۆر بێژی یان کەم بێژی ؟ یەکیك لە هۆکارە گرینگەکانی دیاری کردنی ئەم رادەیە بریتیە لە ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر یان گوێگر . لێرەدایە کە لە نێوان دەسراگەیشتن بە دەقێك کە بنەمای چەندایەتی تێدا رەچاو کراوە و وەرگێڕانێکی دەسپاکدا جیاوازی سەرهەڵ دەدات. دەقی وەرگێڕدراو  لە بنەڕەت ( زمانی بنەڕەت)دا بۆ ئەو کەسانە نووسراوە کە تایبەتمەندییەکانیان  لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی کەسانی نێو زمانی مەبەستدا بە تەواوی یەکناگرێتەوە. ئێمە بە زەحمەت دەتوانین وەرگێڕاوی فارسی ( گرف خانە  سوان) بخوێنینەوە . بەڵام کێ دەڵێت کە پرۆست لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا بیری لە خوێنەری ئێرانی کردوەتەوە . وەرگێڕان بەردەوام رووبەرووی ئەم  داخراوییە دەبێتەوە و هەروا دەمێننەوە .

---

وتارێك کە لە ئەورووپا و ئەمریکادا دەربارەی دوایین دەسکەوتە جێنێتیکیەکان بڵاو دەبێتەوە ، ئێمە ناتوانێن بە ئاسانی وەریگێرینە سەر زمانی فارسی . بابەتێکی لەو چەشنە بێجگە لە گرفتە جۆراو جۆرەکان لەباری بەکار هێنانی چوار بنەمای پەیوەندیگرتنەوە کێشەی هەیە. لە بەشی دواییدا هەوڵم داوە بە هێنانی چەند نموونەیەك ئەم کێشانە دەست نیشان بکەم .

---

# گوتار و وەرگێڕان

یەکێك لە تابلۆکانی تایبەت بە هاتوچۆ لە قەراخ جادەکاندا ، تابلۆیەکە کە ئەم رستەیەی لەسەر نووسراوە : reduce speed. وەرگێڕاوی پوختی ئەم رستەیە بە فارسی بەم شێوەیە: " از سرعت خود بکاهید " ( واتە خێرایی خۆت کەم بکەرەوە) . هەر وەك دەبینین وشەی "خود" لەبنەڕەتدا لە نێو رستەکەدا نیە ، بەڵام لە رستە فارسییەکەدا پێویستە. بە واتایەکی‌تر رستەی " از سرعت بکاهید " ( واتە لەخێراییت کەم بکەرەوە) یان" سرعت را کم کنید " ( واتە خێرایی کەم بکەنەوە) بۆ فارسێك رستەیەکی پوخت نیە ، یان لانی کەم بەرادەی رستەی "از سرعت خود بکاهید " رستەیەکی سرۆشتی و پوخت و جێ کەوتو نیە. ئەمە نیشان دەدات کە لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا گوتار خاوەن پێکهاتەیەکی یەکسان نیە و جیاوازییەکەی لە بنەمای یەکەمدا – واتە بنەمای چەندایەتی-- دا دەردەخات. ئەم بابەتە بۆ دەستە واژەی ,, keep riyht,, " از سمت راست برانید "( واتە لە لای راستدا باژوون )یش هەر راستە. وادیارە کە زمانی فارسی بە بێ ئاماژە کردن بە کرداری " راندن" ( ئاژووتن) ناتوانێت مەبەستەکەن بگەیەنێ.

ئێستا باس لە نموونەیەکی‌تر دەکەین . چاو لەم رستەی خوارەوە بکەن ,, Every critic has(or should have) her or his own favorite critical joke.,,

ئەمە یەکەم رستەی بابەتێکە کە هارۆڵد بلووم لە ژێر سەردێری " Freud، kAshakespearean reading." نووسیویەتی کە وەرگێڕ بەم شێوەیە وەریگێڕابوو " هەر ژن یان پیاوێکی رەخنەگر ، نوکتەیەکی رەخنەگرانەی دڵخوازی بۆ خۆی هەیە-- یان پێویستە هەیبێت " شارەزایەك هاتبوو



www.pertwk.com

رستەکەی بەم جۆرە راست کردبووە " هەر ژن یان پیاوێکی رەخنەگر ، نوکتەیەکی رەخنەگرانەی بۆ خۆی هەیە ، یان پێویستە هەیبێت کە بە لایەوە پەسندە " سەرەتا باس لە رستەی وەرگێڕ دەکەین . باشترین رێگە بۆ شیکردنەوە و رەنگبێ بۆ چاککردنی رستەی سەرەوە ئەمەبێت کە ئەو رستەیە وەك رستەیەکی نووسراو چاو لێ بکەین ، نەوەك رستەیەکی وەرگێڕدراو . یەکەم شت کە بەر چاو دەکەوێت ئاماژە کردنە بە ژن بوون یان پیاو بوونی رەخنەگر کە لە زمانی فارسیدا بە شتێکی زیادی دادەنرێت . کاتێك چاو لە خودی رستە سەرەکییەکە دەکەین دەبینین کە نوسەریش جێناوەکانی( his و her)ی لە رستەکەدا هێناوە. لێرەدا خەمی وەرگێڕانێکی ورد و دەسپاك هانمان دەدات کە رستەی وەرگێڕ بە راست بزانین. بەڵام لە لایەکی ترەوە بوونی واژەکانی "ژن" و " پیاو" لە رستەدا لە گەڵ سروشتی زمانی فارسیدا ناگونجێت.

ئەگەرچی سروشتی زمان بە گشتی رێ نیشاندەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە راستی و ناراستی دارشتنی وتە ، بەڵام لێرەدا واز لەو باسە دێنین و ئەو پرسیارە لە روانگەیەکی زانستیانەوە راڤە دەکەین کە ئاخۆ لێرەدا پێویستە ئاماژە بە واژەکانی " ژن " و " پیاو" بکەین یان نا؟ دەزانین کە پێکهاتەی زمانی ئینگلیزی بە جۆرێکە کە ئەم دوو دیاردە ( واتە نێر و مێ)لەیەکتر جیا دەکاتەوە و ئەمەش کارێکی دڵخوازانە نیە ، بەلکوو ناچارە وا بکات . بەڵام زمانی فارسی ناچار نیە ، بەڵکوو بە ئاسانی دەتوانێت – بەبێ دیاری کردنی رەگەز-- کەڵك لە بڕیارێکی گشتی وەربگرێت کە لە راستیدا زمانی ئینگلیزی لێی بێ بەشە. کەواتە کاتێك لە زمانی فارسیدا دەڵێین " هەر رەخنەگرێك " مەبەستمان هەموو رەخنەگرێکی ژن و پیاوە ، و لە زەینی خوێنەری فارسدا هەر ئەم وتەزایە ( مقولە)ی تێدایە . هەر شتێك ، بۆ نموونە هەر" نوکتەیەکی رەخنەگرانە " کە دەدرێتە پاڵ هەر " رەخنە گرێك " هەم رەخنە گری ژن دەگرێتەوە و هەم رەخنەگری پیاو . دیارە لە هەر رستەیەکدا کە جەخت لە سەر ژن بوون یان پیاو بوون کرابێت پێویستە وەرگێڕیش ئەمە بگوازێتەوە .

یان راستەو خۆ ئاماژەی پێ بدات. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە هەنووکە رەوشەکە بەو چەشنە نیە و وەرگێڕ دەبێت ئەم رەوشە بناسێت . ئەوەی لێرەدا جێی باسە ئەو سەرئێشەیەیە کە لە راستیدا زمانی ئینگلیزی بۆ خۆی دروستی کردووە و شتە پێوەندیدارەکان بەم دوو رەگەزەی لە یەکتر جیا کردووەتەوە . کاتێك بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا دەڵێین : " نویسندە قلمش را برداشت " واتە "نوسەر قەڵەمەکەی هەڵ گرت " پێویست ناکات دەست نیشانی بکەین کە نوسەر ژنە یان پیاو . بەڵام زمانی ئینگلیزی ئەم ئازادییەی تێدا نیە و بە ناچار دەبێت بە ناو هەڵوێستی خۆی روون بکاتەوە کە ئاخۆ باسی ژن دەکات یان پیاو ، و سەرەنجام بڵێت Her Pen یان His Pen .

ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشە دروست ناکات و زمانی ئینگلیزیش تاکو ئێستا سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بەجیاکردنەوەی ئەم دوو رەوشە تووشی کێشە نەبووە ، بەڵام ئێستا هۆکاریکی نازمانی بوەتە هۆی ئەوە کە ئەم بەشە لە پێکهاتەی زمانی ئینگلیزیدا پاراوی و ئاسانی کار پێکردنەکەی لە دەست بدات و ئەم هۆکارەش شتێك نیە جیا لەو پاڵەپەستۆیە کە لە لایەن بزووتنەوەی رووله گەشەی( فیمینیزم)ەوە دەخرێتە سەری . ئەگەر بهاتباو ئەو رستەیەی سەرەوە پەنجا ساڵ لەوەپێش نووسرابا ، بێگومان تەنیا جێناوی his بەکار دەهێنرا. لە راستیدا ئەمە بەو مانایەیە کە نوسەر نایەوێت بە تایبەتی جەخت لە سەر ژن بوون بکات ، بەڵکوو تەنیا دەیەوێت ئەو یەکسانییە لە بەر چاو بگرێت کە لەلایەن بزووتنەوەی لایەنگری لە ژنان --- لێرەدا لقی زمانناسییەکەی-- ەوە داوادەکرێت. ئێستا کە زمانی فارسی بە هیچ شێوەیەك ئەم کێشەیەی نیە ، چی بکات باشە؟ مەسەلەکە روونە . زمانی فارسی بە هیچ شێوەیەك پێویستی بەوە نیە کە لە ئاست ئەم رەوشەدا هەڵوێست وەربگرێت . کەوابوو ئاماژە کردن بە ژن بوون یان پیاو بوون لەم رستەیەدا زیادەیە. ئەگەر بێت و بە پێی سێهەم بنەما لە بنەماکانی هاوکاریکردنی گرایس چاو لە زیادەبوونی ئەو دەستەواژەی سەرەوە بکەین ، ئەوا بابەتەکە بە تەواوی روون دەبێتەوە . ئەم بنەمایە ، بنەمای



www.pertwk.com

پەیوەنداربوون Relevance"ە ، بەو پێیە دەبێ شتێك بڵێین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییەکی بە پەیامەکەوە هەبێ. ئەوەی کە قسەیەکی راستمان کردبێت هەموو شتەکە نیە . زۆر قسەی راست هەن کە پەیوەندیان بە باسەکەوە نیە و لە ئاکامدا دەبنە هۆی شێواندنی پەیوەندییەکە . ئەم شیکاری و بەڵگە هێنانەوە وامان لێدەکات کە بڵێین رستەی " هەر رەخنەگرێك نوکتەیەکی رەخنەگرانەی دڵخوازی خۆی هەیە " لە گەڵ " Evry critic has her or her favorite jokیەك شتن . واتە پێویست بەوە ناکات کە واژەکانی " ژن " و " پیاو" بخرێنە ناو رستەکەوە ، چوونکە لە راستیدا ئەم دوو چەمکە لە دەستەواژەی " هەر رەخنە گرێك " دا هەن .

ئێستا دێینە سەر باسی بەشێکی تری رستەکە واتە وشەی "Favorite". وەك بنینتان هەڵەچنەکە وشەی دڵخوازی لابردووە و لە جیاتی ئەوە دەستە واژەی "کە پەسندی دەکات " ی داناوە و رستەکەی بەم شێوەیە لێکردووە : " هەر ژن یا پیاوێکی رەخنەگر نوکتەیەکی رەخنەگرانەی بۆ خۆی هەیە – یان پێویستە هەیبێت کە پەسەندی دەکات . " روون و ئاشکرایە کە پێکهاتەی ئەم رستەیە لە باری نێوەرۆکەوە سست و نارێکە . جگە لە دەستەواژەی نەگونجاوی "ژن یان پیاو" ئەو بەشەی رستەکە کە بەهۆی خەتی مەوداوە لەیەکتر جیا کراوەتەوە ، رستەکەی نالەبارتر کردوە . لەوەش خراپتر ئەو بەشەیە کە پێی زیاد کراوە ، واتە دەستە واژەی " کە پەسەندی دەکات ". لە پێکهاتەی سروشتی زەینی مرۆڤدا رستەیەکی لەو چەشنە دروست نابێ . ئەم رستە نە بە وتن خۆشە و نە بە نووسین . ئێمە کارمان بە لایەنی ئاخاوتنیەوە نیە ، بەڵام لەباری رێکی و هەموار بوونی نووسینەکەوە کێشەی هەیە . توخمەکانی رستەکە لە جێی خویاندا نین و هەر بۆیە جەخت لەسەر هێندیك لە توخمەکان کراوەتەوە کە نەدەبوا وابێت . دیارە هەمووی ئەمانە لە تێگەیشتنیکی هەڵە و میکانیکیانە لە وەرگێڕانی " ورد " و " دەسپاك " ەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێت لە جیاتی هەر توخمێك لە زمانی بنەرەتدا لە زمانی مەبەستدا توخمێك دابنرێت . ئەم قسەیە لە بنچینەدا راستە بەڵام دەبێت

لە پەیرەوّ کردنایدا وردبین بین. هەروەك چۆن مانای " ژن " یان " پیاو" بەبێ نووسینی وشەکە لە نێو زماندا هەیە ، و لەوانەیە تەنانەت نووسینی ببێتە هۆی شێواندنی پێوەندییەکەش ، ( هەر بەو جۆرەش )دانانی وشەی Favorite لە شوینێکی نەگونجاوی رستە وەرگێڕاوەکەدا رەنگە مانایەك ، یان لانی کەم جەختێکی نابەجێی پێببەخشێت. دەبێت بزانین لێرەدا چی بکەین باشە؟

ئەم رستەی خوارەوە رەنگە وەرگێڕاوێکی باش بێت : " هەر رەخنەگرێك نوکتەیەکی رەخنە گرانەی دڵخوازی بۆ خۆی هەیە ، یان دەبێ هەیبێت " ئەمە رستەیەکی باشە و دەتوانێت بە هاوتای رستە سەرەکییەکە دابنرێت لە زمانە بنەڕەتییەکەدا . دیارە ئەگەر بمانەوێت بە راستی لە ناخی دڵی فارسێکەوە قسە بکەین دەبێ بڵێین کە پێوەلکانی دوو ئاوەڵناوی " رەخنەگرانە " و " دڵخواز " لەسەر وشەی " نوکتە " کەمێك قورسایی دەکات ، هەر بۆیە پێمان خۆشە رستەکە بەمجۆرە بگۆڕین : " هەر رەخنەگرێك ، نوکتەیەکی رەخنەگرانەی بۆ خۆی هەیە --- یان دەبی بیبێت ". بەڵام مادام نوسەر وشەی Favoriteی بە کار هێناوە ، چار نیە و ئێمەش دەبێ لە رستەکەی خۆماندا بیهێنین و هەر واش دەکەین .

بەڵام کاتێك چاو لە وەرگێڕانی رستەی دووەمی ئەم دەقە دەکەین بیرێکی تازە بە مێشکماندا دێت . رستەی دووەمی دەقەکە ئەمەیە: " Mine is to compare "Freudian literary criticism " to the Holy Roman "Empire.

وەرگێڕانی وشە بە وشەی ئەو رستەیەی سەرەوە شتێکی وەك ئەم رستەیەی لێ دەردەچێ " هی من بریتیە لە بەراورد کردنی رەخنەی ئەدەبی فرۆیدی لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمادا " ئەو بیرە تازە ئەمەیە کە " ئاخۆ دەتوانین وشەی Favoriteکە بە زەحمەت لە نێو رستەی سەرەوەدا دەگونجێت بگوێزینەوە بۆ نێو ئەم رستەیە؟ تاقی دەکەینەوە : بۆ ئەم کارە پێویستە هەر دوو رستەکە پێکەوە و لە تەنێشت یەکدا لێك بدەینەوە. بەم بیرە تازەوە



www.pertwk.com

رستەکان دەگۆڕین و ئاکامەکەی هەڵدەسەنگێنین: -- هەر رەخنەگرێك نوکتەیەکی رەخنەگرانەی بۆ خۆی هەیە . نوکتەی دڵخوازی من ئەوەیە کە "رەخنەی ئەدەبی فرۆیدی" لەگەل ئیمپراتۆریەتی رۆمادا بەراورد بکەم . بەراستی " دەق" یکی باشی لێ دەرچوو. هەم پاراوە و هەم دسپاکە . لە رستەی یەکەمدا دەستە واژەی " بۆخۆی " تا رادەیەك مانای Favoriteی لە خۆی گرتووە. و لە راستیدا سەرەتایەکە بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکات تا لە وشەی " دڵخواز"ی رستەی دوایی تێ بگات. کاتێ وشەی " دڵخواز" لە رستەی دواییدا دائەنێین ، هەست ئەکەین کە ئەو شوێنە جێگای راستەقینەی خۆیەتی . لە لایەکی ترەوە لە روانگەی زمانناسی گوتارەوە ئەم ئاڵوگۆڕکردنە شێواز یان نێوەرۆکی دەقەکەی خەوشدار نەکردووە. پێدەچێ وەرگێڕی بە ئەزموون بە پێی ئەزموونی خۆی ئەم کارە بکات ، وەرگێڕی زمانزانیش لە رووی زانایی خۆیەوە ئەم کارە دەکات . بەڵام وەرگێڕی ناشارەزا – کە وردبین و دەسپاکیشە – ناتوانێ ئەم کارە بکات.*

پەراوێز/ * ئەم بابەتە ئەوە دەسەلمێنێت کە باسە نوێیەکانی لەمەڕ گوتار تا رادەییەکی زۆر بنەمای ئەو حوکمە لەرزۆك دەکەن کە وەرگێڕان لە چوارچێوەی رستەدا پێناسە دەکات و نیشان دەدات وەرگێڕ هێندێ جار ناچارە پانتاییەکی زیاتر لە رستە بگریتەوە

بۆ نیشاندانی جیاوازی لە بنەمای چەندایەتی دا --- کە بە دەربرینێکی تر دەتوانین بڵێین هەمان کەم و زیاد کردنە لە رەوتی وەرگێڕاندا ، نموونەیەك لە زمانی سیسالایی ( یەکیك لە زمانە ئەفریقییەکان )دێنینەوە . کاتێك لە باری پێشینەی کەلتووری دوو زمان جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا بێت ، ئەوا دەسکاری کردن بە پێویست دەزانرێت. بە واتایەکیتر وەرگێڕان بە بێ کەڵك وەرگرتن لەم میکانیزمە ناتوانێت مانا بەخش بێت. 1) He went to a McDonald,s. the quarter pounder sounded good and he ordered it.،زۆر زەحمەتە و بە گشتی مەحاڵە خەڵکی بۆرکینافاسۆ لەم رستەیە تێ بگات . ئەگەر بمانەوێ ئەو رستەیە بۆ سەر زمانی سیسالایی –

زمانی بەشێك لە خەڵكی بۆركینافاسۆ – وەربگێڕینەوە ، دەبێت بەم شێوەی خوارەوەی لێ بكەین :

(1a) He went to a place where food is cooked and sold . It is called McDonalds. There he saw the ground meat which was formed into patties fried and put into something baked with flour…

هەروەك دەبینین ئەگەر بمانەوێ خواردنێكی ئاسایی وەك هەمبەرگری مەكدۆنالد بە بۆركینافاسۆیەكی لادیی بناسێنین ، ئەوا دەبێت وشەی زۆرتر بە دەقەكە زیاد بكەین ، تا ئەو بە باشی ئەم خواردنە بناسێت. ئێستا ئەم رستەی خوارەوە لێك دەدەینەوە:

(2) The river had been dry for a long time . Evreybody the funeral.

مانای زارەكی ئەم رستەیە كە لە زمانی بۆركینافاسۆییەوە هاتوەتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە بەم جۆرەیە: " زۆر دەمێك بوو چۆمەكە وشك ببوو ، خەڵك لە ڕێورەسمی ئەسپەردە كردنایدا بەشداریان كرد ."

تێگەیشتن لەم رستەیە بۆ كەسێكی ئەمریكی ، بەریتانی و ئێرانی و زۆر نەتەوەی دیكە زۆر دژوارە . وەرگێڕانی دروستی ئەم رستەیە لە زمانی بوركینافاسۆ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی یان فارسی پێویستە بەم شێوەیە بێت:

(2)The river had been dry for a long time. If a river heas been dry for a long time then a river spirit has died.If somebody has died there is a funeral . Everybody attended the funeral.

كەسێك كە خەڵكی بۆركینافاسۆ نەبێت بە زەحمەت ئەتوانێت لەم رستەیە تێبگات : بەشداری كردن لە ڕێورەسمی بە خاك ئەسپاردنی تەرمی چۆمی وشك بوودا. هەر بۆیە پێویستی بە روونكردنەوە هەیە.(بلاس1990، ل86)

بۆ ئەوەی پەیوەندی دابمەزرێت پێویستە باقی بنەماكانی‌تری پەیوەندی‌گرتن پەیڕەو بكرێن. بۆ نموونە بە پێی بنەمای چۆنایەتی دەبێت قسە یان نووسراوە جێی بڕوا بێت. دیارە سیفەتی " بڕواپێكراوی" سیفەتێكی ڕێژەییە و پێوەندی بە پێكهاتەوە هەیە. گەر وابێ لە هەر چوارچێوەیەكدا قسەبكەین لەوانەیە هێندی لە شتەكانی هەرجیێ بڕوا نەبن. لەو شوێنانەدا كە



www.pertwk.com

وا دەردەكەوێ قسە جێی بڕوا نیە پەیوەندییەكە زیانی پێ دەگات . بۆ نموونە ئەو كەسانە كە ئەزموونی وتنەوەی ئەدەبی ئینگلیزییان لە ولاتانی‌دەرەوەی ئەورووپا و بە تایبەت لە سعوودییەدا هەیە ، بە گشتی ئاماژەیان بە كێشەیەك كردووە كە لە نێو غەزەلەكانی شكسپیردا هەیە . كێشەكە پەیوەندی بەم دێڕە شێعرەی خوارەوە هەیە:

Shall I compaer three to a summer s day،

خەڵكی گەرمێن و بە تایبەت عەرەبەكان ئەستەمە لەم دێرە شێعرە تێ بگەن. شەكسپیر لەم دێرەدا خوشەویستەكەی بە ڕۆژێكی هاوینی دەشوبهێنێ ، كە ئەمە بۆ ئەو بەریتانیانەی لە شوێنێكی سارد و هەمیشە باراناویدا ژیاون دیاردەیەكی دەگمەن و دڵڕفێنە. بەڵام ئەو عەرەبەی بێزوو بە تەڕایی و سێبەرەوە دەكات لێی تێناگات. هەروەك دیارە لێرەدا بنەمای چۆنایەتی لە هەمبەر عەرەبدا پێشێل كراوە . بێگومان شەكسپیر لە كاتی وتنی ئەم غەزەلەدا بیری لە عەرەب نەكردووەتەوە و لە ئاكامدا نە تەنیا غەزەلەكە تەواوە ، بەڵكوو لە لوتكەی ڕەوانبێژیدایە . هۆی ئەوە كە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەم غەزەلە و عەرەبەكەدا دروست نابێت ، ئەوەیە كە گوتارەكان لە نێو كەلتوورە جیاوازەكاندا جیاوازن . ئەمە ئەو كێشەیە كە وەرگێڕان بە بەردەوامی لە ئاستی جۆراوجۆردا بەرەوروی بوەتەوە.

سێهەم بنەما لە پەیوەندیی گرتنێكی سالم و بنیادنانی دەقدا بریتیە لە بنەمای پەیوەندیدار بوون یان(ژی‌مدخل)بوون. وتە و نووسراوەكانمان نەتەنیا دەبێ راست و بە رادەی پێویست جێبڕوا بن ، بەڵكوو دەبێت پەیوەندییان بەو كێشەوە هەبێ كە باسی لێوە دەكرێ. بۆ نموونە ئەگەر كەسێك لێمان بپرسێت " ببورە كاتژمێر چەندە؟ " و ئێمە لە وەڵامدا بلێین " دوێنێ شەو باران باری " ئەوا قسەیكمان كردووە كە نەلە رووی ئەندازە ( بنەمای چەندایەتی)یەوە كیشەیەكی هەیە و نە لەباری راستی و بڕوا پێكراوییەوە ( بنەمای چۆنایەتی) ، بەڵام عەیبی هەرە گەورەی ئەوەیە كە پەیوەندی بە بابەتەكەوە نیە. ئەم بنەمایە رۆڵێكی گرینگی لە دامەزراندنی پەیوەندی و پێكهاتنی دەقدا هەیە .

له پەروەردەی رۆژئاواییدا گرینگییەکی زۆر بەم بابەتە دەدرێت. ئەوان بۆیان گرینگە کە لە وتە و نووسینەکانیاندا شتێك کە پێویست نەبێ نەینووسن و نەیڵێن .هەڵبەت لەم بوارەشدا هەروەك لایەنەکانیتری مەسەلەی ململانێی گوتارەکان لە ئارادایە. بە واتایەکی تر باسکردنی بابەتێك لە شوێنێکدا -- واتە لە کەلتوورێکدا -- پێویستە و لە شوێن و جێگایەکی تردا نە تەنیا بە پێویست نازانرێت ، بەڵکوو بە شتێکی زیاد و سەیر و سەمەرە دێتە بەرچاو. بۆ نموونە لە هێندێ لە گوند و شارۆچکەکانی ئێراندا کاتێ باس لە گوێدرێژ و رەشە وڵاخەکانیان دەکەن ، بە بەرامبەرەکە دەڵێن حاشا حازری " . بۆ نموونە دەلێن " حاشا حازری دوێ شەو مانگاکەمان زاوە " . پەیامی سەرەکی ئەم رستەیە " زاینی مانگایە" نەوەك شتێکی تر . بەڵام بێژەر قەیدی " دوور لە رووی جەنابت "ی لێ زیاد کردووە . چوونکە بە کار هێنانی وشەی " گوێدرێژ " یان " مانگا " لە بەردەم گوێگردا ، بە تایبەت ئەگەر غەریب بێت ، بە سوکایەتی دەزانێت و تێ ئەکۆشێت بە زیاد کردنی ئەم زەرفە کەشوهەوای ئاخاوتنەکە رێزدار بکات . لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە نموونەیەکی تر بکەین. لە هێندی لە شارۆچکەکانی ئێراندا کاتێ باس لە شتێکی پیس یان قیزەون وەك میز و پیسایی دەکەن ، بێگومان بۆ ئەوە کە گوێگرقیزی نەشێوێتەوە زەرفی " گوڵاو لە رووتان " بە رستەکە زیاد دەکەن . بۆ نموونە دەلێن " دوێنێ شەو جەواد زۆر نەخۆش بوو، گوڵاو بێ لە رووتان ، رشایەوە ".

وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەستە واژانە . هەمیشە کێشەی لە گەڵدایە چوونکە خەڵکی سەر بە کەلتوورەکانی تر یان بە زەحمەت لەم شتانە تێ دەگەن ، یان لە هێندی بواردا هەر تێی ناگەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە روانگەی خوێنەری سەر بە کەلتوورێکی ترەوە لێ زیاد کردنی ئەمە بە زیاد و لە راستیدا نابەجێ دادەنێ . هەر بۆیە ناتوانێت لێی تێ بگات . " پەیوەنددار بوون " یەکێك لە بنەما گرینگەکانی پەیوەندی گرتنە و کۆڵەکەی پێکهاتنی دەقە و پێشێل کردنی دەبێتە هۆی ناتەواوی دەقەکە . ئەمەش



www.pertwk.com

کێشەیەکی تری وەرگێڕانە کە سەرباری بوونی چەندین رێگا چارە ، هێشتا بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و رەنگە هەر بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە . لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە بۆ خۆی هۆیەکیترە بۆ گۆڕانێکی بە ناچار لە وەرگێڕاندا . بۆ پەیرەو کردنی ئەو چوار بنەمایە کە بە سەر پەیوەندیدا زاڵن بە ناچار دەبێت لایەنی زمانی --رەوانبێژییەکە هاوسەنگ بکرێ . ئەمە لەبەر ئەوەیە کە گوتارەکان لە کولتووره جیاوازەکاندا بە پێی رادەی دووری و نزیکییان لە یەکتر جیاوازییان پێکەوە هەیە. داسەپاندنی پێکهاتەی گوتاری زمانێك بە سەر پێکهاتەی گوتاری زمانێکی دیکەدا نابێتە مایەی دروستبوونی دەق و شتێکیش کە نەبێتە دەق ، بە تەواوی لێی تێناگەین . ئەمە هەروەها هۆیەکە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە " نووسراوە " --- بە بێ لە بەر چاو گرتنی بە هێزی ، یان لاوازییەکەی --- لە بونیادی دەق نزیکترە تا وەرگێڕان .

لێرەدا دەگەینە دوایین بنەمای زاڵ بە سەر هاوکاریکردنی نێوان بەرێکەر و وەرگردا( پێکهاتنی دەق) ، واتە شێواز manner" . ئەم بنەمایەش یەکێك لە بنەما گرنگەکانی گەیاندنی پەیامە . بە پێی ئەم بنەمایە قسە دەبێ بە شێوازێکی تایبەت رێك بخرێت . بۆ روون بوونەوەی شێوازی کارکردنی چوارەم بنەمای پەیوەندیگرتن ، واتە شێوازی گەیاندنی پەیام ، چاو لەم چەند دەقەی خوارەوە بکەن:

1–من قەلەم جافێك ، رادیویەك ، قەڵەم سۆفتێك و تەلەفزیۆنێکم هەیە.

2–من رادێویەك ، تەلەفزیۆنێك ، قەڵەم سۆفتێك و قەڵەم جافێکم هەیە.

نوسەر ئەم دوو رستە و لە راستیدا ئەم دوو دەقەی بە پازدە کەس لە خوێندکارانی دا و داوای لێکردن رستەی هەڵبژێردراوی خۆیان رابگەینن. هەر پازدە کەسەکە تێکرا رستەی دووهەمیان بە باش زانی. ئەو دوو رستەی سەرەوە لە باری رادەی راگەیاندنی زانیارییەوە جیاوازییەکیان پێکەوە نیە . هەر دوو رستەکە بە قەد یەك زانیاریان تێدایە . لە باری راستی و بڕواپێکراوییەوە وەك یەکن . هیچ توخمێکی لابەلایش لەو دوو رستەدا بە دی ناکرێت. کەواتە تەنیا هۆی باشتر بوونی رستەی دووەم لە چاو رستەی

یەکەمدا ، دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای چوارەم ، واتە شێوازی گەیاندنی پەیام . کەواتە پێویستە ئەم بنەمایە لە پێکهاتنی دەقدا باڵادەست بێت. لە بەر ئەوی کە شێوازەکانی گەیاندنی پەیام لە کەلتوورە جۆر بە جۆرەکاندا جیاوازن ، ئەم بنەمایەش لە زمانەکاندا شێوەی تایبەت بەخۆوە دەگرێت. کاتی دوو کەلتوور ، دوو زمان ، یان دوو گوتار بەیەك دەگەن ، بە ناچار دەبێت شێوازەکانی پەیام گەیاندنیش وەك یەکیان لیّ بێت. مەگەر ئەوەکە داسەپاندنی پێکهاتەی زمانێك بەسەر زمانێکی تردا بە کارێکی ڕەوا بزانین ، کە دیارە ئەمە بۆ خۆی کێشە و گیروگرفتی بە دوادا دێت و سەرەنجام ئەو شتەی کە دەدرێت بە خوێنەر پێی ناوترێت دەق(واتە تێگەیشتنی مەحاڵە)و بۆ ئەوەی ببێتە دەق ( لێی تێبگەین ) پێویستی بە دەسکاریکردن هەیە و دەبێت لە رووی ڕەوانبێژییەوە ––– نەوەك لەباری زمانییەوە ––– پێیدا بچینەوە . بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە ، نموونەیەك دێنینەوە . سەرنج بدەنە ئەم پارچە نووسینە کە وێرای وەرگێڕدراوەکەی لە خوارەوە دێت:

## Horrors and High School Math

I will never forget my math teacher because I disliked most of then throughout my high school yarse. I remember my eleventh year math teacher vividly.She had a straight nose on which a pair of gold –rimmed glasses sat tightly at the end.Before each lesson began she compelled me، her worst student to erase long white columns from the chalkboards.Each day she gave pages of homework. I hated those assignments، so I just ignored them.In the end، of course، my reward was a *fifty* in red on my report card.Next ، my geometry teacher stands out in my mind. Although Miss Carpenter was twenty- five، she acted like an old witch of a hundred . She wore the same dingy green dress each





day. Sloppily، mousy brown hair hung in her eyes، and she scooped strands and curls off her forehead. Hervoice، highpitched would screech across the classroom and the hall." Julius،"I can still hear her squeak، her lips pinched in a little pink circle،" if you don،t know about diameters، I،ll have to fail you." But of allmy math teachers. I disliked most the one who taught me algebra. A tall، lanky man، this teacher had an angry temper that most of us from asking questions. Once a girl the row asked timidly، " Will" you explain that again please?" As Mr.Gilian،s face grew scarlet، he plunged his hands into his black pants pockets. "Try paying attention،" he barkled ، "and then you won،t have to bother me with ridiculous questions." From my past unpleasant experiences with math tachers I have grown to dislike them all automatically; is it any wonder that my math grades never rise above C،s and D،s?

- Julius passero

## وانەی بیرکاری ، وانەی ئەشکەنجە

هەرگیز مامۆستاکانی بیرکاریم لە یاد ناکەم . چونکە لە تەواوی سەردەمی خوێندنی دواناوەدیم دا رقم لە زۆریان دەبوویەوە . زۆر باش مامۆستای بیرکاری پۆلی پێنجەمم لە بیر ماوە ، ژنێکی لووت درێژ بوو کە چاویلکە بچووکە زێڕینەکەی بە توندی لە سەر لووتی قایم دەکرد . بەر لە دەسپێکردنی هەر بابەتێك خراپترین قوتابی پۆلەکە ، واتە منی ناچار دەکرد نووسراوەکانی سەر تەختەرەشەکە بسڕمەوە. هەموو رۆژێك چەندین لاپرە

مەشقی بە سەردا دەداین. من لەو مەشقانە بێزار بووم و هیچ بایەخم پێ نەدەدان. دیارە دواییش پاداشتەکەم دەرەجەیەکی پەنجای سوور بوو لە نێو بەرگەی تاقیکردنەوەکاندا . مامۆستای هەندەسەشم باش لە بیرماوە . خانمی کارپنتەر ، ئەگەرچی کچێکی تەمەن 25ساڵان بوو، بەڵام ئاکاری پیرەژنانە بوو. بەردەوام قاتە سەوزە کاڵ وبووەکەی لە بەر دەکرد . قژە ئاڵۆزکاوە قاوەیی و بۆرەکەی ئەرژایە نێو چاوانی ئەویش ئەو تاڵە لوول و تێك ئاڵاوانەی لەسەر تەوێڵی لادەدا. دەنگە زیقاوییەکەی گوێی کەڕ دەکرد و لە نێو پۆل و تەنانەت لە سالۆنی هاتۆچوودا دەنگی دەدایەوە . لێوە وشك هەڵاتووەکانی کۆ دەکردەوە و دەیگوت: " جولیوس ، ئەگەر فێری هێڵی یەکسانی ( قگر) نەبیت ، ناچارم ئەمساڵ نەهێڵم دەرچی ." بەڵام لە نێو مامۆستاکانی بیرکاریمدا لە هەموان زیاتر رقم لە مامۆستای جەبر دەبوویەوە. پیاویکی تووڕە و گرژومۆن بوو بە ناوی جیلیان کە کەس نەیدەوێرا پرسیاری لێ بکات.جارێك یەکیك لە کچەکان لە ریزی دواوە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە لێی پرسی " تکایە ئەکرێت جارێکی تر شی بکەنەوە ؟" جیلیان لێی سوور بوویەوە و دەستی خستە نێو گیرفانی پانتۆڵە رەشەکەی و وەکو سەگ هەڵی کوتایە سەری و وتی " هەوڵ بدە گوێەکانت بکیتەوە و جارێکی تر بەم پرسیارە قۆڕانە لە کاتم نەگری " .

ئەو ئەزموونە تاڵانە لە گەڵ مامۆستاکانی بیرکاریمدا بوەتە هۆی ئەوە کە لە خۆوە رقم لە تەواوی مامۆستاکانی بیرکاری بێت . کەواتە سەیر نیە ئەگەر قەت لە بیرکاریدا دەرەجەکانم لە ( ج ) و ( د) تیپەڕ نەبوون .

## جولیوس پاسرۆ

جگە لە چەند خاڵی ورد کە پێویستی گۆڕان لە وەرگێڕاندا نیشان دەدات ، دوو مەسەلەی گرنگ لە دەقی سەرەوەدا هەیە کە بەراشکاوی پێویستی گۆرانی گوتاری لە وەرگێڕاندا نیشان دەدات . خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لە سیستمی





گوتاری زمانی ئینگلیزیدا ، ئەگەر لە نێو دەقێکدا کەسێك بیەوێ قسە بکات – – بۆ نموونە لە شانۆ نامەکاندا کە بە گشتی بەشی زۆری دەقەکان دیالۆگن – – سەرەتا قسەکردنەکە دەنووسرێت ، پاشان ئاماژە بە حاڵەتی قسە کردنەکە دەکرێت. لە کاتێکدا لە زمانی فارسیدا راست پێچەوانەی ئەم شتەیە. هەروەك لەو نووسراوەی سەرەوەدا دەبینین ، ست کارپنتەر سەرەتا وشەی جولیوس دەڵێت و پاشان نوسەر ئاماژە دەکات بە حاڵەتی لێوی لە کاتی قسەکردندا. بەڵام هەروەك لەو پارچە نووسینەی سەرەوەدا بەر چاو دەکەوێت ، دەبێت ئەم وەسفکردنە بەر لە وتنی وشەی جولیوس بێت . ئەگەر وەرگێڕ هەست بە پێویستی ئەم گۆرانکارییە نەکات ، لە راستیدا گوتاری زمانی بنەڕەت بەسەر زمانی مەبەستدا دا سەپاندووە.

خاڵی دووەم پەیوەندی بەو بەشە لە دەقەکەوە هەیە کە تێیدا ناوی جیلیان دەردەکەوێت. هەروەك دیارە لە دەقە وەرگێڕاوەکەدا ناوی جیلیان دوو رستە پێشتر لە دەقە سەرەکییەکە دێت و ئەم جێگۆرکێیە نەتەنیا نیشانەی ناتەواوی ئەم وەرگێڕانە نیە ، بەڵکوو جێبەجێ نەکردنی و لە راستیدا رەچاو کردنی پێکهاتەی زمانی بنەرەت بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ زمانی فارسیدا ناگونجێت. وادیارە سیستمی گوتاریی زمانی فارسی بە جۆرێکە کە ناتوانێت وەسفی کەسێك بکات ، بە بێ ئەوەی پێشتر ئاماژەی بە ناوەکەی نەکردبێت . لە حالێکدا بەو شێوە کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا هاتووە ، سیفەتەکانی جیلیان ( واتە تووڕەیی و گرژ و مۆن بوونەکەی و ئەوەی کە کەس ناوێرێت پرسیاری لێ بکات) بەر لە ئاماژە کردن بە ناوەکەی باس دەکرێ . تەنانەت کاتێك یەکێك لە قوتابییەکان پرسیارێکی لێ دەکات ، خوێنەر هێشتا نازانێت ناوی چییە ئەمە لە زمانی ئینگلیزییەکەدا زۆر ئاساییە . جاریکی دیکە بەو ئاکامە دەگەین کە سیستمی رەوانبێژی زمانەکان پێکەوە هاوئاهەنگ نین و گۆڕانێکی لەو چەشنە نەوەك نابێتە هۆی نەپاراستنی ئەمانەت ، بەڵکوو ئەمە لە خۆیدا ئەمانەت پارێزییە.

نموونەیەکی گونجاوی دیکە بۆ نیشاندانی شێوەی نیشاندانی وتە و جیاوازیی لە زمانە جۆربەجۆرەکاندا ، شێوەی ناونیشان نووسینە لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا. ئینگلیزی زمانەکان بەم جۆرە ناونیشان دەنووسن :

U . S.A، mass.، boston،Paramount st.،18،j. Thomson

هەروەك دەبینین ئەوان ( ئینگلیزی زمانەکان ) لە بەشەوە بۆ گشت دێن . بە پێچەوانەوە ، ئێمە لە فارسیدا بەم جۆرە ناونیشان دەنووسین : رەشت ، شەقامی سەعدی ، کۆلانی قاییم ، ژمارەی 18 ، بەڕێز جەعفەر سادقی .

لە فارسیدا ناونیشان لە گشتەوە بۆ بەش دەنووسرێت . هۆی ئەوەی کە بۆچی ئەم دوو شێوە لەم دوو زمانەدا بۆتە باو ، روون نیە ، و تا ئەو جێگایەش کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە ، گرنگییەکی ئەو تۆی نیە . گرنگ جیاوازی نێوانیانە. کاتێك کە زمانی فارسی لەم بوارە بەرتەسکەدا بەرامبەر بە زمانی ئینگلیزی دەوەستێتەوە لە خۆوە کێشە سەر هەڵ دەدات . چی بکەین باشە ئەگەر بمانەوێ دەقێکی لەو چەشنە لە ئینگلیزییەوە وەربگێرینە سەر زمانی فارسی ؟ دەبی کامەیان هەڵبژێرین؟ دەبیٚ کام سیستمی گوتاری بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ بکەین؟ وەلاٚمی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نیە . رەنگە بڵێین هەر ئێستا بەشێکی بەر چاوی ئێرانییەکان لە کتێبە وەرگێڕدراوەکاندا ئەم جۆرە ناونیشانە کە بە شێوازی ئینگلیزی نووسراون و بە هیچ جۆرێك هەست بە ناخۆشی ناکەن. لە وەلاٚمدا دەبێت بڵێین کە یەکەم ، ژمارەیەکی بەرچاوی دیکە لە ئێرانییەکان بەو جۆرە نین ، و دووەم ئەو کۆمەڵە خەڵکەش بە زەحمەتێکی زۆر و پاش خۆ ماندوو کردنێکی زۆر لە گەڵیدا راهاتوون. لە راستیدا ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە . ئەوەی لەم پێوەندییەدا دەبیٚ باسی بکەین ئەوەیە کە رێگای رووبەرووبونەوە لە گەڵ ئەم کێشەیە لە سەردەمە جۆربە جۆرەکاندا جیاوازە . رەنگە رۆژێك بێتە پێش کە کەلتوورەکان و پاشانیش گوتارەکان بە رادەیەك لە یەکتر نزیك ببنەوە کە ئەم کێشە خۆبەخۆ



www.pertwk.com

بنەبڕ بکرێت. بەلاٚم تا ئەو کاتە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە کام رێگایە راستە .

لە رەوتی وەرگێڕاندا دوو هێز مل لە ملی یەك دەنێن و هەر یەکەیان تیٚ ئەکۆشیٚ ئەوی دیکە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە : جیهانی گوتاری و سیستمی پێکهاتەیی زمانی بێگانە دەیەوێت خۆی بخزێنێتە نێو جیهانی گوتاری و سیستمی پێکهاتەیی زمانی زکماکییەوە و زمانی زکماکیش بە هەموو توانایەوە خۆڕاگری دەکات . ئاکامی ئەم ململانێیە دەبێتە هۆی دیاری کردنی رەوشی زمانی وەرگێڕان کە بە واتایەك نە زمانی بنەڕەتە ، نەزمانی مەبەست ، لێرەدایە کە کۆمەلێك لە شارەزایانی وەرگێڕان ، زمانی وەرگێڕانی بە زمانی سێهەم ناوزەد دەکەن. ( داف 1981) ئەو کەسانە کە لە وەرگێڕانی فارسی بۆ ئینگلیزیدا ئەزموونێکیان هەیە و دەڵێن ئەگەر نموونەیەکی لەو چەشنە ببینن ( واتە وەرگێڕانی ناونیشان لە دەقی فارسییەوە بۆ ئینگلیزی ) ئەوا ئەو رەوشە هەڵ دەبژێرن کە لەگەڵ کەلتووری ئینگلیزی ( کەلتووری مەبەست)دا بگونجێت و شێوەی ریزکردنی گشت بۆ بەش –کە لە زمانی فارسیدا باوە –– – بۆ ئینگلیزی زمانەکان بە کار ناهێنن. لە راستیدا ئەوان دەقەکە بە چەشنێك رێك دەخەن کە لەگەڵ زمانی مەبەستدا بگونجێت . دەتوانین لە روانگەیەکی ترەوە چاو لەم کێشە بکەین . دەتوانین بڵێین کە کەلتووری پێشکەوتوو و لە راستیدا کەلتووری بەهێزترخاوەن گوتاریکی بە هێزترە و لە ململانێی کەلتووریدا بمانەویٚ و نەمانەویٚ ئەو کەلتوورە سەر دەکەوێت . رەنگە هەر ئەمە دروست بێت و بە کردەوەش هەر ئەم رەوتە پێش بکەوێت . بەلام ناتوانین خێراییەکەی لە رادە بەدەر زۆر بکەین ، چوونکە بەربەستێکی زۆر گرنگ و بە هێزی وەك پەیوەندی گرتن لە ئارادایە و پەیوەندی گرتن و شۆڕش ناچنە خانەیەکەوە ، چوونکە دوولایەنی هەیە : ئەگەر لایەنی دووەم وەری‌نەگرێت ، لایەنی یەکەم هیچی پیٚ ناکرێت .

## ئەزموونی ملیناڤیسکی

باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی وەرگێڕان بریتییە لە کارکردن لە م بوارەدا . تەنیا لە جەرگەی کارکردندا کێشەکە بە تەواوی دەردەکەوێ. ئەو کەسانە کە بەکردەوە سەرقاڵی کاری وەرگێڕان بوون ، باشتر لە خەڵکی دیکە دەتوانن ڕێگا چارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. مخابن وەرگێڕە لێهاتووەکانی ئێران شتێکی ئەوتۆیان لە بابەت دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ کێشەکانی وەرگێڕان لە پاش خۆیان بە جێ نەهێشتووە ، کە وەرگێڕە لاوەکان بتوانن سوودی لێوەربگرن . دیارە لەوانەیە هۆی سەرەکی ئەم کارە ئەوە بێت کە ئەوان هیچ زانیاریەکیان لەسەر زمانناسی و تیۆرەکانی وەرگێڕان نەبووە. ئەوان هەوڵیان نەداوە کە ڕێگا چارەی بنچینەیی و گشتگیر بۆ کێشەکانی وەرگێڕان بدۆزنەوە ، بەڵکوو تەنیا بیریان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان کردوەتەوە. ئەوان لەم بوارەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە ، چوونکە ئیشیان ئەوە بووە کە وەرگێڕانێکی ڕێکو پێك و پاراو و ورد پێشکەش بکەن ، نەوەك هەوڵ بدەن بنەما و پرنسیپەکانی وەرگێڕان بدۆزنەوە و بڵاوی کەنەوە . ئەمە ئەرکی کەسانێکیتر، واتە زمانناسەکانە کە دەبێت بۆ دەسڕاگەیشتن بە بیردۆزە سوودبەخشەکان لە وەرگێڕاندا مەسەلەکانی ئەوان سەر لەنوی بخەنەوە بەرباس ، و بزانن کە ئەوان بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان چ ڕێگایەکیان گرتوەتەبەر ، ئەو ڕێگایانە شیبکەنەوە و پۆلینیان بکەن و ئەو میتۆدانە کە ئەوان بۆ دۆزینەوە ( کشف) گرتویانەتەبەر ، لە گەڵ بیر دۆزەکانی خۆیاندا تێکهەڵکێشیان بکەن ، تا بیردۆزەکانیان بە کەڵك و سوود بەخش بن. بۆ نموونە کاتێ ئێمە قسەکانی یوجین نایدا و کیتفورد لە بارەی باسەکانی تایبەت بە وەرگێڕان پێکەوە بەراورد دەکەین ، ئەم جیاوازییەمان بە تەواوی بۆ دەردەکەوێت . ئەو کێشانە کە نایدا باسیان دەکات ، بۆ ئەو وەرگێڕانە کە



www.pertwk.com

تێکەڵ بە کاری وەرگێڕانن ، گەلێك لەو بابەتانە بە سوودترن کە کیتفۆرد باسیان دەکات و ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە نایدا چەندین ساڵ سەرۆکی ئەو دامەزراوە ئەمریکییە بوە کە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز (ئەنجیل) بۆ سەر زمانە جۆربەجۆرەکانی جیهان لە ئەستۆ بوە و لە جەرگەی ئەم کارەدا بە کردەوە تووشی گەلیك کێشەی هاتووە. بێگومان ئەو بابەتانە کە کیتفۆرد باسیان لێوە دەکات ، ڕاست و زانستیانەن و پشتیان بە بنەماکانی زمانناسی بەستووە ، بەڵام چوونکە بۆ خۆی بە کردەوە کاری وەرگێڕانی نەکردوە و قسەکانی لەبەر ئەوە کە تیۆرییەکی ڕووتن ، وەرگێڕەکان ناتوانن سوودی لێوەر بگرن و سەرنجیان ڕاناکێشێت.

یەکیك لەو کەسانە کە بە کردەوە تێکەڵ  بە کاری وەرگێڕان بووە و ئەزموونەکەی – بەتایبەت لە باری شێوەی ڕوانینەوە --- دەتوانێت  بۆ وەرگێڕەکان بە سوود بێت ، برانیسلاڤ ملیناڤیسکی ، ئەنترۆپۆلۆجیستی بە ئەسڵ پۆلۆنییە. ملیناڤیسکی  ماوەیەك لە دورگەکانی ترۆبریاند لە گینەی نویێدا ژیاوە و تێکەڵاوییەکی زۆری لە گەڵ خەڵکی ئەو شوێنەدا هەبووە . ئامانجی ملیناڤیسکی لەو کارە ئەوە بووە کە دەربارەی داب ونەریت و شێوازی ژیانی ئەو خەڵکە زانیاری کۆ بکاتەوە. ئەو بەو ئاکامە دەگات کە لە ماوەیەکی کورتدا  ناکرێ بە باشی لە کەلتووری ئەو خەڵکە بگەین بەڵکوو تەنیا ڕێگا بۆ ناسینی هەمەلایەنەی ئەوان ، ئەوەیە کە لە نزیکەوە لە گەڵیاندا بژین.

ملیناڤیسکی هەوڵ دەدا لە ژیانی ڕۆژانەی هۆزەکانی دورگەی تروبریاندا بەشداری بکات و لە ڕێگای فێربوونی زمانەکەیانەوە  بە باشی کەلتوورەکەیان بناسێت. ناوبراو گەلێك جاران داوای لە خەڵکی ئەو دورگەیە کردوە کە حیکایەتی ڕاوکردن و ماسی گرتنەکانیان بگێڕنەوە و پاشان ئەو حیکایەتانەی تۆمار کردوە . ئۆگری ملیناڤیسکی بۆ تۆمارکردنی وردی داب و نەریت و خوو و ڕەوشتی ئەم هۆزانە لە لایەك و گواستنەوەی پڕاوپڕی ئەوانە بۆ نێو کەلتووری ئەوروپییەکان لە لایەکی ترەوە ، کێشەیەکی بنەڕەتی دروست کردوە . کێشەکەش ئەوەیە کە چ ڕێگایەك بۆ گواستنەوەی ئەو کەلتوورە بۆ

نێو کەلتووری ئەوروپییەکان هەڵ بژێرێت . ملیناڤیسکی دەیویست بە جۆرێ ئەم گواستنەوەیە ئەنجام بدات کە هیچ لایەنێکی ئەم پەیامە لە بیرنەکرێت و پەیامەکە بە تەواوی بگوازرێتەوە.

بوونی ئەم ویستە لە وەرگێڕاندا گەلێك بە سوودە . مخابن هێندێك لە وەرگێڕەکان ئەم هەستیارییە بە سوودەیان نیە و هەر بۆیە ئەو دەقەی کە پێشکەشی دکەن ، بە گشتی دەقێکی ئاڵۆز و دژوارە. ئەوان بە ئاسانی لەو دەقە تێدەگەن ، بەڵام نازانن کە ئەو تێگەیشتنەی ئەوان پەیوەندی بە دەقی وەرگێڕاوەوە نیە ، بەڵکوو پەیوەندی بە دەقی بنەرەتەوە هەیە . تایبەتمەندی مێشکی مرۆڤ و گەوهەری تێگەیشتن بە چەشنێکە کە ئەگەر لە دۆزێك تێگەیشت ، ئیتر ئەوەندە گوێ بە پێکهاتەی دەربرینەکە نادات. کەواتە ، زۆر سرۆشتییە کە وەرگێڕ لە جەرگەی کاری وەرگێڕاندا چەمکی رووداوەکان لە زمانە سەرەکییەکەوە وەردەگرێت و دەیرژێنێتە نێو چوارچێوەی زمانی وەرگێڕان و لە کاتی ئەم دارشتنەدا دەستنووسە دارێژراوەکە لە گەڵ تارمایی زمانە بنەرەتەکەدا دەیخەملێنێ و دەیخوێنێتەوە . ئەم خوێندنەوە ، خوێندنەوەیەکی تەواو نیە ، بەڵکوو سەر لە نوێ خوێندنەوەی ئە وشە و رستانەیە کە پێشتر چەمکەکەیان لە مێشکدا چەسپیوە و ئەمە راست پێچەوانەی رەوتی سروشتی خوێندنەوەیە. لەبەر ئەوە کە ئێمە لە خوێندنەوەیەکی سروشتیانەدا وشە و رستەکان دەخوێنینەوە و وردە وردە کە بە سەر وشە و رستەکاندا گوزەر ئەکەین ، لە مێشکماندا مانا دروست ئەبێت ، و ئەگەر هاتوو ئەم حاڵەتە دروست نەبوو و ئێمە لە مانای پەیامەکە تێ نەگەیشتین ، ئەبێت داڕشتنی ناڕێکی وشە و رستەکان بە هۆکاری بنەڕەتی بزانین.

هێندی جار وشەکان بە جۆرێك رێك دەخرێن کە ئەگەر لە گەل دەقە سەرەکییەکەدا بەراوردی بکەین ، کەم و کورتییەکی تێدا نابینین. ئەم حاڵەتە بە رواڵەت زۆر سەیرە . چۆن دەکرێت رستەیەك لە هەموو لایەنێکەوە لە گەڵ پێکهاتەی دەقە بنەڕەتیەکەدا بگونجێت ، کەچی نەخوێنرێتەوە و لێی





تێنەگەین . ئەم چەشنە وەرگیرانە --- کە رەنگە بتوانین پێی بڵێین وەرگێڕانی مەحکەمە پەسەند ، چوونکە دەتوانین بە پێوانە بەراوردکارییەکان بەرگریان لێ بەکەین --- نە دەخوێنرێنەوە و نە بە باشی لێیان تی ٘دەگەین. سەرەنجام ئەمانە ئەو جۆرە وەرگێڕانانەن کە دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانی بنەڕەت -- واتە زمانی دەقە سەرەکییەکە -- کەڵکیان لی ٘وەر بگرین.

سەرنجام کێشەی ملیناڤیسکی ئەوە بوو کە چ میتۆدێك بۆ گواستنەوەی ئاخاوتنی خەڵکی دورگەکانی تروبریاند بۆ نێو زمانی ئینگلیزی هەل بژێرێت کە ببێتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئینگلیزی زمانیش وەك خەڵکی تروبریاند لە بابەتەکە تێبگەن . ئەو پاش ماوەیەك بیرکردنەوە سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە بە گشتی سێ ڕێگای لە بەردەمدایە : وەرگێڕانی سەربەست ، وەرگێڕانی دەقاودەق ( وشە بە وشە) ، و وەرگێڕانی شیکاری .

کێشەی وەرگێڕانی سەربەست ئەوە بوو کە نەیدەتوانی بە تەواوەتی رەوتی بیرکردنەوەی خەڵکی ترۆبریاند نیشان بدات ، و بە واتایەکی‌تر وەرگێڕانێکی لەو چەشنە نەی دەتوانی بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە نیشان بدات.

عەیبی وەرگێڕانی دەقاودەق لەوەدایە کە ناتوانێت مانا بگەینێت . ئەم وەرگێڕانە پێکهاتەی زمانی بنەڕەت پیشان دەدات ، بەڵام کاری بە چەمکەوە نیە و زیاتر لە لێکۆڵینەوەی زمانناسیدا بە کەڵك دێت تا لە گواستنەوەی چەمکە کەلتوورییەکاندا . کۆمەڵیك بڕوایان وایە کە ئەم وەرگێڕانە لە ئاستی چەمکدا سوود بەخشە ، بەڵام ئەمانە زیاتر ئەو کەسانەن کە بە سەر زمانی بنەڕەتدا زاڵن ونەزانانە زمانی وەرگێڕان ( زمانی مەبەست) لە گەڵ سینتاکسی زمانی بنەرەتدا --- کە پێشتر لە گەڵی ئاشنان --- دەخەملێنن و لێی تێ دەگەن. شێوازی رێکخستنی زمانەکان وەك یەك نین و لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە هیچ وەرگێڕانێکی دەقاودەق ناتوانێت بە تەواوی چەمکەکە بگەینێت. بێگومان پێکهاتەی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژیانەی زمانێك دەبێتە هۆی ئەوە کە مانا و پەیامی ئەو زمانە نەگوازرێتەوە و ئەم هاوکیشەیە هەمیشە وەك خۆیەتی

. به واتایەکی تر لە رەوتی وەرگێڕاندا هەرچەندی بمانەوێت --- لە باری گەیاندن و وەرگرتنی ماناوە --- ئاسانتر پەیامەکە بگەینین ، ئەوەندەش لە پێکهاتەی سینتاکسی – مۆرفۆلۆژییەکەی دوور دەکەوینەوە. بە تایبەت ئەگەر رەچەڵەکی ئەو دوو زمانە زۆر لە یەك دوور بن. لە بەر ئەوە کە ملیناڤیسکی دەیویست رۆژئاواییەکان لە گەڵ شێوازی ژیانی خەڵکی دورگەکانی تروبریاند و داب و نەریتەکانیاندا ئاشنا بکات ، نەیدەتوانی وەرگێڕانی وشە بە وشە بە کار بێنێت. ئەو نەیدەویست پێکهاتەی سینتاکسی ، یان مۆرفۆلۆژیی زمانی ترۆبریاندی شی بکاتەوە ، بەڵکوو دەیویست کەلتوورەکەیان نیشان بدات . ملیناڤیسکی وەرگێڕانی سەربەستی هەڵ نەبژارد ، چونکە ئەو شێوازە نەیدەتوانی جۆری بیرکردنەوەی هۆزەکانی ترۆبریاند نیشان بدات ، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەو ئاکامە گەیشت کە وەرگێڕانی وشە بە وشە جگە لە ناسینێکی زۆر سەرەتایی و زۆرجاریش ناروون لە ئەندێشە و کەلتووری ئەوان شتێکی تر نادا بە دەستەوە.

لێرەدا بوو کە ملیناڤیسکی رێگای سێهەم ، واتە وەرگێڕانی شیکاریی هەڵ بژارد. ئەو بڕیاری دا تەواوی ئەو مەرجانەی کە بۆ تێگەیشتنی تەواو لە کەلتووری خەڵکی ئەو دورگانە پێوستن دەستە بەر بکات . ئەو دەیزانی کە تێگەیشتن پێوستی بە ئامادەکاری هەیە و دەبێت ئەم ئامادەکاریانە پێشتر بە خوێنەر بدرێن. هەروەك باسمان کرد ، ملیناڤیسکی داوای لە خەڵکی ترۆبریاند دەکرد کە بەسەرهاتەکانیان بگێرنەوە . ئەو ئەم بەسەرهاتانەی تۆمار دەکرد و وەریدەگێرانە سەر زمانی ئینگلیزی . بەڵام لە نێو ئەم وەرگێڕانانەدا هێندێ شتی سەیر هەن کە خوێنەری رۆژئاوایی هەرگیز لێیان تێناگات ، مەگەرئەوەی کە بە باشی روون بکرێنەوە. ئەو پەی بەوە برد کە خوێنەرلەرێگای شیکارییەوە دەتوانێت لە ئاڵۆزترین و دژوارترین ئەندیشەکان تێ بگات. هەر بۆیە ئەم شیکارییەی لێ زیاد کرد و رێبازێکی نوێی لە مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیا دا هینایە کایەوە. پیشتر ئەو هۆزانە لە دەرەوەڕا دەناسران ،





ئەوە ئەو بوو کە وتی ئەو ناسینە دەبێت لە دەروونەوە دەست پێبکات ، نەوەك لە دەرەوەڕا.

ئەو کارەی ملیناڤیسکی کردی ، هەر ئەو کارەیە کە مەعسوومی هەمەدانی لە وتارە بە نرخەکەیدا کردوویەتی ، و باس لە نوسەری کتێبی " سیر حکمت در اروپا " ( واتە رەوتی دانایی لە رۆژئاوادا ) دەکات و ئەڵێت : " فروغی هەر وەك لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی ، دوای ئەوەی کتێبی " وتاری دیکارت " وەردەگێریتەوە ، بریار دەدات بۆ ئەوەی مێشکی خوێنەر ئامادە بکات ، سەرەتایەکی بۆبنووسێت کە رەوتی فەلسەفەی رۆژئاوایی تا سەردەمی دیکارت بگرێتە خۆی. لە راستیدا کتێبی "سیر حکمت در اروپا " بەرەنجامی ئەم پێشەکییەیە. ( مەعسوومی 1366ی هەتاوی/1987ز.ل 16) ئەم کارە یارمەتی خوێنەر دەدات تا بتوانێت پێکهاتەکە بناسێت و لە رێگای پیش گریمانەکانەوە بە تەواوەتی پەیامەکە وەر بگرێت . مانای ئەم قسە ئەوەیە کە تاکوو مێشك بە تەواوەتی ئامادە نەبێت بۆ وەرگرتنی ئەندێشەیەك ئەو ئەندێشەیە لە مێشکدا جێ ناگرێت . زمان دەبێت لە نێو گوتار دا گەشە بکات و بە وەرگرتنێکی میکانیکیانە ناتوانین گوتار بونیاد بنێین . بەبی گوتاریش تێگەیشتنی تەواومان لا دروست نابێت و تەنیا تێگەیشتنێکی هاکەزاییمان لا دروست دەبێت. بێگومان ئەگەر بمانەوێ لە رەوتی وەرگێڕاندا --- جیهانی گوتاری خوێنەر لە بەرچاو بگرین --- گوتارە بنەرەتییەکە توشی گۆڕان دەبێت و لەوانەشە پەیامەکە تا رادەیەك گۆڕانی بەسەردا بێت بەڵام چونکە بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکە جگە لە دەروازەی جیهانی گوتاری دایك ( گوتاری خۆمانی ) رێگایەکی تر لە ئارادا نیە ، ناچار دەبێت هەندێ گۆڕان لە گوتارەکاندا بکرێت.

لەم قۆناغەی دوایشدا نموونەی هاوشێوەی کارەکانی ملیناڤیسکی و فرووغی بەر چاو دەکەون . پێشەکییەکەی "عەبدولرەحیمی ئەحمەدی" بۆ وەرگێڕانی شانۆنامەی " گالیلۆ"ی برتۆلت بریخت و پێشەکییەکەی نەجەفی دەریابەندەری بۆ وەرگێڕانی " پیرەمێرد و دەریا"ی هەمینگوای ، دوو

**نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە پێشەکییانەن . ئەم پێشەکییانە بوارێکی وەها بۆ خوێنەر دەرەخسێنن ، کە بە باشی لە جیهانی برێخت و هەمینگوای تێ بگات . بێگومان ئەم کارەش پێوستی بەوە هەیە کە پیشەکی نووس بە باشی نوسەر بناسێت و ئەمەش لە توانای هەموو کەسێکدا نیە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە وەرگێڕ هەست بەو پێویستییە بکات و بەو ئاکامە بگات کە بە بێ پێشەکی ناتوانین بە تەواوەتی لە بەرهەمەکە تێ بگەین . ئێمە گەلێك کتێبی وەرگێڕدراوی گرنگمان دیوە کە بە بێ ئەوەی وەرگێڕ یان بڵاوکەرەوە ( ناشر) هیچ پێشەکییەکیان بۆ نووسیبێ ، بڵاو بوونەتەوە. بەڵام ئەم بەرهەمانە بە هۆی گرنگییانەوە خەڵك دەیانکرێت و دەیانخوێنێتەوە ، بەڵام رادەی لێتێ گەیشتنەکەی روون نیە . لە راستیدا دەتوانیین بڵێین کە نابی هێندێ بەرهەمی ئەدەبی و زانستی وەربگێردرێنەوە ، چوونکە هێشتا کاتی ئەوە نەگەیشتووە و لە راستیدا پێویستە وەرگێڕ ، یان کەسێکی دیکە پێشەکییەکی بۆ وەرگێڕدراوی ئەو بەرهەمانە بنووسێت و بوارێکی باش بۆ تێگەیشتنی خوێنەر برەخسێنێت .**

**ملیناڤیسکی وەرگیرانی سەربەستی بۆ کارەکەی خۆی بە باش نەزانی ، چوونکە دەیزانی کە جیاوازی نێوان دونیای ترۆبریانییەکان و رۆژئاواییەکان یەکجار زۆرە و ئەم مەودا زۆرە تەنیا لە رێگای دانی پاشخانەوە پڕ دەکرێتەوە. بەڵام ئەوە بەم مانایە نیە کە دەبێت بۆ وەرگێڕانی هەر بەرهەمێك ئەو کارە بکەین . ئەم کارە پەیوەندی بە دووری و نزیکی دوو کەلتووری بنەڕەت و مەبەست ( مبدا و مقصد )ەوە هەیە . ئەگەر بمانەوێت کتێبێکی فیزیای وانەیی لە زمانی ئەڵمانییەوە وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی – ئەگەر ئەو کارە پێویست بێت – رەنگە هاوسەنگ کردنی پێکهاتەکە بە پێویست نەزانرێت. بەڵام ئەگەر بێت و هەر ئەم بەرهەمە بۆ زمانی پەشتوو تەرجەمە بکرێت پێویستە دەسکارییەکی زۆری تێدا بکرێت . کەواتە رەوتی گۆرانگارییەکان لە نووسینی پێشەکی درێژو پڕ نێوەرۆکەوە تا گۆڕانی بچووکی وشە سازی دەگرێتەوە و ئەم گۆڕانکارییانە پێوەندییان بە جۆری**



www.pertwk.com

**بەرهەمەکە و هەروەها ئاستی ( تێگەیشتنی ) خوێنەرەو هەیە. بەڵام تا رادەیەك دەتوانیین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە بە دەگمەن رێ دەکەوێت بابەتێك بە بی هیچ دەسکاری کردنێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێردرێت" ئەو بابەتەی لێرەدا جێگەی باسە جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئامادەکردن(تالیف)و وەرگێڕان دەکات و هەروەها باسی ئەوە دەکات کە خوێنەرانی کتێبی وەرگێڕدراو لە راستیدا ئەو کەسانەن کە لە کەلتووری زمانی بنەڕەتدا دەیخوێننەوە ، نەئەو کەسانە کە خوێنەری زمانی مەبەستن و هەر لەبەر ئەوەش چەند بەشێکی کتێبە وەرگێڕاوەکە بۆ گرووپی دووهەم نامۆیە ولێی تێ ناگەن " (صلح جو1989/1368ز، ل 100) کەواتە ئەگەر لە وەرگێڕاندا ئەوەندەی پێویستە دەسکاری بکرێ ئەوا دەتوانین وەرگێڕانێکی وەها پێشکەش بکەین کە کێشەی گوتاری نەبێت . مەعسوومی دەڵێت " وەرگێڕێك کە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت لە مەبەستی نوسەر تێ بگات و بە سەر وەرگێڕانیشدا زاڵ بێت ئەوا هەنگاوێکی بەرەو بە ئامادەکار( مۆلف)بوون هەڵگرتووە. وەرگێڕ بەم چەشنە دەزانێت کە کتێبێکی وانەیی ، بەرهەمێکی ئەدەبی ، یان فەلسەفی نیە کە نەتوانرێت بە هیچ شێوەیەك دەسکاری بکرێت. بەڵکوو هێندێ جار ئەو ئازایەتییەی هەیە کە مەتەلێکی بێگانە لا ببا و مەتەڵێکی خۆماڵی لە جێی دابنێت. وێنە یان خشتەیەکی ئاماری لە جیاتی وێنە یان خشتەیەکی دیکە دابنێت . ئەم کارەش بە زانست و زانیاری و کارامەییەوە ئەنجام بدات. دەبێ بڵاوکاریش لەم بوارانەدا پشتی وەرگێڕ بگرێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات . ئەگەر وەرگێڕ پێشنیار بکات کە دەبێ پاژێك بە گشتی گۆڕانی بە سەردا بێت ، نابێ بە بیانووی ئەمانەت پارێزییەوە دژایەتی بکات و پێویستە دڵسۆزانە گوێی لێ بگرێت و خەرجی ئەم کارەش بخاتە ئەستۆی خۆی "( معسومی 1987/1366ز ل 21)**

**ئەم نموونانە ئەوە دەسەلمێنێن کە رەوتی وەرگێڕان دەبێت هاوڕێ بێت لە گەڵ هاوسەنگ کردن ( تعدیل) – لە وشەوە بگرە تا بە گوتار-- . ئەو ئاورتەیە کە مەعسوومی لە پەیوەندی لەگەڵ بەهەرمە ئەدەبی و**

فەلسەفییەکاندا باسی دەکات ، هەمیشە راست نیە و لەم لایەنانەشەوە رەنگبێت هاوسەنگ کردن پێویست بێت . وەك چۆن پێشتر فیتزجراڵد هەر ئەم کارەی لە گەڵ "چوارینەکانی" خەیام دا کردووە ، کارێك کە لە روانگەی هێندی کەسەوە باشترین میتۆدە بۆ وەرگێڕانی شێعر . کاتێ کە سەیری وەرگێڕانەکانی فیتز جراڵد بۆ شێعرەکانی خەیام دەکەین ، باشتر دەتوانین لە فەلسەفەی گوتار – شێوە پێکهاتەی رەوانبێژیانە – تێ بگەین و بزانین کە تەنیا لەو چوارچێوانەدا کە پێیان راهاتووین لە پەیامەکە تێ دەگەین، نەوەك بە هۆی ئەو پێکهاتانەوە کە بە تەواوەتی پێیان نامۆێن. لە وەرگێڕاندا رادەی نامۆ بوونی گوتار یەکجار گرینگە و لەم رادەیەدا خاڵێك هەیە کە ئەگەر لەوە تێپەڕ بکات پەیام بە گوێی بەرامبەر ناگات و وەرگێڕانەکە سوودی نامێنێت . ئەزموونی ملیناڤیسکی لە دڵەڕاوکێیەکانیەوە سەرچاوەی دەگرت . ئەو لەوە دەترسا کە کەس لە بابەتەکانی تێ نەگات. ئەو دڵەڕاوکێیە کە زۆربەی وەرگێڕە ئێرانییەکان هەستی پێ ناکەن بوەتە هۆی نزیك بوونەوەی بەرەبەرەی ملێناڤیسکی لە نێوەرۆکی پەیوەندی گرتنی زمانی و بەرهەمی کارەکەشی دەنگی دایەوە. بەشێکی بەرچاوی وەرگێڕە ئێرانییەکان گوێ بەوە نادەن کە ئایا خوێنەر لەو بابەتە تێدەگات یان نا کە ئەوان وەری دەگێڕن. بڵاوکەرەوەش لە ئێراندا بێ راوێژکارە ، یان راوێژکارەکانی بە قەدەر پێویست هەست بە گرنگی ئەو کێشانە ناکەن . ئەو شتەی وەرگێڕ هەڵیدەبژێرێت قبووڵی دەکات و بەرهەمەکە بڵاو دەبێتەوە. دیارە وەرگێڕ تا رادەیەکی زۆر دیلی دەستی چوارچێوەی دەقەکەیە و کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت. بەڵام لێرەدا مەبەستمان ئەم جۆرە بەرتەسکییە نیە. مەبەست ئەوەیە کە دەبێت وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی بەرهەمدا هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات. بە شێك لە وەرگێڕەکان دەڵێن کە کاری ئێمە وەرگێڕانە و گوێ بەوە نادەین کە داخوا خوێنەر تێ دەگات یان نا. ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە تێ نەگەیشتن لە دەقی وەرگێڕدراو بۆ نەزانی و تێنەگەیشتوویی خوێنەر دەگەڕێننەوە و بەس. دەڵێن ئەو کەسانەی کە ناتوانن تێیبگەن نابێ بیخوێننەوە. هەرچی چۆنێك بێت هەر کتێبێك خوێنەری خۆی



www.pertwk.com

هەیە و هەر کەسێك نابێت هەر کتێبێك بخوێنێتەوە. ئەمە شێوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. وەرگێڕ بەرلە هەموو شتێك دەبێ بزانێت کە ئەو بەرهەمەی ئەو بۆ وەرگێڕانی هەڵ دەبژێرێت ، نابێت ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدا بێت کە کەس نەتوانێت بیخوێنێتەوە. دەبێ بزانێت لەم دۆخە تایبەتییەدا زمانی مەبەست دەرەقەتی زمانی بنەڕەت دێت یان نا؟. بە داخەوە ئێمە لە ئێراندا گەلێك بەرهەمی وەرگێڕدراومان هەبووە کە بە روونی پیشاندەری ئەوەیە کە وەرگێڕەکانیان خەمیان لەو شتانە نەخواردووە. دیارە هەروەك پێشتر باسکرا ئەم جۆرە وەرگێڕانە تێگەیشتنێکی ناڕاستیان لە بابەت وەرگێڕانەوە هەیە. ئەوان پێیان وایە ئەگەر بێت و وەگێر وەرگێڕانێکی ورد و تەواو بدات بە دەستەوە خوێنەری وردبین و شارەزا لێی تێدەگات لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێك وا نیە و ئەمە یەکێك لە بەلاْ گرنگەکانی وەرگێڕانە لە ئێراندا: دەقی وەرگێڕدراو بەرامبەر بە دەقی سەرەکی مانا دەدات ، بەڵام بە بێ ئەو هیچ نیە ! ئەمە هەمان سێحری زمانە کە ماناکەی تەنیا پەیوەندی بە جۆری رێکخستنی وشەکانەوە هەیە ، نەوەك بە خودی وشەکانەوە . هەر لەبەر ئەوە بوو کەزماننناسی گەیشتە ئەوەی کەلە راستیدا سینتاکس(نحو) بە هەموو زمان دابنێت.

ئەزموونی ملیناڤیسکی بۆ ئەو کەسانەش بە سوودە کە ئەیانەوێ بزانن کە پەراوێزدانان تا چ رادەیەك وتا چ ئاستێك رۆڵی لە روونکردنەوەی بەرهەمێکدا هەیە . پەراوێز ئەو کارە دەکات کە ملیناڤیسکی بە رێگای روونکردنەوە سەرەتاییەکانیەوە ئەنجامی دا . پەراوێز بۆشایی نێوان کەلتوورەکان پڕ دەکاتەوە و خوێنەری وەرگێڕان دەخاتە ریزی خوێنەری دەقی سەرەکییەوە . پەراوێز حوکمی ئەو پێش گریمانە و پاشخانانەی هەیە کە بۆ پەیوەندی گرتن پێویستن . بەڵام لێرەدا خاڵیکی زۆر گرێنگتریش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە هەر پەراوێزدانان و روونکردنەوەیەك لە دەرەوەی چوارچێوەی دەق بە مانای پچڕاندنی رەوتی سروشتی چوونە نێو دەقە. کاتێك کە سەرقاڵی خوێندنەوەی بابەتێکین سروشتیترین حاڵەت ئەوەیە کە بابەتەکە درێژە پێ بدەین و بیرمان

بۆ لای شوێنیدیکە نەچێت. کاتێك چاو لەسەر وشەکان هەڵدەگرین سەیری پەراوێز دەکەین بۆ ئەوەی بابەتێکی دیکە بخوێنینەوە ئەوا رەوتی سروشتی تێگەیشتن تا رادەیەك زیانی پێ دەگات. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە ئێمە خەریکی قسەکردن بین و یەکێك قسەکەمان پێ ببڕێت و شیرازەی زەینمان بپچڕێنێت. کەواتە هەرچەشنە دابڕانێك زیان بە پێکهاتەی دەق دەگەینێ. بەڵام پەراوێز بۆیە پێویستە چوونکە بەشێکی زۆری دەقەکان بە بێ پەراوێزدانان لێ تێ گەیشتنیان مەحاڵە ، یان لانی کەم ئەم چەشنە روونکردنەوانە دەبنە هۆی ئەوە کە باشتر و وردتر لە دەق تێ بگەین. هەروەك دەبینین دیالەکتیکیکی ورد بە سەر ئەم مەسەلەیەدا زاڵە. وەرگێڕی بە توانا ئەو کەسەیە کە بزانێت لە کوێدا پەراوێز دانێت.*

*-- بۆ ئەوەی نموونەیەکی بەرچاو لە پەراوێزی شیوێنەر بێنینەوە دەتوانین ئاماژە بە کتێبی ( ژیانی نهێنی میگێڵ ئەیتین لە شیلیدا ) بکەین. ئەم کتێبە کە رۆمانێکی ژۆرناڵیستییە ، گابریەل گارسیا مارکیز نووسیویەتی و باقری پەرهام وەری گێراوەتەوە. لە کاتی خوێندنەوەیدا نابێت چاو هەڵگرێت ، چوونکە بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی رۆماندا گەلێ گرنگە. لەم رۆمانەدا تەنانەت بۆ شاری سانتیاگۆ لە خوار لاپەرەکەوە رێنووسە لاتینیەکەی نووسراوە و روون نیە کە رێنووسی ئینگلیزی سانتیاگۆ چ زانیازییەك بە زانیارییەکانی خوێنەر زیاد دەکات. جگە لەوە کەپێش بە رەوتی سروشتی خەملاندن (پردازش)ی بابەتەکە بگرێت. دەتوانین پێچەوانەی ئەم بابەتەش وتاری بیست لاپەرەیی ( ئیرج وامیقی ) چاو لێ بکەین کە لە گۆڤاری ( کلك/ خاکەلێوەی 1371هەتاوی/1992ز )دا چاپ کراوە. ئەم وتارە باس لە سائیب و مەزهەبی سەیر و سەمەرەکەی ئەوان دەکات . وتارێکی توێژینەوەییە. ئەم وتارە تەنانەت یەك پەراوێزیشی نیە ، لە کاتیکداً ئەگەر هەر ئەم وتارە لە لایەن کەسانێکەوە نووسرابا کە خولیای پەراوێز نووسینن ، ئەوا 5–6 لاپەرە پەراوێزیان بۆ دەنووسی .*



www.pertwk.com

# پاژی سێهەم

## گوتارەکان تاچ ئاستیك دەتوانن لە یەکتر نزیك ببنەوە؟

ئیمە لە رابردوودا لە سەر میز نانمان نەدەخوارد ، بە ترومبیل هاتوچومان نەدەکرد، ، لە چاك وچونیدا تەوقەمان نەدەکرد . شەوباش و روّژ باشمان نەئەوت. بەلأم ئیستا هەموو ئەمانە و زور شتی دیکەش بە چاولیکەری کەلتووری بیگانە و بە تایبەتی کەلتووری ئەورووپی ئەنجام دەدەین .
هاواری" ئالی ئەحمەد"ەکان و "شەریعەتی"* یەکان بو خو پاراستن لە بە روّژئاوایی نەبوون ، وا دیارە بە هیچ کویە نەگەیشتووە و ئەو باسە گەرمەی کە سەبارەت بە هێرشی کەلتووری دەکریت ، دیوێکی دیکەی باسی بە روژئاوایی بوونە.

لە بواری گوتاری نوسراویشدا رەوشەکە هەر بەم جورە بووە . ئێمە لە نوسینەکانماندا کەلکمان لە خالّ بەندی وەرنەدەگرت. مانای پەرەگرافمان نەدەزانی . نەماندەزانی سیستمی گەڕاندنەوە و بە تایبەتی گەڕاندەوەی دەروونی لە نووسراوەیەك دا چیە. پێڕستمان بۆ بابەتەکان دانەدەنا. لاپەڕەی مافمان نەبوو. کتیبنامەی ئەلفبێمان نەبوو. پێڕستی رێنوێنیکەرو هیچ چەشنە رینوینییەکی دیکەمان نەبوو. کاتێ دەمانویست بابەتیك زەق بکەینەوە ، پیتی

رەشمان بەکارنەدەهینا ، ناوی کتێبەکانمان بە فونتی ئێرانیك چاپ نەدەکرد و لە کاتی نووسینی پێشەکیدا سپاسمان لە هاوسەرو منداڵەکانمان نە دەکرد و لە سەرەتا و کوتایی وتارەکانماندا پوختە و دەرنجاممان بەجودا نەدەنووسی. ئێستا هەموو ئەم کارانە دەکەین و لەوانەیە لە داهاتووشدا هیندێ کەس ناونیشانی سەر پاکەتی نامەکانیان لە بەشەوە بو گشت بنووسن.

**- جەلال- ی ئەحمەد و د. عەلی شەریعەتی دوو رۆشنبیری نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بوون کە بناغەی رەوتی رۆشنبیری ئیسلامییان لە ئێراندا دانا و دژی زاڵبوونی کەلتووری رۆژئاوایی بوون و لەو پێناوەدا هەوڵێکی زۆریان دا تا رۆشنبیرانی ئێران بە کەلتووری رۆژئاوایی پەروەردە نەبن. (وەرگێڕ).*

## پاڵەپەستۆی گوتارە روژ ئاواییەکان

ئەو هێزە کە پاڵی پێوە ناوین تا ئەم کارانە بکەین ، جگە لە هیزی گوتارە روژئاواییەکان هیچی دیکە نەبووە. هیچ مودێلێك بەبێ کارتێکردنی هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی پێك نایەت. تەنانەت شوێن پێی هێندی لە گۆڕانکارییەکان بزر بووە ، یان لانی کەم لە یەکەم نیگادا نابینرێنەوە. بەواتایکی دیکە نموونە هەڵگرتنەوە (گرتە بەرداری)یەکی زۆر کراوە ، بەڵام مۆدێلی نموونەیی نادیارە. رەنگە بەکارهێنانی وشەی " پاڵەپەستۆ" لێرەدا باش نەبێ و پێویست بە روونکردنەوە بکات. بێگومان تەنیا بە پاڵەپەستۆ ئیش جێبەجێ نابێ ، خواست و تامەزرویی لایەنی بەرامبەریش مەرجە. بە واتایەکی تر ئەم گورانکاریانە بە هۆی پاڵەپەستۆی روژئاواوە پێك نەهاتوون ، بەڵکوو بە هۆی پاڵەپەستۆی لۆژیك و پێویستییەوە پیك هاتوون. مێشکی لۆژیکی مۆدێلەکەی دیوە و هەستی بەوە کردووە کە پێویستە وەری بگرێت. رەنگە ئەمە بەڵگە و نیشانەی ئەوەبێ کە کەلتووری روژئاوایی بەم شێوەیە لە دوورەوە هەموو گوتارەکانی نێو کەلتورەکانیتر دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە .



www.pertwk.com

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە ، باسکردنی هۆکارە سیاسی و کۆمەلاتییەکانی مەسەلەکە بایەخیکی ئەوتۆی نیە. ئەگەر لە روانگەیەکی بابەتیانەوە چاوی لیٚ بکەین ، بەو ئاکامە دەگەییٚن کە ئەم شتە رووی داوە . رەنگە ئاگادار بوون لە هوکار و فاکتەرەکانی ئەوەندە بە کەڵکی ئێمە بێن کە بزانین سەرئەنجام ئەم رەوتە هەتا کوێ درێژە دەکێشێت و ئەرکی وەرگیران بەرامبەر بە هاوسەنگ کردنی گوتارەکان چییە؟

بەڵگە و نیشانەکان نیشاندەری ئەوەن کە ئەم گەڕانە هەر بەردەوام دەبێت و بەرەو نزیککەوتنەوە لە گوتارە روژئاواییەکان دەچێتە پێش. وادیارە بواری زانست – کە وەرگێڕانیش دەگریتەوە –- حسابی خوٚی لە ناسیونالیزمی کەلتوری و دژایەتی کردنی بێگانە جودا کردووەتەوە. ئەگەرچی هێشتاش هێندی کەس ماون کە لە بیر و کردەوەدا بڕوایان بە پەرەگراف و خاڵبەندی و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە لە نووسیندا نیە ، بەڵام زۆربەی نوسەرە فارسەکان ئەستاندارده نێونەتەوەییەکانی نووسینیان قبوول کردووە . ئێستا ئەو کەسانە کە دەیانەی نووسراوەکانیان بایەخ و پلە و پایەکی بەرز بەدەست بینێت ، ئەم پێویستییانەیان قبووڵ کردووە.

هینانە گۆڕی "دەقی پێوەر" کە ئەمڕۆکە باسی لی دەکریت و–لە راستیدا دەبیت بگاتە ئاستی"گوتاری پێوەر"دەربڕینێکی دیکەی ئەم پێویستییە.

دیار بوونی ئەو رەوتە و ئاراستەکەی لیرەدا دەبیت چ مانایەك ببەخشێت؟ ئاخۆ ئێستا دەتوانین بڵێین بەهوی ئەوەی کە ئەم رەوتە چارەنووس ساز و حاشا هەڵنەگرە ، کەواتەدەبیت خێرا تێیدا بەشداری بکەین؟ تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە وەرگێڕانەوە هەیە وەڵامەکە نیگەتیڤە.

زوربەمان ئەوەمان تاقی کردووەتەوە کە حەزمان لە خوێندنەوی بابەتیك کردوە بەڵام پێمان خۆش نەبووە لە رێگای وەرگێڕانەوە بیخوێنینەوە. بە تایبەتی زۆربەی کتێب خوێنەکان بەم جۆرە بیردەکەنەوە . ئەگەر رۆژێك راپرسییەك بکرێت کە ئاخۆ خەڵك زیاتر گرنگی بە ئامادەکردن(تألیف) دەدەن یان بە وەرگێڕان، یان بازاڕی کتیبی ئامادەکراو گەرمترە یان کتێبی

وەرگێڕدراو ، ئەوا راستی و دروستی ئەم مەسەلەیە زیاتر روون دەبێتەوە. دیارە لێرەدا پێویستە خاڵێك وەبیر بێنینەوە کە دەتوانێت تیگەیشتنیکی هەڵە راست بکاتەوە و، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بابەتێکی ئامادەکراو لە ئارادا نەبێت خەڵك رووئەکەنە خوێندنەوەی دەقی وەرگێڕدراو. باسەکە ئەوەیە کە ئەگەر بێت و بابەتێك بتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئاستی بابەتە هاوچەشنەکانی لە نێو زمان و کەلتوورە جیاوازەکاندا تا چ رادەیەك پێشوازی لێدەکرێت؟ کەواتە ئەو تیگەیشتنە تیگەیشتنیکی چەوتە کە بە بیانوی دیار بوونی ئاڕاستەی رەوتەکە لە گەڵ هاوسەنگ کردن(تعدیل)دا دژایەتی دەکا. هوکارێك کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەنگ کردنی گوتار لە وەرگێڕاندا بە کارێکی باش بزانرێت، کرۆك و نێوەروکی خودی پەیوەندی گرتنەکەیە. ئەو دەقە وەرگێڕدراو و نووسراوانە کە ئێمە لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەستدەکەین "وەرگێڕانن" ئەوانەن کە هاوسەنگ نەکراون . ئەوە راستە کە گوتارە نووسراو و ئاخاوتەییەکان لە زمانی فارسیدا بەرەو نزیککەوتنەوە لە هاوواتا رۆژئاواییەکانیان دەچنە پێش ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە گەیشتوونەتە ئاستی ئەوان. ئەو هۆکارە کە لە جەرگەی وەرگێڕاندا رادەی هاوسەنگ کردنە گوتارییەکان دیاری دەکات ، راست مەودای نێوان ئەم دوو کاروانەیە کە لە روانگەی هەندی کەسەوە هەرگیز ناگەنە یەك . هەتا مەوداکەیان کەمتر بێتەوە ئەم جۆرە هاوسەنگ کردنانەش کەمتر بە پێویست دەزانرێت. بەڵام تا کاتێك ئەم مەودایە بمێنیت هاوسەنگ کردن پێویستە. دواتر دێینە سەر باسی ئەوە کە رۆژئاواییەکانیش لە رەوتی کاری وەرگێڕاندا بە پێی جیاوازی کەلتوورەکانیان ئەم هاوسەنگ کردنانەیان ئەنجامداوە و لە داهاتووشدا هەر ئەو کارە دەکەن.



## نایدا و نەیارەکانی

هاوسەنگ نەکردنی وەرگێڕان وا دەکات کە تێگەیشتن لە بابەتەکە قورس بێت و ئەم هاوسەنگ کردنە لە هەر زمانێکدا شێوەیەکی تایبەت بە خۆوە دەگرێ. بۆ نموونە نووسراوەیەك کە لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانەکانی فارسی ، تۆرکی ، هیندی ، یان هۆلەندی وەردەگێڕدرێتەوە لە هەرکام لەو زمانانەدا لە باری زمانی و شێوەی دەربڕینەوە پێویستی بە هاوسەنگییەکی تایبەت هەیە. جیاوازی نێوان ئەم هاوسەنگییانە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کەلتوور و گرێ کوێرەکانی نێو زمانی بنەڕت چەندە لە روانگەی زمانی مەبەستەوە دوورە. رەنگە بابەتێك لە دەقەکەدا هەبێت کە هاوسەنگی یان روونکردنەوەی بۆ هێندی زمان پێویست بێت ، بەڵام بۆ ئەوانی دیکە پێویست نەبێت. یوجین نایدا (1964، ل168) سەر پەرشتیاری دامەزراوەی ئەمریکی بۆ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی ( ئنجیل) کە لەم بوارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەند و بە نرخی هەیە ، باس لە کێشەیەك دەکات کە لە کاتی وەرگێڕانی بەشێك لە ئنجیل دا بۆ سەر زمانە ئەفریقییەکان تووشی بووە. ئەم بەشە پەیوەندی بەو شوێنەوە هەیە کە تێیدا حەزرەتی عیسا بە رێدا دەڕوا و حەوارییەکان بۆ رێزلێنان گەڵا و لقی سەوزی دارەکان دەرژێننە بەر پێی. نایدا کە لە رێگای هەناردنی گرووپێکی لێکۆڵینەوەوە لە جۆری پەرچەکرداری خوێنەرانی وەرگێڕاوی کتێبی پیرۆز – پێش و پاش بڵاو بوونەوەی -- ئاگادار دەبووە ، دەڵیت ، زۆربەی ئەفریقییەکان نەیاندەتوانی لەم بەشە تێ بگەن . دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە لە ئەفریقای پڕدارو درەختدا ، گەڵا و لقەکان وەك شتێکی بە نرخ چاو لێناکرێن تا برێژرێنە بەر پێی زاتێك ، بەڵکوو شتێکی موزاحیمن کە دەبێت لە سەر رێی گەورەکان کۆ بکرێنەوە و گسك بدرێن . ئەم

جیاوازییە ئەرکۆلوژیا ( ژینگە ناسی)ییە لەمپەر بوو لەبەردەم تێگەیشتنی بابەتەکە و دەبوا بە هاوسەنگی ، یان روونکردنەوە ئەم لەمپەرە نەهێڵرێت.

هاوسەنگ کردنی زمانی و گوتاری نەیاریشی هەیە. هێندێ کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە پێی راستێتی ئەم دێڕە شێعرە کە دەڵێت "هر کە گاوس خواهد جور هندوستان کشد" واتە " ئەوەی تاووسی دەوێت دەبێ هیلاکی رێگای هیندستانیش قبووڵ بکات". خوێنەر یان دەبێت خۆی لە قەرەی خوێندنەوەی وەرگێڕان نەدات ، یان ئەگەر ئەو کارە دەکات ئەوەندە توانایی لە خۆێدا شك ببات کە بتوانێت لە وردەکارییەکان و پێچ و پەنای دەقە بنەرەتییەکە تێ بگات. کێشەکە تەنیا پەیوەندی بە توانای سەردەرکردن لە وردەکارییەکان نیە . ئەگەر بتوانین ئەوە بسەلمێنین کە هاوسەنگ کردن کارێکی پێویستە ، ئیترحەق نیە بە بە کار هێنانی توخمە زۆرناموکان -- کە خوێنەری زمانی مەبەست لێیان تێ ناگات -- ببینە هۆی شێواندنی پەیامەکە . وەرگێڕان خۆی لە خۆێدا بریتییە لە گواستنەوەیەکی هاوسەنگ کراو. هیچ وەرگێڕانێك لە باری تیۆری و هەروەها پراتیکییەوە لە دەقە سەرەکییەکە ناچێت. کیشەکە تەنیا پەیوەندی بە رادەی هاوسەنگییەوە هەیە. ئەو کەسانەی کە دژی هاوسەنگ کردنی دەقی وەرگێڕدراون ، بە گشتی نازانن کە وەرگێڕانەکانی خۆیان ، یان ئەو وەرگێڕاوانە کە لە روانگەی ئەوانەوە هاوسەنگ نە کراون ، پڕن لە هاوسەنگ کردنی مۆرفۆلوژی و سینتاکسی و واتایی حاشاهەڵنەگر. ئەوان ئەم هاوسەنگییە هەست پێکراوانە نابینن و، بە واتایەکی تر قبووڵیانە بەڵام ،ئەگەر تۆزقاڵێك کەم و زۆر بێت ، ئەوا بە شێوەیەکی نیگەتیڤانە بەرپەرچی دەدەنەوە. ئەم جۆرە کەسانە لە رێژەیی بوونی خودی مەسەلەکە تێ ناگەن و لە راستیدا نازانن کە هەمان وەرگێڕان کە ئەمان پەسندی دەکەن لە روانگەی هێندێ کەسی دیکەوە هاوسەنگ کردنێکی لە رادەبەدەری تێدا کراوە و لای هێندێ کەسی تریش بەو رادەیە نیە. کەواتە ، وادیارە هەر کەس لە هاوسەنگیدا بە دوای ئاستێکی دڵخوازی خۆیدا دەگەرێت و چوونکە هەرگیز رێ ناکەوێت کە وەرگێڕان تەنیا تاقە خوێنەرێکی هەبێت ، ( بۆیە) دەبێت



www.pertwk.com

دەستەی خوێنەران لە بەرچاو بگرین و کاتێك کۆمەڵێك خوێنەر هەیە دەبێت رادەی نێونج لە بەرچاو بگرین و ، کێشەکە راست لە سەر ئەم نێونجە دڵخوازەیە. فورمولێکی پتەو بۆ گەیشتن بەو باشترین دۆخە بوونی نیە و زیاتر زەوق و سەلیقەی خودی وەرگێڕ ئەو دۆخە دیاری دەکات. بەڵام ئەگەر بتوانیین لە نێو هەر کەلتوورێکدا سەرکەوتووترین وەرگێڕانەکان هەڵبژێرین و رادەی هاوسەنگ کردنەکان بە پێی کات و زەمەن دیاری بکەین ، رەنگە بتوانیین پێوەرێکی بابەتیانە بۆ رادەی هاوسەنگ کردن دیاری بکەین . تاکوو ئێستا هیچ کەس ئەم کارەی بۆ وەرگێڕانە سەرکەوتووە فارسییەکان ئەنجام نەداوە و، بابەتێکە شایانی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت . ئەو کەسەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکات ، پێویستە فاکتەری زەمەن لە بەرچاو بگرێت ، چوونکە ئەو هاوسەنگ کردنانە کە بۆ نموونە چل ساڵ لەمەوبەر لە وەرگێڕانیکدا کراون بە پێوەری ئێستا زۆرە .

هەروەك چۆن ئەگەر بۆ وێنەو کەسێك بتوانێت پێشی زەمەن بکەوێتەوە و وەرگێڕانە هاوسەنگ کراوەکانی 30ساڵی دواتر راڤە بکات ، ئەوا لە کەمی رادەی هاوسەنگ کردنەکە تووشی سەر سوورمان دەبێت. لە نێو وەرگێڕانەکانی 30ساڵ دواتردا وشەی ئەوتۆ هەیە کە ئەمڕۆ بە بێ هاوسەنگ کردن مەحاڵە وەربگێڕدرێتەوە ، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانین ئەو کارە بکەین .بۆ نموونە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین بە ئاسانی وشەکانی " ئاپاچی " و " مائۆ مائۆ" لە دەقەکانماندا بە کار بێنین و خوێنەریش بە ئاسانی لێیان تێدەگات. بەڵام کاتی خۆی بەبێ بەکارهێنانی وشەی " هۆز" خوێنەری فارسی زمان بە ئاسانی لێی تێنەدەگەیشت. وشەی "قبیلە" (هۆز) لێرەدا تێگەیشتن لە وشەی Modifierئاسان دەکا کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەم مانایە بە کار نابرێت. هەر ئێستاش لە زۆر رووەوە پێویستە کەڵك لە هاوسەنگ کردن وەربگرین. جارێکیان بابەتێکم دەربارەی ژیانی دارڤین دەخوێندەوە . لە چەند شوێنێکدا باس لەوە کرابوو کە دارڤین بە سواری H-M-S چوو بۆ فلانە شوێن و لە فیسارە شوێنەوە گەڕایەوە. بۆ نموونە لە ژێر وێنەی دارڤیندا ئەم رستەیە

نووسرابوو " ئەم وێنەیە هی کاتێکە کە دارڤین تەمەنی 29ساڵ بووە ، واتە 2 ساڵ دوای ئەوەی بە سواری H-M-Sی بیگیڵ لە سەفەر گەڕایەوە. "

، This Portrais was painted when Darwin was 29 years old
2yearsafter his return from the voyage on HMS Beagle.

زێدە پیتی on و ئیتالیایی بوونی وشەی بیگێڵ و بە شێوەی گشتی ئاشنایەتی لە گەڵ ئەم شێوازەدا هیچ گومانێك لای خوێنەری ئینگلیزی زمان ناهێڵێتەوە کە بیگێڵ ناوی "پاپۆڕ" ە ، ئەگەرچی ئەو وشەیە لە دەقەکەدا دەیار نیە. بەڵام لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا پێویستە ئاماژە بە وشەی پاپۆڕ بکرێت. هەروەك چۆن ئەگەر ئینگلیزی زمانەکانیش بیانەوێت ئەم رستە وەربگێڕنەوە کە دەڵێت " ساڵی پار چووم بۆ زیارەتی ئیمام رەزا" بێگومان دەبێت لە وشەی Shrin( واتە مەرقەد) کەڵك وەربگرن. ئەگەرچی ئەو وشەیە لەرستەکەدا نیە. ئینگلیزی زمان بە بێ وشەی " مەرقەد" نازانێت کە " ئیمام رەزا " بە شوێنێکی پیرۆز دەگوترێت. هەرواکە ئێمە ئیستاش بەبێ وشەی " بەرد " لە "حجرالاسود " تێ ناگەین. رەوتی هاوسەنگ کردن لە نێوخودی وەرگێڕانەکەدایە و ئەگەر وەرگێڕێك نەیەوێت پێملی بێت ، لە هیچ وخۆڕایی وەرگێڕانەکەی قورس و گران دەکات.

نەجەفی دەریابەندەری لە لاپەرەی 37ی پێشەکی " ئەدەبیات چییە؟ " کە لە ساڵی 1352ی هەتاویدا بڵاوکراوەتەوە ، باس لەوە دەکات کە بەشێکی کتێبەکەی لە ساڵی (1345یهەتاوی /1966ز)دا وەرگێڕاوە و لە گۆڤاری "جۆنگ – ی ئیسفەهان"دا بڵاوی کردووەتەوە . لە پێشەکی وەرگێڕانەکەی ساڵی( 1345ی هەتاوی /1966ز)دا دەنووسێت:

دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان بە ئاسانی ناکرێن بە فارسی . زاراوە هونەرییەکان ناتەواون و ناتوانن مەبەستەکان بگەینن و وشە و واتاکان سنوورێکی دیاریان نیە . بەڵام بە خۆشییەوە لە وەرگێڕانی ئەم چەشنە دەقانەدا رەنگە پاراستنی شێوازی نوسەر لە پێش هەموو شتێکە و دانەنرێت : گرنگ ئەوەیە کە واتاکان بە روونترین و سادەترین شکڵ وشێوە بوترێنەوە



www.pertwk.com

. ئەگەرچی وەرگێڕ هەموو هەوڵی خۆی خستوەتە گەڕ بۆ ئەوەی بە ئەمانەوتەوە وەریبگێڕێ ، بەڵام هێندێ جار ناچار بووە جێگۆڕکێ بە وشەکان بکات و بۆ شیکردنەوەی وتە و بابەتەکە وشەیەکی خۆی داناوە و، یان رستەیەکی لە دەقە سەرەکییەکە هەڵ گرتووە.... ئەو ئەم کارەی پێ ناخۆشە ، بەڵام هیچ رێگایەکی دیکەی پێ شك نایەت. بەڵام ئێستا خۆشحاڵە رابگەیەنێت کە وازی لەم روانگەیە هێناوە . وردبینی ، هەوڵدان و ئەزموونی زیاتر ئەوەی سەلماند کە دەکرێ تەنانەت لەم جۆرە دەقانەشدا دەسپاك بین. بۆ سەلماندنی راستی ئەم بانگەشەیە هەر ئەوەندە بەسە کە وەرگێڕدراوی ئەو بەشەی باسمان کرد لەو گۆڤارەدا و لەم کتێبەدا لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین تا جیاوازییەکەیان دەر بکەوێت . دەسکاری کردنی وەرگێڕەکان لە نێو دەقی کتێبەکەدا رەنگە هەر بە گۆڕینی یەك ، دوو وشە لە هەرلاپەرەیەکدا ببڕێتەوە ، کە ئەویش بەناچار لەبەر رەچاو کردنی جۆری دارشتنی دەستە واژە فارسییەکە ، یان شیکاری بابەتەکە پێی زیاد کراوە یان جێگۆڕکێی پێکراوە (نەجەفی، ل 37).

ئەو بابەتەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە یەکەم ، نەجەفی سەردەمانێك بڕوای بە "جێگۆڕکێ کردنی وشەکان " و " زیاد کردنی وشە" یان " لابردنی رستەیەك لە نێو دەقی بنەڕەتی " دا بووە. دووەم ، دواتر کە بە قسەی خۆی وازی لەم روانگەیە هێناوە ، دیسانیش دەڵێت کە لە هەر لاپەڕەیەکدا یەك ، دوو وشەی " بە ناچاری و بۆ رەچاو کردنی شێوازی دارشتنی دەستەواژەی فارسی ، یان شیکاری بابەتەکە لێ زیاد کراوە یان جێگۆڕکێ پێکراوە. " بە واتایەکیتر نەجەفی لە تێڕوانینە تازەکەیشیدا بڕوای بە هاوسەنگ کردن هەیە و تەنیا جیاوازییەکە پەیوەندی بە رادەی ئەو هاوسەنگ کردنەوە هەیە. بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە نەجەفی ئاماژەی پێ ناکات مەسەلەی زەمەنە . مەودای زەمەنی نێوان ئەم دوو وەرگێڕانە زۆر گرنگە. نیوەی دووەمی ساڵانی چلی هەتاوی لە ئێراندا گەرمەی باس و لێدوانی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی بوو ، و لەو سەردەمەدا بوو کە بەشێکی بەرچاو لە زاراوە ئەدەبییەکان جێی خۆیان لە

نێو زمانی فارسیدا کردەوە. بە واتایەکی تر کاتێ نەجەفی لەگەڵ سەید حوسێنیدا بۆ جاری دووهەم دەست دەکەن بە وەرگێڕانی کتێبی " ئەدەبیات چییە"ی سارتێر ، زمانی فارسی ڕەوشێکی باشتری هەیە. جیاوازییەك کە نەجەفی لە نێوان ئەم دوو قۆناغەی کارکردندا بەدی دەکات ، ڕاست پەیوەندی بە کێشەی زەمەنەوە هەیە. لە ڕاستیدا ئەگەرچی نەجەفی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت ، بەڵام کارەکەی بە هەر دوو باردا کارێکی باش بووە. بەو مانایە کە وەرگێڕانی یەکەم بە هۆی دواکەوتوویی زمانی وەرگر( زمانی خوێنەر)ەوە زیاتر پێویستی بە هاوسەنگی هەبووە. ئەو بەشەی قسەکانی نەجەفی کە جێی ڕەخنەیە ئەمەیە کە دەڵێت (گوایە) وازی لە ڕوانگەی پێشووی خۆی هێناوە ، لە حاڵێکدا بە کردەوە بە هەمان ڕێگای پێشوودا ڕۆیشتووە.

لە ڕاستیدا ئەوانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە دژی هاوسەنگ کردنن تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر ئەو باوەڕەن کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان گوتارە زمانییەکاندا نیە و دەکرێت بە بێ هیچ کێشە و هەروەها بە بێ هیچ دەسکارییەك ، گوتارێك لە نێو چوارچێوەی گوتارێکی تردا دابڕێژینەوە. ئەم باسە تا ئەو شوێنە کە پەیوەندی بە ڕەوت و ڕەهەندەی ئەم دیاردەوە هەیە ڕاستە ، بەڵام ناکرێت لەمەوە بەو ئاکامە هەڵەیە بگەین کە هاوسەنگ کردن بە پێویست نەزانین. ئەو شتە ڕاستە کە لە نێوکەلتوورە جۆر بەجۆرەکاندا گوتارە مرۆییەکان زۆر لە یەکتر نزیك بوونەتەوە ، بەڵام هێشتا نەبون بە یەك.

یەکێك لە ناودارترینی ئەو کەسانەی شارەزاییەکی زۆری لە وەرگێڕاندا هەیە و بڕوایەکی قووڵی بە هاوسەنگ کردن هەیە ، یوجین نایدا ، زمانناسی ئەمریکی هاوچەرخە. نایدا وەرگێڕان دەکات بە دوو بەشی ناتەباوە: وەرگێڕانی FORMAL" یان ڕواڵەتی و وەرگێڕانی زیندوو(پویا DYNAMIC). ( نایدا 1964 ل165– 175) وەرگێڕانی ڕواڵەتی بایەخ بە وێنەی وشە دەدات . لەم جۆرە وەرگێڕانەدا هەرگیز وشە لە قاوغە ڕواڵەتیەکەی ناترازێت و سروشتییە کە لە وەرگێڕانێکی لەو چەشنەدا هیچ جۆرە هاوسەنگ کردنێکی زمانی ڕوو نادات . وەرگێڕانێکی لەو چەشنە زۆر بە ئاسانی لە



www.pertwk.com

ڕێگای بەراوەژووکردنەوە وەك دەقە سەرەکییەکەی لێ دێتەوە. ( Back translation) . لەم وەرگێڕانەدا ناو دەکرێ بەناو ، سیفەت دەکرێ بە سیفەت و کار دەکرێ بەکار. لە هیچ حاڵەتێکدا دوو ڕستە ناکرێ بە یەك ڕستە و تەنانەت دوو وشە نابێتە یەك وشە و پێچەوانەکەیشی ڕاستە . لەو وەرگێڕانەدا پاراستنی ڕواڵەتی قسە بنەمایەکی نەگۆڕە . چووکترین دەسکاری کردن بە ڕەوا نازانرێت. ئەگەرچی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی زمان ڕێگا بەوە نادات کە هیچ وەرگێڕانێك بە مانای وشە وەرگێڕانێکی ڕواڵەتی بێت ، بەڵام لەم وەرگێڕانەدا وادانراوە کە وەرگێڕ دەبێت تا دەکرێ گونجاندنی فۆرمی(FORMAL CORRESPONDENCE) لەبەرچاو بگرێت. لەم وەرگێڕانەدا پەیام لە بەرامبەر فۆرمدا بایەخی خۆی لە دەست دەدات . ئەوە ئەرکی سەر شانی خوێنەرە کە دەبێت بە هەر شێوەیەك بووە لە ناخی فۆرمەوە پەیامەکە هەڵنجێنێ و لە دەقەکە تێ بگات. ئەرکی بنەڕەتی و گرنگی وەرگێڕ ئەوەیە کە فۆرمی دەربرینەکە بپارێزێت. لەم وەرگێڕانەدا بە هیچ شێوەیەك وەرگێڕ نیگەرانی ئەوە نیە کە خوێنەر ڕەنگە لە بابەتەکە تێ نەگات . لە ڕاستیدا قەناعەتێکی بەهێز پێش بەو نیگەرانییە دەگرێت ، ئەویش ئەوەیە کە خوێنەر ئەو تواناییەی هەیە کە پەیامەکە لە فۆرمەکە دەرکێشێ . ڕوون و ئاشکرایە کە وەرگێڕانێکی لەو چەشنە لە سەر بنەمابەك دامەزراوە کە بەو پێیە فۆرمە هاوچەشنەکان لە زمانە جۆر بەجۆرەکاندا لە پەیوەندی گرتندا وەك یەکن. ئەگەرچی ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە درێژایی مێژوو لایەنگری خۆی هەبووە ، بەڵام لە بەرامبەردا نەیاری بەهێزیشی هەبووە کەلەو پێناوەشدا ڕاپێچی دادگا کراون و هەندێکیشیان شەهید کراون .(صلح جو1372ی‌هەتاوی/1993ز)

وەرگێڕانی زیندوو ( DYNIMIC TRANSLAION) جەمسەری بەرامبەر بە وەرگێڕانی ڕواڵەتییە. لەم وەرگێڕانەدا مەبەستی سەرەکی گەیاندنی پەیامە. فۆرم ئامرازێکە لە خزمەت پەیامدا. دەکرێ بۆ ئەوەی خوێنەر لە کرۆکی پەیامەکە بگات ، بە پێی پێویست فۆرمەکە دەسکاری

بکرێت ، بگۆردرێت ، یان بە یەکجاری بسڕدرێتەوە. گرنگ ئەوەیە پەیامەکە بگات ، کە لە ڕێگای( فۆرمەوە )کە فاکتەرێکی پلە دووە دەگوێزرێتەوە. یەکیك لە بنەما سەرەکییەکانی وەرگێڕانی واتایی ( پەیامی ) ئەوەیە کە فۆرمەکان لە زمانەکاندا وەك یەك نین . لەوەش گرنگتر هەندێك جار ڕێکخستنی فۆرمەکان لە پالٚ یەکتردا پێکهاتە و لە ئەنجامدا واتایەك پێك دەهێنیٚ کە ئەو دارشتنە لە زمانەکانی تردا ئەو واتا نادەن بە دەستەوە . بێگومان دەتوانین بلٚێین کە بە درێژایی مێژوو بە شێکی بەرچاوی ئەو دەقانە کە وشە بە وشە وەرگێڕدراون یان کەس لێیان تیٚ نەگەیشتووە یان بە هەڵە لێك دراونەتەوە . لە بەر ئەوە کە وەرگێڕ بڕوای وانیە کە چنینی بە ڕێکەوتی وشەکان هەمان واتا دەگەینێت کە لە میشکی وەرگێڕدا هەیە ، هەر بۆیە بەرەولای ورگێڕانی ڕواڵەتی دەکێشرێت ، و بە پێچەوانەشەوە ، بڕوا هێنان بەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕ لە کێشمەکێشی نێوان فۆرم و پەیامدا ، لایەنی پەیامەکە بگرێت. دیارە گومان لەوەدا نیە کە پەیام تەنیا بە هۆی فۆرمەوە دروست دەبێت و لە ئاکامدا دەتوانین بلٚێین کە ئەگەر فۆرم بە باشی بگۆازرێتەوە ئەوا بە شێوەیەکی دلٚخواز پەیامەکە دەدا بە دەستەوە . لە ڕاستیدا تەواوی کێشەکەمان لە سەر خودی ئەم ئاوەڵکرداری "بە باشی" یە . هێندیٚ کەس پێیان وایە کە ئاوەڵکرداری " بەباشی " بەو مانایە کە تاقە وشەیەك کەم و زیادی نەبێت. بەڵام هێندێکی تر دەلٚێن ، لەبەر ئەوە کە زمانەکان خاوەن یەك پێکهاتە نین . هێندێك جار وا ڕێك دەکەوێت کە سەبارەت بە گواستنەوی پەیامێکی پێنج وشەیی لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ نێو زمانی مەبەست ، دەبی لە شەش یان چوار وشە ، کەمتر ، یان زیاتر کەڵك وەربگیریٚ . لە ڕاستیدا ئەم کەم و زیاد کردنانە کارێکی پێویستە ، ئەمانە تێکەڵێکن بۆ پڕ کردنەوەی درزی نێوان موززاییکی پێکهاتەیی و واتایی دوو زمانەکە ، تا فۆرم و واتای دوو زمانەکە سەرجەم وەکوو یەکیان لیٚ بێت.

هێندێك لە وەرگێڕەکان و وەرگێڕان ناسەکان تێکۆشاون ئەو جیاوازییە کە نایدا لە نێوان وەرگێڕانی ڕواڵەتی و وەرگێڕانی زیندوو دا قایلە ، بە هەمان ئەو جیاوازییە دابنێن کە لە نێوان وەرگێڕانی وشە بە وشە و وەرگێڕانی



www.pertwk.com

سەربەستدا هەیە. ئەگەرچی هێشتا پێوەرێکی تەواو بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی وەرگێڕانی وشە بەوشە و وەگێڕانی سەربەست لەبەردەستدا نیە ئەکری بلٚێین کە قسەی ئەو ڕەخنەگرانە ڕاست نیە. نایدا وەرگێڕانی زیندو و وەرگێڕانی سەربەرست بە یەك شت نازانێت. ئەگەرچی نایدا بۆ گەیشتن بە وەرگێڕانی زیندو هەندیٚ جار هەمان ڕێگای وەرگێڕانی سەربەست دەگرێتەبەر ، بەلام ڕەنگە نەتوانین ئەم دوو شتە لە ماهییەتدا وەك یەك سەیر بکەین . نایدا زۆرجار پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت وەرگێڕ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی خوێنەر لە پەیامی دەقە بنەرەتییەکە تیٚ بگات . نایدا قسە لە سڕینەوەی پەیام ناکات ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کە بۆگەیاندنی پەیامەکە دەسکاری فۆرمەکە بکرێت.

لە ڕاستیدا پەیڕەو کردنی ئەوبۆچوونەی نایدا دەربارەی وەرگێڕانی زیندوو ، کارێکی ئەستەمە چوونکە پێدەچیٚ ئەم کارە ببێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕ بچێتە نێو چوارچێوەی وەرگێڕانی سەربەستەوە ( کە ئەمەش لەجێی خۆیدا کارێکی سوود بەخشە ) . لە دەزگای ورگێڕانناسی نایدادا ئەگەر بێت و لە دەقە بنەڕەتییەکەدا بۆ نموونە سپێتی دیاردەیەك بەبەفر بشوبهێندریٚ و ، خوێنەری دەقی مەبەست ئەو دیاردە نەناسێت و ناتوانێت وێنای بکات ، ئەوا وەرگێڕ مافی ئەوەی هەیە کە ئەو سپێتییە بە لۆکە یان شتێکی هاوچشن بشوبهێنێت کە بتوانێت هەمان " دەور" ی هەبێت. ( نایدا 1964ل171) . لە ڕاستیدا لێرەدا فۆرم واتا ناگەێنێت و وەرگێڕ ناتوانێت لە ڕێگای هەمان فۆرمەوە پەیامەکە بگوازێتەوە و ڕاست لێرەدایە کە نایدا "واتای دەورگێڕ" دەخاتە پێش "واتای فۆرمی"یەوە. بە ئاسانی دەتوانین بەشێکی زۆری وشە و ڕستەکان وەربگێڕینەوە سەر زمانێکی تر . بە واتایەکی تر بۆ وەرگێڕاندنی بە شێکی بەرچاوی ڕستەکان دەتوانین کەڵك لە وەرگێڕانی وێنەیی وەربگرین. بەڵام لە ڕێگای ئەم جۆرە وەرگێڕانەوە ناتوانین هێندیٚ لە وشە و ڕستەکان کە نایدا بە " ناوچە ئاڵۆزەکان"ی نێوان دوو زمان ناوزەدی دەکات وەربگێڕینەوە. ( نایدا1964 :171–176) ئەمانە ئەو شوێنانەن کە ئاستی زانایی و توانایی

www.pertwk.com

وەرگێڕ لە زمان و بە واتایەکیباشتر لە سەر کەلتووری بنەڕەتی و کەلتووری مەبەست دەردەخات . لەم بەشانەدا فۆرم کارێکی لە دەست نایەت و وەرگێڕ دەبێت بچێتە نێو قووڵایی گەنجینەی زمانی مەبەستەوە و فۆرمێك بدۆزێتەوە کە هەمان ئەرك و دەوری هەبێت . بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بی ئەم لاو ئەو لا دەبێ وشە گۆڕی بکرێت و لێرەدایە کە نەیارەکانی رەخنەی لێدەگرن. جەنتێزلێر بە تەوسەوە دەڵێت کە نایدا " بەرخۆلە " دەکات بە شێری ئاوی (FOK)و (بەراز) تا پەیامی خوا بەگوێی ئیمانادران بگەینێت.( جەنتێزلێر (GENTZLER 60 : 1993

بە گشتی زۆربەی ئەو کەسانەی کە رەخنە لە نایدا دەگرن ئەوانەن کە خۆیان بە کردەوە کاری وەرگێڕانیان نەکردووە و، بە پێچەوانەوە نایدا چوونکە ناچار بووە کە وەرگێڕانی بەشێکی گەورە لە کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانە ناهیندو ئەورووپییەکان سەرپەرشتی بکات ، بەو ئەنجامە پراتیکیانە گەیشتوە . بە داخەوە یەکێك لەو لەمپەرانە کە بەدەوام بوەتە هۆی ناتەواوی تیۆری وەرگێڕان ئەوە بووە کە زۆربەی پسپۆرانی وەرگێڕان بۆ خۆیان بە کردەوە ئەم کارەیان نەکردوە و نایدا لەم نێوەدا ئاورتەیەکی بەرچاوە. بیر دۆزان بە باشی لەو مەسەلانە تێ دەگەن کە پەیوەندییان بە ناتەبایی دوو سیستمەوە هەیە. بەلام کاتێ ئەم پسپۆرانە یان ئەو رەخنەگرانە کە بڕوایان بەم تیۆرانە هەیە و خۆیان رەخنە لە وەرگێڕان دەگرن ئەوەندە زەحمەت بە خۆیان نادەن کە رێگاچارەکەش دەست نیشان بکەن . جەنتزلێر دەڵێت نایدا " هەموو رەمز و رازەکانی زمانی فرۆید بە لاوە دەنێت تا خوێنەر بتوانێن پەیامە بنەرەتییەکە وەربگرێت ، ئەمەش مانای پێشێل کردنی مەبەستەکەیە " . ( هەمان سەرچاوە)

مخابن جەنتزلێر ، کە لەوانەیە بۆخۆی بە کردەوە کارێکی بەرچاوی لە وەرگێڕاندا نەکردبێت باس لەوە ناکات کە چۆن دەتوانین ئەو رەمز و رازانە بە تایبەتی بە شێوازی وەرگێڕانی رواڵەتی وەربگێڕینە سەر زمانێکی تر . ئەو بەشە لە وەرگێڕەکان کە تووشی ئەم کێشانە هاتوون ، بە شێوەیەك لە



شێوەکان چارەسەریان کردون ، بەڵام ئەوانیش بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە چۆنیەتی گەیشتن بەم رێگاچارانە روون بکەنەوە. دیارە دەتوانین بڵێین کە ئەمە ئەرکی سەرشانی ئەوان نەبووە ، بە پێچەوانەوە ئەم ئەرکی زماننناس و پسپۆرەکان بوو کە دەبوایە ئەم کێشانە راڤە بکەن و بیردۆزەی کردەیی بهێننە کایەوە کە مخابن لە زۆربارەوە وەها دەرنەچووە. ئێمە لە لایەك وەرگێڕی وامان هەبووە کە بە بێ ئەوەی لە باری تیۆرییەوە سەری لێ دەرکەن بە زەوق و زانایییەوە لە تەنگژەکانی وەرگێڕان رزگار بوون و کێشە ئاڵۆزەکانیان بۆ خوێنەرچارەسەرکردووە و ، لە لایەکی ترەوە تیۆریزانی وا هەبوون کە خۆیان بە کردەوە کاریان لە وەرگێڕاندا نەکردووە. بۆ نموونە لە هێندێك لە تیۆرییەکانی وەرگێڕاندا دەوترێ کە ( چ لە ئاستی رێزمانی و چ لە ئاستی واتایی)دا نابێت گۆڕان لە بابەتی قسە کردن( مقولەی سخن )دا پێك بهێنرێت . بە پێی ئەو تیۆرە دەبی ناو بکرێت بە ناو ، کار بکرێ بە کار ، ئاوەڵناو بکرێ بە ئاوەڵناو ، و لە بوارێکی تردا شوبهاندن بکرێ بە شوبهاندن ، و خوازە بکرێ بە خوازە ، و رەگەز دۆزی بکرێ بە رەگەز دۆزی . ئەو کەسانە کە ئەم تیۆرانە دائەتاشن بە گشتی ئەوە روون ناکەنەوە کە ئەم دۆخە لە کردەوەدا پێك نایەت. ئەوەی کە وەرگێڕ بە کردەوە دەیکات گۆڕینی ئەم ئامرازە زمانی و ئاخاوتەییانەیە تا بتوانێت دەقێکی یەکگرتوو و پتەو بێنێتە کایەوە. بێگومان پێداگرتن لەسەر ئەو بڕیارە دوگمانە دەبێتە هۆی نەزۆك کردنی زمان و لە گەڵ ئەوەشدا دەقێکی ناڕێك و شپرزە پێشکەش دەکات کە بە تایبەت لە بەر ئەم هۆیەی دوایی ناکرێ ناوی دەقی لەسەر دابنێین .

## وەرگێڕان لە کردەوەدا

ئەو رەخنەیە کە جەنتزلێر لە نایدا – ی دەگرێت ، لە رووی تیۆریەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە ، بەڵام بە کردەوە کۆمەڵێك کێشەی بەرەو روو دەبێتەوە. رەنگە بتوانین لە سەر بنەمای رەوشێکی ئارمانی پاساو بۆ ئەم قسەیەی جەنتزلێر و باقی بۆچوونەکانی دیکەی لەو چەشنە بێنینەوە. بەو مانایە کە بە پێی ئەو جۆرە بیردۆزانە وەرگێڕان لە باشترین حاڵەتدا دەبیٚ بەو شێوەیە بێت کە ئەوان مەبەستیانە نەوەك ئەوەی کە بە کردەوەش دەتونیٚ وا بیٚ. رەنگە بتوانین بۆ هەڵسەنگاندنی وەرگێڕان کەڵك لەو جۆرە تیۆرانە وەربگرین، بەڵام بێگومان گونجاندنی ئەوانە لە وەرگێڕاندا گەلێك کێشە دێنێتە پێش . بۆ نموونە رەگەزدۆزییەکان بە گشتی وەرناگێڕدرێنەوە . بۆ نموونە سەیری ئەو وتووویژەی خوارەوە بکەن:

" -- چرا اینقدر بی قراری؟ -- برای اینکه قرار دارم "

( واتە ،-- بۆچی ئەوەندە بی ئۆقرەی؟ -- لەبەر ئەوەی مەوعیدم هەیە "

وا دابنێین بمانەوێت ئەم گونجانە فۆرمی – واتاییە بکەین بە ئینگلیزی. ئەمە شتێکی ئەستەمە بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێت لە رێگای وەرگێڕانی رواڵەتییەوە ئەو کارە بکەین ،لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ بی ئۆقرەبوون ( بی قراری) restless یان importient بەکار دەبرێت کە هیچ کام لەوانە ناتوانن رەگەز دۆزی(جناس)ی جوانی " قرار و بی قرار" دروست بکات. ئەم حاڵەتە لە وەرگێڕانی ئەم شێعرەی کۆلریجیش دا هەیە.

and love is flower like.، Flaowers are lovely

لێرەشدا ناتوانین لە فارسیدا وشەیەکی وەها بدۆزینەوە کە هەمان واتا بگەینێت و ئەم رەگەزدۆزییە لە فۆرمدا دروست بکات . وشەی LOVE



www.pertwk.com

لێرەدا واتای ئەوین دەگەینێت ، بەڵام ناتوانیین وشەی LOVELY بکەین بە ئەوینی ، یان ئەویندارنە ، بەڵکوو هاوواتەکەی لە فارسیدا دەکاتە خۆش ویستن ، و سەرنجام وەرگێڕدراوی ئەو رستەیەی سەرەوە بەو جۆرەیە: "گلها دوست داشتنی هستند وعشق همچون گل است " ( واتە گوڵەکان ئازیزن و ئەوین وەك گوڵە ). یان ئەم وەرگێڕانە : "گل همچون عشق است و عشق همچون گل است " ( واتە گوڵ چون ئەوینە و ئەوین چون گوڵە ) . هێچکامیان وەك دەستەواژە ئینگلیزیەکە جوان نین . کەواتە ئەو کەسانە کە بە پێوەرە تیۆرییە پەتییەکان رەخنە لە وەرگێڕان دەگرن ، شارەزاییان لە رەوتی کردەیی وەرگێڕان ٍنیە. هاوسەنگی نێوان دوو دەق تەنیا لە ئاستێکی گشت (MACRO LEVEL)دا پێك دێت و هەرچەشنە هەوڵدانێك بۆ پێکەوە گونجانی ئەوانە لە ئاستێکی بەش (MICRO LEVEL)دا سەرکەوتوو نابیٚ. وەرگێڕانی هەر دەقێك بە گشتی دەبێت لە گەڵ دەقە سەرەکییەکەدا بگونجیٚ و بۆ گەیشتن بەم گونجانە گشتییە رەنگە زۆرجار پێویست بکات کەم و زۆر دەسکاری بکەین . راست لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئەو تیۆرانە کە لە سەر بنەمای گوتار پێك هاتوون لە وەرگێڕاندا جێگای پەسندن. ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە گوتاری هەر زمانێك جیاوازە لەگەڵ گوتاری زمانێکی تردا جیاوازییەکی حاشاهەڵنەگریان پێکەوە هەبێت ، و بڕوامان بەوە هەبێت کە بە بی دەسکاری کردنی ئەو گوتارانە هیچ وەرگێڕانێك نابێتە دەق ، ئەوا رەوایی تیۆرییە گوتارییەکان دەردەکەویٚ .

کێشەی هەڵە زمانییەکان لای فروید (FREUDIAN SLIPS) کە جەنتزلێر سەبارەت بەوە رەخنە لە نایدا دەگرێت ، یەکێکی‌تر لەو کێشانەیە کە دەتوانیین بڵێین کە ریگاچارەی نیە . فروید دەڵێت ئەو هەڵانە کە ئێمە پێیان دەڵێین هەڵەی زمانی و هۆیەکی روونی دەروونناسانەیان هەیە . بۆ نموونە زۆرجار بینیومانە کە کاتیٚ دایە گەورەیەك بۆ ئەوەی یەکیك لە نەوەکانی بانگ بکات ، بە هەڵە ناوی نەوەیەکی‌تری هێناوە . ئەگەر بێت ورد بینەوە ، ئەوا دەبینین کە لەم حاڵەتانەدا دایە گەورە ناوی یەکێکیان لەوانی تر زۆرتر دێنیٚ .

فرۆید ئەم کێشەیە بەو جۆرە پاساو دەداتەوە ، کە دایە گەورە ئەو نەوەی لە نەوەکانی تر زیاتر خۆش دەوێت . ئەمە یەکێك لە سادەترین حاڵەتەکانی هەڵەی زمانییە. جاری وایە کیشەکە لەمە ئاڵۆزترە بۆ نموونە رەنگە یەکێك لە بڕگەکانی ناوی ئەو نەوە خۆشەویستەی لە جیاتی بڕگەیەك لە ناوی نەوەیەکیتر بەسەر زمانایدا بێت و وشەیەك دروست بکات کە لە راستیدا بوونی نەبێت و وشەیەکی داتاشراو بێت. بۆ نموونە وادابنێن کە داپیرەیەك دوو نەوەی هەیە ، ناویان کەیوان (کوڕ ) و رێحان(کچ)ە و ئەو کەیوانی زیاتر خۆش دەوێت . ئەم داپیرەیە رەنگە بەردەوام بیر لە کەیوان بکاتەوە و لە کاتی بانگ کردنی رێحان دا بە هەڵە پێی بڵێت (کەیهان) . فروید بروای وایە کە ئەم تێهەڵکێش کردنە لە خۆرایی نیە . خۆشەویستی لە رادەبەدەری داپیرە بۆ کەیوان ، دەبێتە هۆی ئەوەکە بڕگەی ( ك ) ی وشەی کەیوان هەڵبگرێت و لە جیاتی بڕگەی یەکەمی وشەی رێحان واتە ( رێ ) دابنرێ و وشەی (کەیهان) دروست بکات. دەتوانین بە ئاسانی بەو قەناعەتە بگەین کە رەوشێکی لەو چەشنە لە وەرگێڕاندا تووشی کێشە دەبێت ، چوونکە ئەستەمە خوێنەری زمانی مەبەست لەم تێهەڵکێشە تایبەتە تێ بگات. فروێد لە کتێبی ( دەروونناسی رۆژانە) دا نموونەیەکیتر دێنێتەوە . فروێد باس لە کۆڕێکی بچووك دەکا کە تێیدا کۆمەڵێك کەس باس لە لایەنە سەرنجراکیشەکانی ژن و پیاو دەکەن . لەو کۆڕەدا ژنێك بەرگری لەو روانگە دەکات کە ژن بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی پیاو رابکێشێت ، پێویستە جوان بێت ، بەڵام بۆ پیاو بەو چەشنە نیە . هەروەها لە درێژەی بەڵگە هێنانەوەکاندا دەڵێت : Yes, a woman must be pretty if she is to please men.Aman is better off; as long as he has five limbs he needs nothing more.

واتە ،"بەڵێ ، ژن ئەگەر بیەوێت سەرنجی پیاو رابکێشێت پێویستە جوان بێت . بەڵام پیاو دۆخێکی باشتری هەیە ، هەر ئەوە کە پێنج پەلی ساغ بێت ، پێویستی بە هیچیترنیە. " لەم بوارانەدا ،" چوار پەلە " کە ئەم ژنە بە هەڵە لێرەدا دەڵێت " پێنج پەل " . فرۆید دەڵیت ئەم هەڵە کردنە لێرەدا بێ حیکمەت



www.pertwk.com

نیە و زیاد کردنی "پەلی پێنجەم " نیشانەی ئەو حەزە نادیارانەیە کە لە نەستی ئەم ژنەدا هەن .

جەنتزلێر ئەو رەخنانەی کە لە نایدای دەگرێت پەیوەندی بەم بوارانەوە هەیە کە هێندێجار لە وەرگێڕاندا بەبێ شیکاری زیاتر ناتوانین ئەو شتانە بۆ خوینەرلە زمانی مەبەستدا بگوازینەوە . ئەوەی باسمان کرد بەشێکی زۆر ئاساییە لەو چەشنە هەڵەزمانییە . نموونەی دیکەی لەوچەشنە هەن کە ئەوەندە ئاڵۆزن کە سەرباری شیکاری لە رادە بەدەر دیسانیش بە زەحمەت خوێنەر دەتوانێ لێی تێ بگات . کەوابوو ئەو رەخنانە کە لە سەر بنەمای تیۆرییەکانی پاراوەی زمان لە وەرگیران دەکرێت ، زۆر جار ناڕەوایە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ناکرێ هەموو لایەنە ماناییەکانی زمانێك بە تەواویی وەربگێڕدرێنە سەر زمامێکی تر. فێرس پێی وایە کە مانا بریتیە لە " دەور" لە نێو " پێکهاتە" دا. بە دەربڕینێکیتر مانای دەستە واژە یان رستە بریتی نیە لە کۆبەندی مانای یەك بە یەکی وشەکان ، بەڵکوو دەورێکە کە تیایدا وتە و رستە لە رەوشێکی تایبەتیدا دەیگێڕن. فێرس لەم بارەوە تا رادەیەك لە ژێر کاریگەری ملیناڤیسکی دا بوو ، کە بەرلە ئەو چەمکی پێکهاتەی بارودۆخ (contexet of situation)ی هێنابوە ئاراوە . فێرس ئاستی جۆربەجۆر بۆ مانا دادەنێت کە بریتیە لە : دەنگسازی (واج شناسی) ، ریزکردن( هم ایندی/Collocational) و رەوشی ( موقعیتی) . ئەم ئاستە جۆربەجۆرانە لە وەرگێڕاندا زۆر بە ئەستەم دەگوازرێنەوە . فێرس پێی وایە بە پێی ئەمەدیاری بکەین کە تا چەند دەکرێ دەقێك وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. بۆ نموونە خودی فێرس قەناعەتی وایە کە لەبەر وردە کارییە دەنگی وفۆنەتیکیەکان ناکرێ شێعرەکانی سوێنبڕن ، شاعیری بەریتانی وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانیتر. ئەو کەسانە کە هەوڵیان داوە دەقی وەك ( چرند و پرند ) عەلی ئەکبەری دێهخودا وەربگێرنە سەر زمانەکانی تر ، ئەو ئەزموونەیان هەیە. چەند بەشێکی ئەم دەقانە بە هیچ شێوەیەك وەرناگێڕدرێنە سەر زمانەکانی تر.

تیۆرییەکەی نایدا  لە سەر بنەمای  " پێکهاتە ناوکییەکان " Kernel ) constructions) دامەزراوە کە  رستەکانیش هەر لەوانەوە  سەرهەڵدەدەن. ( نایدا 1964 ، ل 68) . نایدا تیۆرەکەی خۆی لە سەر بنەمای تیۆریی چامسکی داناوە ، بەو جیاوازییەوە کە چامسکی لە ناوەرۆکەوە بەرەو فۆرم دەڕوات ، لە کاتێکدا  نایدا لە فۆرمەوە بەرەو ناوەرۆك دەروات. رەوتی وەرگێڕان لە سیستمی نایدادا سێ قۆناغ دەگرێتەوە : راڤە کردن (analysis) ، گواستنەوە (transfere) ، و  بنیاتنانەوە (restructure). لە قۆناغی یەکەمدا وەرگێڕ مانای رستەکە شیدەکاتەوە و دەگاتە شوێنێکی وەك ئاستی ناوەرۆك ، لە قۆناغی دووەمدا هەر ئەم ژێر خانە دەگوازرێتەوە بۆ زمانی مەبەست و لە قۆناغی سێهەمدا شتێك لە چەشنی گۆڕانی سیستمی چامسکی پێك دێت.  ئەم واتا ناوەرۆکییە لە چوارچێوەی پێکهاتەی  نوێی زمانی بنەرەتدا دادەرێژرێتەوە . جەنتزلێر لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەڵەی نایدا لەوەدایە کە گوێی بە وتەکەی چامسکی نەداوە کە دەڵێت : لە وەرگێڕاندا دەبێ بە پارێزەوە کەڵك لە تیۆرەکانی ئەو وەربگیردرێت . جەنتزلێر ( 1993 ل 58 ) دەڵێت : نایدا پێی وایە کە دەبێ وەرگێڕ دەقەکە بە پوختی و ئامادە کراوی پێشکەش بە خوێنەر بکات . لە روانگەی ئەوەوە نایدا لە رەوتی وەرگێڕاندا تەواوی ئاڵۆزییەکانی نێو دەقەکە هەموار دەکات و دەقێك پێشکەش بە خوێنەر دەکات کە ئیستاتیکا و وردە کارییەکانی دەقە بنەرەتییەکەی لە گەڵ دا نیە. لە روانگەی جەنتزلێرەوە  هۆی ئەم کارە ئەوەیە کە نایدا خۆی لە خوێنەر بە زیاتر دەزانێت و لە ئاکامدا  هەوڵ ئەدا لەم منبەرەوە دەقەکە ئاراستەی خوێنەر بکات و لەم ئاراستە کردنەدا بە کەیفی خۆی دەسکاری لە دەقەکەدا دەکات. جەنتزلێر نە تەنیا نایدا بە وەرگێڕێکی دەسپاك نازانێك ، بەڵکوو پێی وایە کە ئەو بانگەشەکەرێکی هەلپەرست و دژە رۆشنبیرییە  کە لای وایە هەموو کەس لە هەموو دەقێك تێ دەگات. ( هەمان سەرچاوە  ل 45) . ئەوە راستە کە نایدا دەقە ئایینییەکانی وەرگێڕاوە و بێگومان لەم کارەشدا بانگەشە کردن بۆ ئاینیش پاڵنەری بووە . جەنتزلێر



www.pertwk.com

دەڵێت لە  روانگەی بانگەشەکەرێکی ئاینییەوە سروشتییە کە بابەتێك بە زمانێکی باشتر و سادەتر بگاتە گوێی خەڵك . بەڵام ئیتر بەم  کارە ناوترێت وەرگێڕان . جەنتزلێر ئەم کارەی نایدا بە شیکردنەوە(exegesis ) دەزانێت ، نەوەك بە وەرگێڕان.

ئێمە ناتوانین بە یەکجاری رەخنەکانی جەنتزلێر لە سەر نایدا رەت بکەینەوە ، هەروەهاش  ناتوانین بە یەکجاریش قبووڵیان کەین . لەو شوێنەدا کە جەنتزلێر نایدا بە بانگەشەکەرێکی ئاینی ناو دەبات ، بەشێکی راستە. راستییەکەی ئەوەیە کە نایدا بڕوایەکی قووڵی بەوە هەیە کە دەبێ لە وەرگپراندا بە هەر جۆری بێت پەیامەکە بگەیەنرێت . واتە لە کێشەی نێوان فۆرم و واتادا واتا لە پێشترە . بەڵام لەو شوێنەدا کە جەنتزلێر سەبارەت بە هاوسەنگ کردنی زمان لە دژی نایدا دەوەستێتەوە ناتوانین لایەنگری لێ بکەین. چوونکە  تا رادەیەك ئەتوانین بڵێین کە هیچ دەقێك بە بێ هاوسەنگ کردن  وەرناگێردرێتەوە ، مەگەر ئەوە کە وەك بیرکاری کە تەنیا لە زمانی فۆرم پێك هاتووە ئەویش تەنیا لایەنی فۆرموولییەکەی  دەگرێتەوە ، نەوەك لایەنی تیۆرییەکەی و (شهود)یەکەی ئەم حاڵەتەش بە گشتی کەمتر روو دەدات . دیارە جەنتزلێر پێ لە سەر مەسەلەیەك دادەگرێت کە لە وەرگێڕاندا زۆر گرنگە و ئەویش ئەوەیە کە وەرگێڕ هەرگیز نابێت کارێك بکات کە دەقێك سادەتر یان دژوارتر لە دەقە سەرەکییەکە بێت .  نایدا بڕوای وایە کە وەرگێڕان دەبێت بە شێوەیەك بێت کە هەمان کاریگەری کە دەقە سەرەکییەکە لە سەر خوێنەری زمانە سەرەکییەکە دایدەنێ لە سەر خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکەش داینێت ، و ئەگەر هاتوو بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەو کاریگەرییە دروست نابێت ، ناچارین دەسکاری تێدا بکەین. ( نایدا و تەیبر 1969 ل 202) . بە درێژایی مێژووی وەرگێڕان بەردەوام دوو روانگە لە بەرابەر یەکتردا وەستاون : وەرگێڕانێ کە دەقە سەرەکییەکە بە تەوەر دادەنێ ( مبدأ مدار)  source oriented و وەرگێڕانێ کە دەقە وەرگێڕدراوەکە بە تەوەر دەزانێت ( مقصد مدار) target oriented. یەکەمیان زیاتر لایەنی نوسەر دەگرێت و

www.pertwk.com

دووهەمیان بە لای خوێنەردا دای دەشکێنێت. نایدا سەر بە روانگەی دووەمە. تاكوو ئێستا بەڵگەی تەوامان لەبەر دەستدا نیە كە بە تەواوی بێسەلمێنیین كە كامە روانگەیان لەویتر لە پێشترە ( تا كاتێكیش گوتارەكان یەكسان نەبن ، ناتوانین ئەمە بسەلمێنین ). وادیارە بە پاراستنی ئەم دوو پێوەرە وك دوو روانگەی بی كۆتایی دەبێت لە كاتی وەرگیراندا هەر دوو رونگەكە رەچاو بكەین. بە وتەیەكی تر دەبێت ئەوە قبووڵ بكەین كە چەندین دەقی وەها دەكرێ بە رێگای پەیرەو كردنی میتۆدی یەكەم –– واتە ئەو وەرگێڕانەی كە زیاتر مەبەستی نوسەرە–– بە باشترین شێوە وەربگێڕینەوە ، لە كاتێكدا لە هێندێ دەقی دیكەدا ناتوانین ئەم میتۆدە پەیرەو بكەین . ئەدیب سوڵتانی لە وەرگێڕانی(كانت)دا بەو ئاكامە گەیشتووە كە دەكرێ ئەو بەرهەمە بە پێی مێتۆدی یەكەم وەربگێردرێتەوە. بەڵام وادیارە كە مامەڵەی خوێنەران بەرامبەر بەم وەرگێڕانە ئەوە نیشان دەدات كە لانی كەم لەم سەردەمەدا تا رادەیەك پێویستی بەوە هەبووە كە هاوسەنگ بكرێت. لە بەرامبەر ئەم روانگەیەدا ئەو كارەیە كە بۆ نموونە فیتز جراڵد لەگەڵ خەیام و كەریمی مەشرووتەچی لە گەڵ "حیدربابایە سلام" دا كردوویانە. وادیارە ئەگەر بمانەوێت لە وەرگێڕانی شێعردا كارەگەرییەكان وەك یەك بن جگە لەسەر لە نوێ داهێنانەوە (transcureation ) رێگایەكیترمان لە بەردەمدا نیە. ناتوانین " سڵاو لە حەیدەر بابا" ی مەشرووتەچی بە هاوتای دەقە سەرەرەكییە توركییەكە بزانین . بەڵكوو دەبێت وەكوو بەرهەمێك چاوی لێ بكەین كە گەوهەر و سروشتی خۆی لە دەست داوە و بە بەرگێكی شێعری كۆنی فارسییەوە پێشكەش بە خوێنەر كراوە. ( حەمید نوتقی 1376ی هەتاوی) . كەواتە دەبێت بە دڵنیاییەوە بڵێین كە ناتوانین هیچكام لەو دوو روانگەیە لە وەرگێڕاندا بە روانگەیەكی رەها دابنێین .

یەكیك لەو هۆكارە گرنگانەی كە نایدای بەرەو لای ئەو وەرگێڕانە برد كە خوێنەر بە تەوەر دادەنێ ، دژایەتیكردن بوو لەگەڵ كەشوهەوای كەلتووریی سەدەی نۆزدەهەمدا كە بایەخێكی لە رادەبەدەری بە وەرگێڕانی میكانیكی



دەدا. كەسایەتی هەڵكەوتووی ئەو سەردەمە ماتیو ئارنۆڵد بوو كە لە روانگەی نایداوە شێوازی نووسینەكەی زۆر مەلایانە بوو . ئارنۆڵد لەو بڕوایە دایە كە خوێنەر دەبێت زانیارییەكی زۆری لەسەر كەلتووری نوسەر هەبێت تا بتوانێت لە دەقە تەرجەمەكراوەكە تێ بگات . ئەو بڕوای بەوە نیە كە وەرگێڕ هاریكاری خوێنەر بكات. لە لایەكی ترەوە جەنتزلێریش بڕوای وایە كە نایدا لەبەر ئەوەی پێی خۆشە بانگەشە بۆ كەلتووری مەسیحی بكات ، لە بنەرەتدا لە زمانی كۆمەڵانی خەڵكەوە نزیكە ، و پێی وایە هەموو كەسێك دەتوانێ لە هەموو بابەتێك تێ بگات . ( جەنتزلێر 1993 ل 65) . ئارنۆڵد و نایدا دوو نموونەن كە لە وەرگێڕاندا سەر بە دوو روانگەی جیاوازن كە دەتوانین لە مێژوودا نموونەی وەك ئەون پەیدا بكەین.

بەم دوایانە پێنج شێعر لە شێعرەكانی خانمی ڤیسوڤاشیبوریسكای پۆلۆنی و ورگری خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی ساڵی 1996 وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و لە گۆڤاری "نگاه نو" دا بڵاو كراونەتەوە . ( ئەسموۆژنسكی 1375یهەتاوی/1996ز). ئەم شێعرانە لە لایەن مارك ئەسموۆژنسكی پۆلۆنییەوە ورگێردراون كە دوكتۆرای لە زمان و ئەدەبی فارسیدا هەیە و ئەوەندەی لە بابەتەكەی گۆڤاری" نگاه نو"دا دەردەكەوێت ، لانی كەم شارەزاییەكی باشی لە زمانی فارسیدا هەیە. ئەسموۆژنسكی لە وەرگێڕانی یەكیك لە شێعرەكاندا بۆ سەر زمانی فارسی باسی لە " أش رشته "(1) واتە ( دانوولە) كردووە . مینوموشیری لەنامەیەكدا لە بۆ " نگاە نو" ژمارەی 33 ، ویڕای گاڵتە كردن بە وەرگێڕ رەخنە لە سەرنوسەری گۆڤارەكە دەگرێت كە بۆ چی ئەم جۆرە وەرگێڕانە بڵاو دەكاتەوە . وەرگێڕ لە وەڵامی مینو موشیریدا هۆكاری بە كار هێنانی " أش رشته " ی روون كردووەتەوە. ( ئەسموۆژنسكی 1376هەتاوی/1997ز) ئەسموۆژنسكی بە بەڵگەوە باس لەوە دەكات كە ئەوەی لە وەرگێڕانەكەدا كراوە بە " أش رشته" لە دەقە پۆلۆنییەكەدا " سوپ مرغ " واتە " سوپی مریشك"ە. بەڵام كێشەكە لێرەدایە كە سوپی مریشك لە پۆلونیا و ئێران وەك یەك بایەخی پێنادرێت و بە بەڵگەوە دەیسەلمێنیت كە

تێگەیشتنی خەڵکی ئێران لە (دانوولە) بەرامبەرە بە هەمان تێگەیشتن کە خەڵکی پۆلونیا لە سوپی مریشك هەیانە و لە ئاکامدا بۆ وەرگێڕانی ئەم شێعرە بۆ سەر زمانی فارسی دەتوانین (دانوولە) بە باشترین هاوواتا بۆ سوپی مریشك دابنێین کە لە باری واتایی – پەیوەندی --- کەلتوورییەوە هەموو تایبەتمەندیەکانی سوپی مریشکی پۆڵەندی تێدایە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە فێرس پێی دەلێت " دەور لە نێو پێکهاتە" دا و هەمان واتا دەور دەبینێ کە نایدا باسی لێوە دەکات .

1) اش رشتە( ئاشی رشتە ) ، جۆرە شۆربایەکە کە پێك دێت لە رشتە ( شەعرییە ) و ئاو و هەندێ سەوزەی جۆراوجۆر و دانوولەی وەك نۆك و ماشە و نیسك و...– و.

## وەرگێڕانی شتە نەوتراوەکان

خاڵی گرنگ لێرەدا دیاری کردنی ئەو شوێنە دڵخوازەیە کە کەوتووەتە نێوان دوو جەمسەری وەرگێڕان . پێزانین بەم خاڵەیە کە وا لە وەرگێڕ دەکات کە "مانگ و شەش پنی" بکات بە مانگ و شەش قرووشی . بەڵام پیاوی شەش ملیون دۆلاری نەکات بە پیاوی ئەوەندە تمەنی. ! ڕۆێشتن بەرەو ئەو جەمسەرانە هێندێ جار وەرگێڕ تووشی دڵەراوکێیەکی زۆر دەکات بەڵام بێگومان هەر وەرگێڕیك بۆ ڕۆێشتن بەرەو ئەم دوو جەمسەرە دژبە یەکە کۆمەڵێك پێوەر و لە ڕاستیشدا کۆمەڵێك دوێندراو ( مخاگب)ی تایبەتی بە خۆی لەبەرچاو دەگرێت . خوالێخۆشبوو محەممەدی قازی لە وەرگێڕانی " دۆن کیشۆت"دا دەستە واژەی "سوبحانەڵا" ی بە کار هێناوە . هێندی کەس ئەم دەستە واژەیە پەسند ناکەن و دەڵێن مەگەر لە زمانی ئیسپانیایی ، یان فەرەنسیدا شتێکی لەو بابەتە هەیە؟ زۆرجار لە فیلمەکانی (جان ڤێن)دا لە زمانی خۆیەوە دەستەواژەی " الله اکبر " و " لاالەالاالله"مان بیستووە. لە



www.pertwk.com

ورگێڕانی شانۆنامەکانی مولێردا هێندی جار ناوی پاڵەوانەکانیان دەگۆڕی . محەممەد عەلی فرووغی شانۆنامەی (تارتۆف)ی مۆلێری وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و ناوکەی گۆری بۆ( میرزا کەمالەدین ، یان پیرۆزی ریایی )و کەسیش بە کارێکی نائاسایی نەزانی . رابسا دەگێرێتەوە کە ،" بۆرخێس سەردەمێك بە وەرگێڕی بەرهەمەکانی خۆی ( نۆرمەن تۆماس دی جووانی) وت کە شتێك بنووسێت کە ئەو مەبەستی بووە بیڵێت ، نەوەك ئەو شتەی کە وتوویەتی" ( راباسا1373ی‌هەتاوی/1994ز) . کەوابوو بڕیارەکی" محەممەد– ی قازی" لە بۆچوونی "بۆرخێس" و ( شتە) نەوتراوەکانی "رۆڵان بارت"یش نزیکە.

لەم نموونانەدا دەسکاری کردنی وەرگێڕ شتێکی جیا و نامۆ بە کەشوهەوای گشتی دەقەکە نیە . ڤنووتی دەنووسێ : " دەتوانین هەندێك شوێن لە بەر چاو بگرین کە وەرگێڕ سەبارەت بە هێندێ لە خوێنەرانی وەرگێڕان بە پێویستی دەزانێت هەندێك گۆڕانکاری‌لە دەقە بنەرەتییەکەدا بکات . ئەم کارە نەتەنیا لە وەرگێڕانی دەقە زانستییەکاندا ، بەڵکوو لە وەرگێڕانی رۆمانە ئەدەبییەکانیشدا باوە. بۆ نموونە یەکیك لە هۆیەکانی پێشوازی کردنی رەخنەگران و زۆرینەی خەڵك لە وەرگێڕاوی ئینگلیزی ( ناوی گوڵی سوور / The name of the rose )ی ئەمبێرتۆ ئەکۆ ، کە لەلایەن ڤیلیام ڤیورەوە کراوە ، ئەوە بوو کە وەرگێڕ هەندێك لە بەشە لاتینییەکانی دەقە سەرەکییەکەی لابردبوو."( ڤنووتی 1995)

هەروەك چەند جارێك دووپاتمان کردوەتەوە ، پێویستی گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا لە جیاوازی نێوان گوتارەکانەوە سەرچاوە دەگرێ . کۆروساڤا دەرهێنەری سینەمایی بە ناو بانگی ژاپۆنی ، کە لەبەر ئەوەی توانیویەتی بەرهەمە ئەدەبییە قۆرسەکان بکات بە فیلم ، ناو بانگی دەر کردووە، لە دیمانەیەك لەگەڵ گابریا گارسیا مارکیزدا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرینگ دەکات . کۆروساڤا لەم دیمانەیەدا دەڵێت کە هێندێ لەو نوسەرانەی من بەرهەمەکانیانم کردوە بە فیلم ، کاتی فیلمەکەیان دیوە ، هێندێك لە دیمەنەکانیان گەلێك بە لاوە سەرنجراکیش و خۆش بووە و بۆ نموونە وتوویانە

" ئەم دیمەنە عەزیمە ، بە راستی چاکت دەرهێناوە " کۆروساڤا دەڵێت زۆربەی ئەم دیمەنانە لە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکەدا نەبوون و بۆ خۆی خستوونیەتە فیلمەکەوە. ! پاشان کۆروساڤا زیرەکانە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بەشانە لە راستیدا ئەو بەشانە بوون کە نوسەرەکان لە کاتی داهێناندا ویستوویانە لە نێو بەرهەمەکەدا ببێ ، بەڵام نەیانتوانیوە دروستی بکەن. دەرهێنەری فیلمەکە بە پێی توانای سرووشتی خۆی ئەو بەشانەی لە ناخی بەهەمەکەوە دەرکێشاوە و خستوونیەتە بەرچاو . چامسکی وتەنی ، ئەم بەشانە لە ناوەرۆکی بەرهەمەکەدا بوونیان هەبووە و بە هۆی دەرهێنەرەوە لەفۆرمدا خۆیان نیشان داوە. ئەمە هەمان ئەو قسەیەیە کە بۆرخس بە وەرگێڕی بەرهەمەکانی دەڵێت ، تەنیا ئەو شتانە وەرنەگێڕێتەوە کە ئەو نووسیویەتی ، بەڵکوو ئەو شتانەش وەربگێڕێتەوە کە ویستوویەتی بیانووسێت و نەینووسیون.

ئەگەرچی پێویستە وەرگێڕ لە هێندێ لایەنەوە دەسکاری بەرهەمەکە بکات ، بەڵام ئەم دەسکاری کردنە سنوور دارە . ئەم سنوورە تەنیا بە هۆی پێویستییە گوتارییەکانەوە دیاری دەکرێت و پێوانەیەکی تر بۆ ئەم کارە لە ئارادا نیە. ئەم پێویستییانە بۆ خۆیان بەسەر چەند توخمێکی وردتردا دابەش دەکرێن کە گرینگترینیان بریتین لە : زەمەن ، شوێن و ئاستی خوێنەر . هەروەك پێشتر باسکرا ، ئەگەر گوتارەکان لە نێو کەلتوور و زمانە جۆربە جۆرەکاندا وەك یەك بوونایە ، ئەوا چیتر پێویست نەبوو لە وەرگێڕاندا ئەو هاوسەنگیانە پێك بهێنرێن.

سەرباری ئەوە بۆ گۆڕینی هەر توخمێك لە وەرگێڕاندا پێویستە پشت بە تیۆری وەرگێڕان ببەستین. بۆ وێنە چاو لەم نموونەی خوارەوە بکەن . من کاتی خۆی خەریکی وەرگێڕانی کتێبێك بووم بە ناوی " هونەری خوێندنەوە" کە ئەنیس ( 1983) نووسیبووی. ئەو کتێبە لە سەر بنەمای تیۆری ( کردارخوازی / رفتارگرایی) نووسراوە و نوسەر باس لە چۆنیەتی گۆڕانی هەڵسوکەوت دەکات. لە شوێنێکی کتێبەکەدا دەڵێ یەکیك لە رێگاکانی گۆڕینی هەڵسوکەوتتان ، ئەوەیە کە مەرجێك بۆ خۆت دانێیت. بۆ نموونە لەبەر



www.pertwk.com

ئەوە کە هان بدرێن لە یەك شەودا بە تەواوی پاژێکی کتێبێکی دەرسی بخوێننەوە، دەتوانن بەڵێن بە خۆتان بدەن کە ئەگەر هاتوو ئەم کارەتان کرد ، بڕۆن و "hot fdge sundae " بکڕن و بیخۆن . ماوەیەك زۆر لە نێو فەرهەنگاندا بۆی گەڕام تا بزانم ئەم خواردنە چییە ، بەڵام نەمتوانی بە تەواوەتی تێی بگەم کە ئەمە چ خواردنێکە. لە راستیدا رەنگە نەتوانین لە نێو هەموو خواردن و شیرینییە ئێرانییەکاندا شتێك پەیدا بکەین کە تایبەتمەندی و تام و چێژی ئەو خواردنە بدات. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە تێگەیشتن لە چۆنیەتی تام و چێژی ئەو خواردنە و سەرەنجام ناسینی لایەنە جۆربەجۆرەکانی چەندە بۆ خوێندکارێك کە ئەیهەوێت بە هۆی کتێبێکەوە فێری هونەری خوێندنەوە بێت ، بایەخی هەیە ؟ تێگەیشتن لە رادەی ئەو بایەخە لە رەوتی وەرگێڕاندا بە لێوەشاوەیی و زیرەکی دادەنرێت. بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەتوانین هاو واتایەك بەکار ببەین کە بتوانێ دەوری هەبێ و هەم "چوار بنەماکەی گرایس" رەچاو بکەین. نایدا دەڵێت ئەگەر بێت و وەرگێڕ نەتوانێت لە زمانی مەبەستدا هاوواتایەك بۆ مانای فۆرمی واژەیەك لە زمانی بنەرەتدا بدۆزێتەوە ، یان باشتر بڵێین ئەو وشەیە لە زمانێکی تردا نەبێت ، دەتوانێت واژەیەك لە زمانی مەبەستدا بەکار بێنێت کە هەمان دەوری پەیوەندی گرتن بگێرێت لە پێکهاتە تایبەتەکەدا . هەر بۆیە کاتێك تووشی ئەم گرفتە بووم بە خۆمم وت ، تێگەیاندنی خوێنەرێکی ئێرانی لە وردە کاریەکانی ئەو خواردنە تا چ رادەپەك گرنگە؟ بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەم خواردنە دەبێت شتێکی بە تام بێت ، کە خوێندکارێك چێژ لە خواردنەکەی وەردەگرێت. دوای کەمێك بیر کردنەوە ، وشەی " پیراشکی "م بە مێشك دا هات و هەستم کرد ئەم وشەیە جیا لە دووربوون ، یان نزیك بوونی لە وشە بنەرەتییەکەوە ئەو شتەیە کە بۆ ئەو شوێنە دەگونجێت . بەرای من پێراشکی لەم رستەیەدا هەمان ئەو دەورەی هەیە کە ئەو خواردنە لە رستە ئینگلیزییەکەدا دەیْ گێڕێت. دیارە ئەگەر ئەو دەقەی باسی لێوە دەکەین ، دەقێك بوایە کە باسی چێشت لێنان و خواردەمەنی و شیرینەمەنی بکردایە ، ئەو کات ئیتر من ئەو ئازادییەم نەبوو ،

www.pertwk.com

و به هەر شێوەیەك بوایە دەبوا تایبەتمەندییە دیار و نادیارەکانی ئەم خواردنەم بگوازیایەتەوە بۆ نێو دەقی مەبەست و ئەگەر هاوتایەکی تەواوم بۆ پەیدا نەکردبایە ، لەوانە بوو ناچار بم ناوی خواردنەکە وەك خۆی بێنمە نێو زمانی فارسییەوە . هەروەك چۆن( ساندەویچ ، هات داگ و هەمبەرگر)مان هێنایە نێو زمانەکەوە.

دەکرێ بە پێی بنەمای پەیوەندیدار بوون لە چوار بنەماکەی گرایسیش، ئەم مەسەلەیە روون بکەینەوە. بە پێی ئەم بنەمایە تەنیا ئەو لایەنەی خواردنەکە لە نێو ئەو پێکهاتە باسکراوەدا بایەخی هەیە ، کە نیشان بدات کە ئەو خواردنە شتێکی بە تام و چێژ و سەرنجراکێشە و دەکرێت وەك دەستخۆشانەیەك بدرێ بەو لاوە کە کارێکی تارادەیەك دژواری کردووە. کەواتە هەموو لایەنەکانیتر لەو پێکهاتەیەدا وەلادەنرێن و لەبەر ئەوەی کە تەنیا ئەم لایەنی پێوەندییە جێگەی بایەخ دەبێت ، ئاسانتر دەتوانین لە زمانی مەبەستدا هاوواتایەکی بۆ بدۆزینەوە. بابەتی ( دانوولە ) یان سووپی مریشکیش لە شێعری شیمبوریسکادا کە پێشتر روون کرایەوە ، بەم جۆرەیە. پێویستە ئەوە بڵێین کە بە هیچ شێوەیەك مەبەست ئەوە نیە کە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لەو تیۆرانەدا ببێ کە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە . هەروەك باسمان کرد ئەمانە ئەو لێوەشاوەیی و زیرەکییەن کە هەموو وەرگێڕێکی کارامە پێیان دەگات.

## رادەی وردبینی لە وەرگێڕاندا

ئەو بابەتەی سەرەوە ئێمە دەباتە نێو باسێکی گەلێك گرنگەوە ، کە وەرگێڕ و رەخنەگرەکان بەردەوام لەسەری ناکۆك بوون. ئەگەر ئەم رادەیە دیاری بکرێت ، رەنگە بەشێکی زۆری ئەو کیشانە چارە سەر بکرێن کە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە. بە گشتی ئەو باس و موناقشانەی لەم



پەیوەندییەدا سەرهەڵ دەدەن ، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە رەخنەگر ئاگای لە رادەی ئەو ورد بینییە نیە کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا رەچاوی کردووە زۆر جار ئەوەمان بینیوە کە رەخنەگر بە پێوەرە ئاکادیمیەکان وەرگێڕانێکی داوەتە بەر رەخنە. لە کاتێکدا کە وەرگێڕ لەبەر چەند هۆ و پێویستییەك دەقەکەی بۆ خوێنەری ئاسایی وەرگێڕاوەتەوە . پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەش راستە . دیارە یەکێك لەو هۆکارە گرنگانە کە رادەی وردبینییەکە دیاری دەکات ، خودی دەقەکەیە. پێوەرە گوتارییەکان لە نێو هەردەقێکدا کەم تا زۆر ئەوە روون دەکەنەوە کە چ شتێك پێویستە لە دەقەکەدا ببێ و چ شتێك نەبێ. لە بیرکاریشدا هەر بەم جۆرەیە. بۆ نموونە دەوترێت "فلانە مەسەلە بە فیسارە دەرەجەی نزیکایەتیی چارەسەر بکەن " ئەم رێژەیی بوونە بە سەر هەموو شتێك دا زاڵە . دەبی رەخنەگر ئاگاداری ئەو رێژە بێت کە بەهۆی دەق و خوێنەرەوە دیاری دەکرێت. بۆ نموونە لە هەمان کتێبی هونەری خوێندنەوەدا باسی مامۆستایەك دەکرێت کە بە کارامەییەکی زۆرەوە تازە لاوەکان بۆ خوێندنەوە هان دەدات. ئەو مامۆستایە ناوی (MISS STAR)ە کە من لە تەواوی کتێبەکەدا کردوومە بە خانمی ئەستار . لە راستیدا وەرگێڕانەکەی من تەواو نیە ، چوونکە دەبوا بمنووسیبایە (دوشیزە ئەستار) واتە ( ست ستارە) . بەڵکوو من نەتەنیا بە پێویستم نەزانیوە تا ئەو رادەیە لە کتێبەکەدا ورد بینی بکەم ، بەڵکوو هەستم کردووە کە ئەو وردبینییە تارادەیەك شێوێنەرە ، چوونکە پێم وایە لای فارسەکان کەمێك نائاساییە کە بەردەوام گوێیان لە ( دوشیزە ئەستار) بێت ، یان بیخوێننەوە.

زمانی فارسی تەنیا "خانم " و " ئاغا " لە یەك جیا دەکاتەوە . کەسەکان لای ئێمە بەخانم بانگ دەکرێن یان بە ئاغا ، یان تەنێ ناوی کەسەکە دێنن . لە مێشکی فارسەکاندا زاراوەی دۆشیزە وەك بەرناوێك بوونی نیە . جیا لەمەش بۆ خوێنەری کتێبی هونەری خوێندنەوە هیچ گرنگ نیە کە ئەو خانمە مێردی کردووە ، یان نا ، و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە . هەروەك چۆن جوانی یان ناشیرینی ، چاکی ، یان خراپییەکەی لە ناوەکەیرا دیار نیە. کەواتە بە

واتایەکیتر ئەم زانیارییە بۆ خوێنەرێکی فارسی زمان بە پێویست نازانرێت و تا رادەیەك پێش بە یەککرتوویی دەقەکە دەگرێت. چوونکە توخمێکی لەو چەشنە لە دەزگای گوتاری زمای فارسیدا نیە. ئەمە سەبارەت بە ( پیراشکی ) و ( ئاش رشتە)ی ئێمەش راستە. پێناسەی نایداش بۆ وەرگێڕان ئەو دیاردە دەسەلمێنێت. نایدا لە پیناسەکردنی ورگێراندا دەڵێت ، وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی " نزیکترین هاو واتا" لە زمانی مەبەستدا . " نزیکترین " لێرەدا زۆر گرنگە . مەبەست ئەوەیە کە لە وەرگێڕاندا شتێك نیە کە ناوی هاو واتای تەواو یان رەها بێ . هاو واتای miss star لە زمانی فارسیدا (خانمی ئەستار) ە. مەگەر ئەوە کە کچبوونەکە بێتە نێو دەقەکەوە کە لەو حاڵەتەدا بۆ تەنیا جارێك لە شوێنی گونجاوی دەقەکەدا ئاماژەی پێ دەکەین و لە باقی دەقەکەدا دیسانەوە بە نێوی (خانم) ناوی دێنین. ئەگەرچی ئێمە بە هەموو ئەو کچانە کە لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکاندا دەخوێنن ، دەڵێین خانم ، نەك دوشیزە.

مەسەلەیەك کە نایدا بە ناوی "نزیکترین هاوواتا" باسی دەکات، تەنیا ئاستی وشە ناگرێتەوە ، بەڵکوو شێوازیش دەگرێتەوە . بۆ نموونە یەکیك لەو کێشانە کە هێندێ جار لە وەرگێڕاندا دێتە پێشەوە ئەوەیە کە چۆن دەتوانین کۆن بوون archaism"ی دەقەکە ( پەخشانەکە ) بگوێزینەوە. "لوتفی پوو" ( 1371ی‌هەتاوی/1992ز، ل 128) دەڵێت ئەم کارە هیچ رێگا چارەیەکی بۆ نیە و پێشنیاز دەکات، کە باشتر وایە وەرگێڕ دەقەکە بە زمانێکی ئاسایی وەربگێڕتەوە و لە پێشەکییەکە ، یان شوێنێکی دیکەی گونجاودا روونکردنەوەیەك لە سەر ئەوە بدات کە ئەم دەقە لە بنەرەتدا بە زمانێکی کۆن و کلاسیکی نووسراوە. لوتفی پوور دەڵێت لە بەر ئەوەی ئێمە پێوەرێکی تەواومان نیە تا بتوانین بەرامبەر بە زمانە کۆنە بنەرەتیە ، کە زمانێکی کۆنە بەکار ببەین ، باشتر وایە خۆ لەو کێشەیە نەدەین . بە واتایەکیتر ئەو پێی وایە کە بۆ نموونە ئێمە ناتوانین لە مێژووی زمانی فارسیدا زمانێك پەیدا بکەین کە لە باری مێژووییەوە ٍهاوواتای زمانی شەکسپیر بێت و لە



www.pertwk.com

وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەودا کەڵکی لێوەر بگرین. لوتفی پوور لە بابەت زاراوە جوگرفیاییەکانیشدا هەر وا بیر دەکاتەوە و دەڵێت دەبێ زمان بەشێوەیەکی ئاسایی بە کار بێنین و لە پەراوێزدا تایبەتمەندییەکەی روون بکەینەوە. ئەم روانگە لە راست ناچێت ، هیچ خوێنەرێکی فارس ناتوانێت بەم زمانەی ئێستا دەقی ئەلیادە و ئۆدیسەی هومێری بە لاوە پەسند بێت ، بەڵام بە پێی پێناسەکەی نایدا بۆ وەرگێڕان رێگا چارەی کێشەکە زۆر ئاسانە . دەستە واژەی "نزیکترین هاوواتا " لێرەشدا کێشەکە چارەسەر دەکات. بەو مانایە کە ئەو زمانە کۆنە کە ئێمە بەرامبەر بە زمانێکی کۆن لە وەرگێڕاندا هەڵی دەبژێرین، بە هیچ جۆرێك بەو مانایە نیە کە لەرووی مێژوویی و زمانناسییەوە یەکسانن. ئەگەر وابوایە ، دەبوا ئەلیادە و ئۆدیسەمان بە زمانی فارسی دێرین – کە ئەمڕۆ فارسێکی ئاسایی لێی تێ ناگات –– وەربگێڕایەتەوە. بەڵام " نزیکترین هاوواتا" لەو پێناسەی نایدا بۆ وەرگێڕانی کردووە ، رێگەمان پێدەدات کە بۆ وەرگێڕانی ئەلیادەو ئۆدیسە زمانێك هەڵبژێرین کە لە زمانی فارسی ئێستا کۆنتر بێت ، و دەتوانین بە هەوێنێکی کەمی زمانی " فیردۆسی" و یان زمانی "بەیهەقی" ئەم زمانە دێرینە لە فارسی ئێستادا دروست بکەین . بەو شێویەی کە "سەعیدی نەفیسی" ئەو کارەی کردووە . هاوواتای کۆن بوون بە شتێك دەوترێت کە " نەك بە تەواوەتی "بەڵکوو تارادەیەك کۆن بێت. سەبارەت بە زاراوەش هەر بەو شێوەیە. ئەگەر لە رۆمانێکدا یەکیك لە کەسایەتییەکان بە زاراوەیەکی ناوچەیی قسە بکات ، پێویستە ئەم جیاوازییە زمانییە بە شێوەیەك لە شێوەکان بگوێزریتەوە. زاراوەیەك کە لە بەرامبەر زاراوەی زمانی بنەرەتدا هەڵ دەبژێردرێت ، ناتوانێت بە تەواوەتی هەمان تایبەتمەندی بگرێتە خۆی. ئەم کارە ناکرێ ، پێویستیش نیە ، چوونکە ئەو زاراوەیە تەنیا زاراوەیەکی تایبەتییە و هیچ زاراوەیەکی تر ناتوانێت جێگای بگرێتەوە. پێویست نیە ، چوونکە باس لە ناسینی فلانە زاراوە نیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتییە لە پێوەندی نێوان زمانی ئەستاندارد و زاراوە و هەروەها مەودای نێوانیان کە دیارە لە هەر زمانێکدا

دەتوانرێت نیشان بدرێت . ئەم حاڵەتە بە گشتی لە دۆبلاژکردنی فیلمەکانیشدا دێتە پێشەوە. ئەوانە کە تەمەنێکیان لیٚ چووە لە بیریان دێت کە ئەکتەری ئینتگلیزی "تری توماس" لە فیلمەکانایدا زاراوەیەکی تایبەتی بەکار دەهێنا کە بە هۆی شاش بوونی ددانەکانی زۆر زەق و بەرچاو بوو . ئەم زاراوەیە لە دوبلاژدا ، زاراویەکی شێوە تورکی بوو کە بە تایبەت واژەی "سووچ " کە درێژکراوەی " سویچ" بوو لە یەکیك لە فیلمەکانایدا کەوتە سەر زاری خەڵك. ئەوەی لەم نموونانەدا جێی سەرەنجە ، ئەوەیە کە گرنگ نیە کە ئەم " زاراوە هاوواتا"یە تورکی بێت یان کوردی بێت ، یان رەشتی و ئیسفەهانی و هتد بێت ، گرنگ دروست کردنی ئەو جیاوازییەیە لە قسەکردنی ئەم کەسەلەگەڵ کەسەکانی تردا. تەنانەت لەم حاڵەتانەدا دەتوانین کەڵك لە زاراوەیەکی داتاشراو وەربگرین کە لە چەند زاراوەیەك پێك هاتبێت. هەر چۆنێك بێت سەبارەت بە دەقی کۆن و سەبارەت بە زاراوە ، ئەوەی کە ناتوانین حاشای لیٚ بکەین ، بوونی ئەو هێما و ئاماژانەیە کە لە دەقەکەدا بە کار دەبرێن نەك بۆ ئەوەی ناسنامەی راستەقینەیان بەڵکوو بۆ ئەوەی جیاوازییەکەیان ئاشکرا بکات.

زۆربەی بیرمەندانی بواری وەرگێڕان لەو بڕوایەدان کە" هاوواتای رەها " بوونی نیە ئەوەی ئێمە بە " هاوواتا " ناوزەدی دەکەین ، لە زۆر رووەوە تەنیا "نزیکترین هاوواتا"یە. لەم چوارچێوەدا هەموو دەسکاری کردنێك لە گوتاردا پاساو هەڵگرە . ئەگەر ئەفسانەی هاوواتای رەسەن بە لاوە بنێین ، ئیتر گۆرانکاریی پێویست بۆ تێپەربوون لەزمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ئەبێتە کارێکی رەوا. جوزیف برادیسکی لەم بارەوە بۆچوونێکی جوانی هەیە. ئەو دەڵێت : " خاڵی هاوبەشی نێوان وەرگێڕان و سانسۆر لەوەدایە کە هەردوولا پرنسیپی ( ئەوەی دەکریٚ) پەیڕەو دەکەن ، و بیرمان نەچێت کە ئاستەنگە زمانییەکان هەر بە قەد سانسۆری دەوڵەتیی رێگرێکی ئەستەمن " . ( برادیسکی 1986 ل 46–47) . زمان پڕە لە دەستەواژەی ئەوتۆ کە تەرجەمە ناکرێن. دەستەواژەی "چای أجان دیدە" تەنیا مانای چای بیٚ رەنگ نادات ، " چای أجان دیدە"



www.pertwk.com

باس لە کۆمەڵگایەك دەکات کە بوونی پۆلیس زراو دەبا و رەنگ بە روخسارەوە ناهێڵێت . من نازانم لە زمانێکی دیکەدا لێکچوونێکی لەو چەشنە هەیە ، یان نا. بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە لانی کەم لە زۆربەی زمانەکاندا شتی وەها نیە و بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئەم واتا تەمومژئاوییە لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدا بۆ نێو زمانێکی تر بگوێزینەوە. ئێستا نموونەیەکی تر دێنینەوە . بەراستی چۆن دەتوانین کورتە ناو (acronym )ی زۆر جوانی ( هما ) واتە ( فڕۆکەوانی نەتەوەیی ئێران) بگوێزینەوە بۆ نێو زمانێکی دیکە. ئەم کورتە ناوە کە بە هەڵکەوت هاوناوی باڵەندەیەکی بەرزە فڕە و ئەم هاوواتا ماناییە جوانەی دروست کردوە ، لەوانەیە کە بۆ هیچ زمانێکی دیکە وەرنەگێڕدرێتەوە.

دیارە ناکرێت لە وەرگێڕاندا هەموو جیاوازییە گوتارییەکانی زمان نەهێڵین و ئەم کارە لە بنەرەتدا کارێکی باش نیە . بە هەرحاڵ دەقی وەرگێڕدراو دەبی نیشان بدات کە وەرگێڕانە! ئەگینا دەبێتە وەرگێڕانێکی کەلتووری . بۆ نیشاندانی شێوە وەرگێڕانێکی بناژوو دەتوانین بۆ نموونە بڵێین کە ئێمە رومیو و ژولێت بە چەشنێك وەربگێرینەوە کە شتێکی وەك لەیلیٚ و مەجنونی لیٚ دەربچیٚ. ناتوانین بە تەواوەتی جیاوازی نێوان گوتارەکان لە نێو ببەین . ئەوەی پێی دەوترێت "بۆنی وەرگێڕان " زیاتر پەیوەندی بە پێکهاتە زمانییەکانەوە هەیە تا بە چەمکە کەلتوورییەکانەوە . ئەگەرچی ناتوانین ئەم دوو شتە لە زۆر بارەوە لە یەکتر دابڕین ، دەبیٚ وەرگێڕ ئەو پەڕی هەوڵی خۆی بخاتەگەر تا لەچوارچێوەی زمانی زکماکیدا بتوانێت چەمکە بیانییەکان بگەینێت بەڵام بەو حاڵەش ناتوانین بەشێك لە جیاوازییە گوتارییەکان لە ناو ببەین ، مەگەر ئەوەی کە دەست بکەین بە وەرگێڕانێکی کەلتووری ، کە ئەوەش بۆ خۆی باسێکی تەواو جیاوازە . بۆ نموونە هێندیٚ کەس لە سەر ئەو باوڕەن کە ئەو دەورەی بەڵگە هێنانەوە لە گوتارە رۆژئاواییەکاندا دەیگێڕێت ، لە گوتارە عەرببیەکاندا لە ئەستۆی دووپات کردنەوەیە . بە واتایەکیتر رازی کردنی بەرامبەر لە گوتاری عەرەبیدا لە

ڕێگای دووپاتکرنەوەوە ئەنجام دەدرێت. ( فەرغول1993) . ئێستا وادابنێن کە بمانەوێت بابەتێك لە ئینگلیزییەوە وەربگێڕینەوە سەر زمانی عەرەبی ، بە پێی ئەو ڕوانگەیە ، دەبێ بەڵگە هێنانەوەی نێو دەقە سەرەکییەکە بخەینەلاوە و لە بەرامبەردا لایەنی دووپاتکردنەوەی دەقەکە بە هێز بکەین. ئەم کارە باش نیە و هیچ شتێك لە وەرگێڕانەکە ناهێڵێتەوە. هاوسەنگیگوتارەکان هە رگیز بەم شێوەیە نیە ، چوونکە لەو حاڵەتەدا وەرگێڕ بەرەو وەرگێڕانی کەلتوریی دەڕوات کە تا ڕادەیەك لە وەرگرتن ( اقتباس) دەچێ . گریمان ئەوە ڕاست بێت کە بەڵگە هێنانەوە لە گوتاری ڕۆژئاواییدا لە بەراورد لەگەڵ گوتاری ڕۆژهەڵاتیدا ڕۆڵێکی بە هێزتر دەگێڕێت . بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە عەرەبێك ، یان ئێرانییەك ناتوانێت لە بەڵگە هێنانەوە ( استدلال ) تێ بگات . لێرەدا نابێت وەرگێڕ هاوسەنگی دروست بکات ، چوونکە لە لایەك خوێنەری ڕۆژهەڵاتی بە ئاسانی لە بەڵگە هێنانەوە تێ دەگات و بە هیچ جۆرێك لە باری زمان و دەربڕینەوە بەڵگە هێنانەوەی لا دژوار نیە ، لە لایەکیترەوە خوێنەرێك کە بە شوێن کتێب یان وتارێکی وەرگێڕاودا دەچێت ، لە بنەڕتدا خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردووە کە لە گەڵ دیاردەی نامۆ و نا ئاشنادا ڕوو بەڕوو ببێتەوە و ئەمە لە بنەرەتدا بە یەکیك لە دەورە سەرەکییەکانی وەرگێڕان دادەنرێت و لەوانەیە سەرنجڕاکێش بوونی وەرگێڕان لەمەدا بێت . ئەگەر وا نەبوایە گەلان تێکڕا شتەکانی خۆیان دەخوێندەوە و گوێیان نەدەدا بە دەقی بێگانە. مەبەست لە یەکسانی گوتارەکان ، یەکەم ئەو نموونانەیە کەخوێنەری دەقی وەرگێڕان تووشی سەر ئێشە دەکەن ، و دووەم ئەو نمونانەیە کە یەکسانی نێوانیان لەگەڵ دۆخە گوتارییەکانی دەقی مەبەستدا نابێتە هۆی زیان گەیاندن بە دەوری پەیوەندی – مانایی دەقی مەبەست. ئەو نموونانە کە پێشتر باسکران دەربڕی ئەو جۆرە باروو دۆخەن . نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەو وەرگێڕانانە کە وەکوو پێویست لە باری گوتارییەوە لە گەڵ یەکتر ناگونجێن ئەو دەستە وەرگێڕانانەن کە ئێمە ڕاستەوخۆ لێیان تێ ناگەین ، بەڵام کاتێك لە گەڵ دەقە بنەرەتییەدا بەراوردیان دەکەین ، دەبینین هیچ کەموکووڕییەکیان



www.pertwk.com

تێدا نیە و لەم ڕێگایەوە لێیان تێدەگەین.! بێگومان ئەم جۆرە وەرگێڕانە کەم و کووڕی تێدایە چوونکە کەسێك دەبێ دەقی وەرگێڕدراو بخوێنێتەوە کە لە زمانە بنەرەتیەکە تێناگات.

بەراورد کردنی بیردۆزەکانی نایدا و نیو مارك و هاوسەنگییە گوتارییەکان

بیردۆزەکانی وەرگێڕان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بە شێویەکی گشتی کەم تازۆر یەك مەبەستیان لە فۆرمی جۆراوجۆردا دەربڕیوە. کاتێك کە نایدا (نایدا1964 ل 165–171) باسی وەرگێڕانی ڕواڵەتی و وەرگێڕانی زیندوو( داینامۆیی) هێنایە کایە ، هێشتا باسێك لە دەق و دانانی ناسنامەیەکی تایبەت بۆ دەق لە ئارادا نەبوو . نیومارك( 1981) سیستمی زاراوەیی نایدای وەرگرت و ناوی دیکەی لەسەر دانا و ڕووناکی خستە سەرلایەنە تاریکەکانی . نیو مارك بە هێنانە ئارای وەرگێڕانی واتایی Semantic لە بەرامبەر وەرگێڕانی پەیامیCommunicativeدا هەمان باسی کۆنی وەرگێڕانی وشە بە وشە و وەرگێڕانی سەربەستی خستەوە مەیدان و بە کەڵك وەرگرتن لە پێوەرە وردترەکانی زمانناسی ڕوونی کردەوە. نیومارك بە دەربڕینی ئەم بابەتە کە هێندێ لە وەرگێڕانەکان خوێنەر دەبەنە نێوجیهانی نوسەر( وەرگێڕانی واتایی) و هێندێکیتر بە پێچەوانەوە نوسەر دەبەنە نێو جیهانی خوێنەرەوە( وەرگێڕانی پەیامی) مۆدێلێکی دیاری لە دووجەمسەرەکەی وەرگێڕانی دابەدەستەوە. زۆرجار بیستوومانە کە فلانە وەرگێڕان بە بێ ئەوەی کە وشەسازییەکی زۆری تێدا کرابێت ، توانیویەتی بابەتێکی زانستی ، هونەری ، یان فەلسەفی بە باشی بگوازێتەوە ، و لەلایەکی تریشەوە زۆرجار بینیومانە کە هێندێ لە وەرگێڕانەکان ئەگەرچی وشەیکی زۆری داتاشراوی تێدا بەکار هێنراوە بەو حاڵەشەوە نەیتوانیوە بابەتەکە بگەینێت. نهێنی ئاڵۆزی پەیوەندیگرتن کە کەم تا زۆر ناتەبایە، لێرەدایە: بە بێ بەکارهێنانی واژەی نوێ ناتوانین لە بابەتی نوێ تێ بگەین ، بەڵام خودی واژە نوێیەکان پیش بە تێگەیشتنمان دەگرن ! باشترین ئاست ئەو شوێنەیە کە تەنیا هێندێ لە

وەرگێڕەکان لێی تێ دەگەن و ئێمە هێشتا بە تەواوەتی نازانین کە ئەو کەسانە خاوەن چ تواناییەکن.

ڕێبازێك کە نایدا و نیومارك دەیهێننە نێو وەرگێڕانەوە لە لایەن کەسانی تریشەوە بایەخی پێ دراوە . کتێبە سەرنجراکیش و پڕ زانیارییەکەی "جۆرج ئەستینێر" (1975) لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دەچێتە پێش و بەرزی و نزمییەکانی ئەو دوو شێوەیە دەردەخات. لە دیرۆکی وەرگێڕان لە ئێراندا دەتوانین شوێن پێی ئەو جەمسەرانە بەدی بکەین. ئەو شتەی کە نیومارك لە ژێر ناوی وەرگێڕانی واتایی / وەرگێڕانی پەیامی ( یان وەك نایدا دەڵێت وەرگێڕانی نوسەرمەبەست و وەرگێڕانی خوێنەرمەبەست )باسی دەکات ، لە سەرەتای ئیسلامەوە هەبووە. لە وەرگێڕانی بەرهەمە یونانییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی دوو میتۆد پەیرەو کراوە. یەکیك میتۆدی یوحەنای کوری بیتریق و کوری ناعیمەی حەمسی و ئەوانی دیکە بووە کە بە تەواوەتی وەك وەرگێڕانی ڕواڵەتی "نایدا" و وەرگێڕانی واتایی "نیومارك" بووە . ئەو گرووپە هەوڵیان داوە کە بۆ هەر وشەیەکی یونانی ، وشەیەکی عەرەبی دابنێن و ئەگەر لە بەرامبەر وشەیەکی یونانایدا هاوواتایەکی عەرەبییان بۆ نەدۆزرابایەوە ، وشە یونانییەکەیان دەهێنایە نێو زمانی عەرەبییەوە. میتۆدەکەی دیکە هی حەنینی کوڕی ئیسحاق و جەوهەریە. ئەوان بایەخێکی ئەو تۆیان بە وشە و پێکهاتەی وشە نەدەدا ، بەڵکوو تەنیا واتا و پەیامیان لا مەبەست بووە. ( وەرگێڕانی زیندووی نایدا و وەرگێڕانی پەیامی نیومارك). خوێندنەوەی ئەو وەرگێڕانانە کە بە پێی میتۆدی یەکەم ( میتۆدی یوحەنای کوری بیتریق) کراون ، زۆر لە خوێندنەوەی ئەو وەرگێڕانانە دژوارترن کە بە میتۆدی حەنینی کوڕی ئیسحاق کراون. لە لایەکی ترەوە میتۆدی یەکەم ، گەلێك هاوواتا ، لێکچوون ، دەربڕین و بە گشتی وێژەی یونانیان هێنایە نێو زمانی عەرەبییەوە. ( محقق 1365ی هەتاوی/1986ز ) .

لە گەڵ دەسپێکردنی ئەو باسانەدا کە پەیوەندییان بە دەقەوە هەبوو ، وردە وردە باسەکانی پەیوەندیدار بە گوتاریش سەریان هەڵ دا. سووسوور(



www.pertwk.com

1915) بە جیاوازی دانان لە نێوان ئاماژە پێکەر( دال) و ئاماژەپێکراو( مدلول) دا و بە سەربەخۆ کردنی ئاماژە پێکەر بە بێ ئاماژە پێکراو بناخەی سەر بەخۆ بوونی دەقی داڕشتبوو. ڕۆڵان بارت بە هۆی نووسینی وتاری "مەرگی نوسەر"ەوە لە ساڵی (1986)دا دەقی وەك دەسەڵاتدارێکی بێ هاوتا لە نێو باسە ئەدەبییەکاندا ڕاگەیاند. بارت وتی هەموو شتێك لە نێو دەقدایە و دەق بە تەنیا تەواوە و هەموو شتێك لە دەقەو سەرهەڵدەدات و ڕەخنەی ئەدەبی پیویستی بەوە نیە کە لە ژیانی نوسەر و هونەرمەند ئاگادار بێتەوە.

هەوڵەکانی فۆکۆش سەبارەت بە پێکهێنانی گوتار گەلێك کاریگەر بوو . فۆکۆ( 1979) لەو بڕوایە دایە کە تەنیا لە ڕێگای بنیاتنانی ( هەقێقەت )ەوە دەتوانین کاریگەری دروست بکەین و دەسەڵات بگرینە دەست و تەنیا لە ڕێگەی زمان و پێکهێنانی گوتارەوە ڕاستی دروست دەبێت. فۆکۆ قەناعەتی وایە کە بێ ڕەچاو کردنی ئەم فاکتەرە ناتوانین مێژووی ڕۆژئاوا شی بکەینەوە. ( لە وبێستەرەوە وەرگیراوە 1990 ل 63–64) . لە ڕێگای لێکچواندنی زمان بە دۆئێل باشتر دەتوانین لەمانای قسەکانی فۆکۆ تێ بگەین . زمانەکان و بەشێوەی گشتی گوتارەکان لە تەقە کردنی نێو دۆئێلەکان دەچن. سەرکەوتن هی ئەو کەسەیە کە زووتر بتوانێت چەمکێك لە چوارچێوەی زماندا – لە وشەوە تا هەموو دەق ––– دابڕێژێت و دەری بڕێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیهان لە سەربنەمای گوتارەکان پێك دێت . گوتاری مەزهەبی ، زانستی ، ئەخلاقی و هتد. ئەمانە کار دەکەنە سەر یەکتر و هێندێکیان بە سەر ئەوانی تردا زاڵ دەبن . کاتێ گوتار پێك هات ، ئیتر بێ گوێدان بەو کەسانە کە بە کاری دێنن ، دەبێتە خاوەن پێناسەیەکی سەربەخۆ و بەرەو پێشەوە دەڕوات. بۆ نموونە با جێناوی "he" لە ئینگلیزیدا لە بەر چاو بگرین ، ڕاستە کە ئەم جێناوە سەرەتا لە مێشکی خەڵکدا چەسپی و لە ڕێگای هۆکارێکی نازمانییەوە زیاتر لە "she" زەق و بەر چاو بوو، بەڵام کاتیك چووە نێو گوتاری ڕەگەزەوە بۆ خۆی دەستی کرد بە کاریگەری دانان. وەك ئەوەی بڵێی ئامادەیی ئەم جێناوە لە نێو زمان و دەقدا بووە هۆی ئەوە کە لە دونیای

دەرەوەدا بالآ دەستی نێرینە بە سەر مێینەدا بە هێزتر بێت. "he" بۆ جێناوی وشەی خودا لە زمانی ئینگلیزیدا دانراوە. ) ئەم تیۆرە لە گەڵ تیۆرەکەی بارت واتە – سەر بەخۆ بوونی دەق لە نوسەر – دا دێتەوە. وتەکەی فۆکۆ واتە( کاریگەری دانان لە رێگای زمان و پاشان بەدەست هێنانی دەسەڵات ) لەوە ئەچێ وتەیەکی راست بێت . ئێمە دیتومانە کە لە نێو خەڵکدا هێندی جار کۆمەڵێك قسە و باس بە مەبەستی لایەنگری کردن لە کەسێك یان دژایەتی کردنی ئەو کەسە دروست دەکرێن . ئەم قسانە وردە وردە بە هێز دەبن و بە هۆی یەکانگیری گوتارییەوە وەك قسەیەکی راستیان لێ دێت. کاتێك بوون بە راست دەبنە هاوشانی دەسەلآت و کاتێك دەگەنە دەسەلآت ، رێگا هەموار دەکەن تا لایەنگرەکانیان بە سەر بابەتەکەدا زاڵ بن. دەکرێ ئەم دیاردەیە لە ژیانی رۆژانەشدا بە دی بکرێت . سەرەتا کەسێك قسە لە سەر کەسێکی تر دەکات ، ئەگەر بێت و ئەو قسەیە بە هێز بێت ، ئەوا کاریگەری دادەنێت و دەماودەم دەگەڕێت و پاش ماوەیك وەڕاست دەگەڕێت. هەر ئێستا ئێمە شایەتی ئەوەین کە گوتارە رۆژئاواییەکان و گوتارە رۆژهەلآتییەکان بەرامبەر بە یەکتر وەستاونەتەوە ، و بە گشتی دەبینین کە گوتارەکانی ئێمە دەکەونە ژێر کاریگەری گوتارەکانی رۆژئاواوە . زمانی ئێمە بە گشتی و گوتارە تایبەتەکانی ئەم زمانە لە ژێر قورسایی زمان و گوتارە رۆژئاواییەکاندایە کە دەخرێتە سەری. پڕوپاگەندەش هەر ئەم شتەیە . ئەگەر دەبینین هێندێ لە پڕو پاگەندەکان جێی خۆیان ناگرن ، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە( هەقێقەت)تیان تێدا نیە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەنگۆی ئەوە سەری هەڵدا کە دەق فڕی بە نوسەرەوە نیە . ئەو سەردەمەی لێرە و لەوێ دەوترا کە دەق تەنیا بەرهەمی رابردوو ئەزموون و شوێنی ژیان و گوزەرانی نوسەر نیە و هەروەها دەوترا کە ئەم جۆرە روانینە بۆ دەق روانینێکی زەینییە . وردە ووردە ئەم تێگەیشتنە دروست بوو کە روانینی بابەتیانە ئەوەیە کە تەنیا دەتوانرێ شی بکرێتەوە. دەق پێکهاتەیەکی یەکگرتووە کەپێویستە نهێنییەکەی بدوزرێتەوە.



www.pertwk.com

دۆزەرەوەکەش خوێنەر بوو و ئامرازەکانی دۆزینەوەش پێوەرە جوانناسیەکانی خودی خوێنەر بوون . سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەدەبی فۆرمالیستە رووسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و کاریگەری بەرهەمەکانی یاکۆبسن لە سەر ئەم رەوتە بوەتە هۆی ئەوە کە دەق ناسنامەیەکی حاشا هەڵنەگر بەدەست بێنێت . وردە وردە زمانناسەکان لە سەر شیکاری رستە وەك یەکەیەکی زمانی تووشی گومان بوون و بەو قەناعەتە گەیشتن کە زمان لە چەند بەشی گەورەتر پێکهاتووە. بوونی دەق وەك سیستمێکی خاوەن بایەخ سەقامگیر بوو و باس لەوە دەکرا کە واتای هەر بەرهەمێك بە هیچ جۆری لە گەڵ مەبەستی نوسەر دا یەك ناگرێتەوە. هەر ئەمە وای لە هێندێ نوسەری وەك هارۆلد پێنتەر و ساموئێل بێکت کرد کە لە دیمانەکانیان دا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەنەوە کە مەبەستیان لە نوسینی فلآنە بەرهەم چی بووە. وەك ئەوەی بڵێی دوای بلآو بوونەوەی بەرهەمەکانیان ئەوان بێجگە لە خوێنەر بوون ، هیچ مافێکی تریان بە سەر بەرهەمەکەوە نەدەما . ( وێبستەر 1990 ل 22)

ناسنامەدار بوونی دەق و راڤە کردنی زمان لە ئاستەکانی گەورەتر لە رستەدا و ، بە واتایەکیتر سەر هەڵدانی زمانناسی گشتگیر کاریگەری خۆی لە سەر وەرگێڕان دانا. کاتێك ئەو دەرەنجامە بە دەست هات کە پێوەری راڤە کردن شتێکی بەرفراوانتر لە رستەیە ، ئیتر چۆن دەکرا ئەو بنەمایە بە راست بزانرێ کە پێوەری وەرگێڕان رستەیە ؟ رێڕەوی کاملْ بوونی گوتارەکان و ئاکامەکانی ، واتە دەق لە نێو زمانەکاندا جیاواز بوو و ئەم کارە بە شێوەی سروشتی رێگای نەدەدا کە دەق بە بێ دەسکاری کردن و پلۆم کراو لە زمانیکەوە بۆ نێو زمانێکی تر بگوازرێتەوە. نایدا و کیتفۆرد و نیومارك خۆیان لە باس و لێدوانی دەق بە واتا نوێیەکەی نادەن و ئەو دەسکاری کردنە لە روانگەی ئەوانەوە زیاتر چوارچێوی وشە و رستە دەگرێتەوە. لەوانەیە یەکێك لە جیاوازیەکانی نێوان راڤە کردنی گوتار لە وەرگێڕاندا و تیۆرەکانی پێشتر ئەوە بێت کە راڤەکردنی گوتار سەربەستییەکی زیاتر بە وەرگێڕ دەدا تا

بتوانێت دەقێکی پاراو و هەموار بە دەستەوە بدات. روانینێکی گشتگیرانە بۆ دەق لە بنەرەتدا وا لە خوێنەر دەکات  کە بە شێوەیەکی گشتی چاو لە دەقەکە بکات ، کە ئەم حاڵەتەلە هەنگاو نان لە رستەیەکەوە بۆ رستەیەکی تر دروست نابێت. ئەم تێڕوانینە لە دەق واوەتر دچیٚ و پێکهاتەکەش دەگرێتەوە. پێکهاتە ئەوەندە واتایەکی بەربڵاوی هەیە کە هێندێ کەس لە کاتی ئەژماردنی تایبەتمەنییەکانایدا ، شوێنی بڵاو بونەوەی بابەتەکەش لە ریزی تایبەتمەندییەکانی دەق دا دادەنێن . بەو مانایە کە ئەگەربێت و وتارێك لە رۆژنامەی "کەیهان و ئیتلاعات"دا ( دوو رۆژنامەی رۆژانەن لە ئێراندا – و) بڵاو بێتەوە ماناکەیان پێکەوە جیاواز دەبێت. بێگومان ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە دەق ئەرکی سەرشانی ورگێڕ قورستر دەکات. ورگێرانی وشە بە وشە ، یان رستە بە رستەی دەقێك ئاسانترە لە وەرگێڕانی ئەو دەقە بە شێوەیەك کە بتوانێت وەك دەقێکی زیندوو لە کەلتوور و زمانی وەرگردا دەرکەوێت. رەنگە حاڵەتی یەکەم نەبێتە دەق ، ئەگەرچی وەرگێڕانێکی پراو پری دەقە سەرەکییەکە بێت . بە گەشە سەندنی زماننناسی نوی ، قوتابخانەی لاپزیك بووژایەوە و مۆدێلی گۆڕان جێگای وەرگێڕانی وشە بە وشەی گرتەوە. ئالبرێشت نۆبێرت، یەکەی وەرگێڕانی بە هەموو دەق  ناوزەد کرد و مۆدێلێکی هێنایە کایەوە کە بە مۆدێلی سەروب)   "Top-dawnmodel ناسراوە. لەم مۆدێلەدا  وەرگێڕ سەرەتا هەموو دەقەکە دەخوێنێتە و پاشان بەشێکی گونجاو لە گەڵ ئەو دەقەدا هەڵدەبژێریٚ بۆ وەرگێڕانەکە. ( جەنتزلێر 1993 ل 69–70)

## نزیکبوونەوی گوتارەکان لە یەکتر

تیۆری چامسکی سەلماندی کە زمانەکان تەنیا لە ئاستی فۆرمدا پێکەوە جیاوازن و ئەمە جگە لە ئەندێشەی هاوبەشی مرۆڤ شتێکیتر نیە . لەلایەکی



www.pertwk.com

ترەوە لە رەوتی ورگێراندا فۆرمە جیاوازەکان لە یەکتر نزیك دەبنەوە. هەروەها وا دێتە بەر چاو کە نەتەنیا وەرگێڕان  پێویستییەکی  حاشا هەڵنەگرە ، بەڵکوو روو لە پەرەئەستاندنە. ئەنگڵ دەڵێت : " هەروا کە ئەم جیهانە وەك نارنجێکی سیسبوو چرچ دەبێ و بچووك دەبێتەوە ، و تەواوی خەڵك بە کەلتووری جیاوازەوە لە یەکتر نزیك و نزیکتر دەکەنەوە ( ئەگەر چی بە نابەدڵی و گومانەوە ) . وادیارە دروشمی بنەڕەتیمان لەم دوساڵانەدا دەبێ ئەمە بێت یان بمرە ، یان وەربگێڕە " ( ئەنگڵ 1985 ل 2 ، وەرگیراو لە جەنتزلێر 1993 ل 9) لەوە دەچێ ئەم دروشمە دروشمێکی راست بێت و دەرەنجامەکەیشی بێگومان نزیك بوونەوەی زمانەکان و شێوەکانی دەربڕینە لە یەکتر . زمانی فارسی لەم پەیوەندییەدا بەڵگەیەکی زیندووە. بۆ نموونە ئەگەر پەنجا ساڵ لەمەوپێش کەسێك بیوتایە " أنقدر أنجا وایستا کە علف زیر پایت سبز بشە" ( واتە – ئەوەندە لەوێ راوەستە تا ژێر پێت سەوز بێت ) ، ئێمە نەماندەزانی دەڵی چی. ئیستا لە ژێر سایەی وەرگێڕانی دەستە واژەی  nuder his feet"  let the grass grow " ئەم دەستە واژەیە لە نێو زمانی فارسیدا جێ کەوتووە و کەم تا زۆرخەڵك لێی تێدەگەن . زمانی فارسی  پڕە لەم جۆرە لاسایی کردنەوانە کە دیارە نەتەنیا زیانی بە زمانی فارسی نەگەیاندوە بەڵکوو دەوڵەمەندیشی کردووە  بەڵام رەوتی لێك نزیك کەوتنەوەی پێکهاتەی زمانەکان دوولایەنە نیە. زمانی ئینگلیزی  وەك مەزنترین زمانی بەخشەندە بەردەوام پێکهاتەکانی بۆ نێو زمانەکانی دیکە دەنێرێت . لە کاتێکدا زمانە ژێردەستەکان نەیانتوانیوە  کارێکی لەو چەشنە بکەن . هۆی ئەم کارە ئەوەیە کە زمانەکان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یەکسانیان نیە. بەشێکی زۆر لە زمانەکانی دونیا لە ئاست زمانی  ئینگلیزیدا لە پلەیەکی نزمتردان . ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی ئەوە کە رەوتی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانەکانیتر و بە پێچەوانە لە زمانەکانی ترەوە بۆ ئینگلیزی جیاوازییەکی بنەڕەتییان پێکەوە هەبێت .

رەوشەکە بەردەوام بەو جۆرەیە کە  زمانی دەسەڵاتدار ( زمانی بەخشەندە )تایبەمەنییەکانی خۆی  بە  سەر زمانی ژێر دەستە( زمانی وەرگر)دا

دەسەپێنێ. هایتم  لە سەر ئەو باوەڕەیە کە وەرگێڕ لە وەرگێڕاندا لە زمانی ژێر دەستەوە بۆ زمانی ئینگلیزی ئازادییەکی زیاتری هەیە ، بەومانایە کە وەرگێڕ ئەوەندە پێکهاتەی زمانە نائینگلیزیەکە ( زمانی بنەرەت)  دەگۆڕێ تا لە گەڵ پێکهاتەی  زمانی ئینگلیزی ( زمانی مەبەست)دا ڕێك بکەوێت . بەڵام ئەم ڕەوتە  لە وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانەکانی تر ، و بە تایبەت بۆ ئەو زمانانە کە  لە باری خزمایەتییەوە لە ئینگلیزییەوە دوورن ، بە پێچەوانەوەیە. لە وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانەکانی تر هەرگیز وەرگێڕ زمانی بنەرەت  ( زمانی ئینگلیزی) بە مەبەستی گونجاندن لە گەڵ  زمانی مەبەست ( زمانی نا ئینگلیزی) دا ناگۆڕێت. بە پێچەوانەوە زمانەکانی تر دەبێ بەردەوام خۆیان لە گەڵ  فۆرمی زمانی ئینگلیزیدا  ڕێك بخەن. بە واتایەکیتر زمانی ئینگلیزی مۆدێلە زمانی – کەلامییەکەی خۆی بە سەر ئەواندا سەپاندووە. ( هایتم و مایسۆن 1990 ل191) . ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی دژوارکردنی کاری هەڵسەنگاندنی وەرگێڕان ، بەڵام دیاردەیەکی  ڕاستەقینەیە و هەمومان دەیبینن. کەواتە دەکرێ پێشبینی بکەین کە لە ئایەندەدا گوتاری هەموو زمانەکان خۆیان لە گوتاری ئینگلیزی نزیك دەکەنەوە . ئەم گوتارە باڵا دەستە بە هۆی هێزێکی بەرواڵەت نادیار، بەڵام یەکجار بە هێزەوە ، دەست دەخاتە نێو گوتاری هەموو زمانەکان و بە شەکانیان جێگۆڕکێ پێ دەکات و لەگەڵ خۆیدا دەیانگونجێنێ. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، ئەرکی وەرگێڕ ئەوە نیە کە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر بەم پرۆسەیە ببەخشێت ، لە ڕاستیدا سروشتی پێوەندی گرتن ڕێگا بەم کارە نادات. ئاراستەی ڕۆیشتنەکە دیارە ، بەڵام پێویستە ڕادە و خێراییەکەشی دیاری بکرێت. هەر وەك چۆن خواردنی وشك و قورس  گەدەی لاواز تووشی گرفت دەکات ، گواستنەوەی زانیارییە چڕەکانیش لە چوارچێویەکی نامۆ و نارێکوپێك دا زیان بەو مێشکانە دەگەینن کە ئاگایان لەم زانیارییانە نیە. بۆ بە دەست هێنانی ڕادەیەکی باش پێویستە دوو کەلتووری بەرانبەر ( کەلتووری بنەرەت و کەلتووری مەبەست) بناسین. ئەم ناسینە  گرنگترین ئامرازەکانی گونجاندنیگوتارەکانی لە ناخی خۆیدا



www.pertwk.com

حەشارداوە و وەرگێڕی چاك بەو کەسە دەوترێت کە بەو ئاستە لە ناسین گەیشتبێت. وەرگێڕانی سەرکەوتوو بەو وەرگێڕانە دەوترێت کە بتوانێ ئەم گونجاندنە دروست بکات. دیارە ناتوانین لە وەرگێڕاندا بە دوای لوتکەی گونجاندنی داهێنەرانەدا بگەڕێین ، بەڵکوو لە ئامادە کردن( تألیف)یکی سەرکەوتوودا  دەتوانین بەدیی بکەین. ئامادەکردن بە پێچەوانەی وەرگێڕانەوە کە گوتاریکی بێگانەیە ، گوتاریکی خۆماڵییە. ڕەنگە ئامادەکردن لاواز بێت ، ڕەنگە زانیارییەکی  کەمتر یان زانیاری هەڵە بدا بەدەستەوە ، بەڵام لە ڕووی زمان و شێوەی دەربڕینەوە پاراو و بێ گرێ و گۆڵە. وەرگێڕانی چاك ئەوەیە کە خۆی لەم پلەیە-- ئامادەکرن-- نزیك کردبێتەوە.

## کێشەی دەروونی وەرگێڕان

بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەگەر بمانەوێت نووسراوەیەك بە ئاسانی بخوێنرێتەوە و زانیاری پێویست بدات بە خوێنەر و ئەو کاریگەرییە لەسەر خوێنەر دابنێت کە مەبەستیەتی ، پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا هاتبێت کە پێشتر باسکران  . دەقێکی لەو چەشنە بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرەکەیدا دامەزرێنێت و بە واتایەکی باشتر وەك تیرێك وایە کە ڕاست ئامانجەکە بپێکیت. ئەم جۆرە دەقانە لە هەموو بوارەکاندا هەن ، چ  ئەدەبی و چ زانستی. بێگومان لەم جۆرە دەقانەدا  توخمەکانی پێکهێنەری گوتار ، پێکەوە جیاوازن. بۆ نموونە لە دەقە هاندەر و هەر بەو پێیەش لە دەقە فێرکارییەکاندا لەچاو دەقەکانی تردا توخمی گۆڕان و دووپاتبوونەوە زیاترە. لە بەرامبەر ئەوەشدا بەڵگەهێنانەوە و ئاماژەپێدان لە توێژینەوەکاندا زیاترە تا لە باقی دەقەکانی تردا.

ئەو بابەت و نموونانە کە پێشتر باسکران ، دەبێ بایەخی گۆڕانیان دەرخستبێت. گوتار بریتییە لەچوارچیوەیەك کە تێیدا پەیامیك دەنێردرێت و

وەرگری پەیامەکە لەو سەری ئەم دەزگایەوە وەری دەگرێت. ئەم دەزگایە لە لوتکەی کارامەیدایە . بارودۆخێکی ئایدیالە بۆ پێوەندیگرتن.
دوو لایەنی پەیامەکە بە دڵنیایی و سەرنجێکی وردەوە بەشداری تێدا دەکەن و هەر بۆیە پێگەیەکە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر و پاشان لە سەر دەوروبەری دادەنێت. میشل فۆکۆ دەربارەی بایەخی گوتار دەڵێت ، بۆ ئەوەی کاریگەری دابنرێت ، پێویستە "حەقیقەت دروست بکەین " و حەقیقەت تەنیا لەرێگەی زمان و گوتارەوە دروست دەبێت. ( فۆکۆ1979) . گوتار هاوکات لەگەل سەرهەڵدانایدا دەبێتە حەقیقەت و کاریگەریش دادەنێت. ئەم بابەتە لە رێکلامی بازرگانییەوە تا سەرتاپای تیۆرییەکی فەلسەفی دەگرێتەوە.

بەڵام مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ هۆکار و توخمەکانی پێکهێنەری گوتار و دەق لە هەموو کەلتوورەکاندا یەکسان وبە واتایەکی‌تر جیهانین؟ تێگەیشتن لەم پرسیارە و گەیشتن بە وەڵامێکی گونجاو لەو پێوەندییەدا ، ئێمە بەرەو تێگەیشتنێکی قووڵ لە مەسەلەکانی وەرگێڕان دەبات تێمان دەگەینێت کە زۆربەی کێشەکانی وەرگێڕان چارەسەریان بۆ نیە ، یان لەبنەرەتدا کێشە نین ، بەڵکوو بەشێکن لە خودی وەرگێڕان . راستییەکەی ئەوەیە کە دەق بۆ خوێنەری تایبەت بە خۆی دەنووسرێت و یەکێك لە مەرجەکانی خوێنەربوون زانینی زمانە ، و لەوەش گرنگتر ناسینی ئەو کەلتوورەیە کە بەرهەمەکە تێیدا سەری هەڵ داوە. بەرهەمێك کە لە ئەمریکادا بڵاو دەکرێتەوە پێش هەموو شتێك تایبەتە بە ئەمریکییەکان . ئەم بەرهەمە رەنگە لە لایەن هەموو ئینگلیزی زمانەکانی جیهانەوە کەلکی لێوەربگیرێت وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی تریش و، باقی خوازیارانیش لە سەرانسەری جیهاندا بیخوێننەوە. بەڵام دوو شت لێرەدا روون و ئاشکرایە: یەکەم ئەگەر تەنانەت هەموو خەڵکی جیهانیش ئەم بەرهەمە بخوێننەوە ، ئەوا بنەمای یەکەم هەرلەجێی خۆیدایە کە ئەم بەرهەمە --- ئەدەبی ، زانستی ، یان هەرشتێکی‌تر -- لە ئەمریکا و بۆ ئەمریکییەکان نوسراوە .* دووەم ئەوەیە کە لە هەلومەرجێکی یەکساندا، ئەمریکییەکان ، بەریتانییەکان ، باقی



www.pertwk.com

ئینگلیزی زمانەکانی جیهان و پاش وەرگێڕانیش باقی نەتەوەکانی‌تریش بە پێی نزیکی ئاستی زانست و کەلتووریان لە ئاستی زانست و کەلتووری ئەمریکا باشتر لە دەقەکە تیٚ دەگەن . ( صلحجو 1368ی هەتاوی/1987ز ).

*پەراوێز* پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو بەرهەمانە کە بۆ خاریجییەکان دەنووسرێن ، بەرهەمی ئاوەرتەیین( دەگمەنن ) ، چونکە ئەو بەرهەمانە هەر بەم مەبەستە دارێژراون ، وەکوو بەرهەمە بڵاوکراوەکانی یونسکۆ . ئەم جۆرە بەرهەمانە لە سەرانسەری جیهاندا خوێنەری خۆیان هەیە و بە گشتی ئەو بەرهەمانە لە وڵاتە جۆربە جۆرەکاندا دەفرۆشرێن و لەبە رئەمەش کەمتر وا ریٚ دەکەوێت کە بەرهەمێکی یونسکۆ لە وڵاتێکدا رەونەق پەیدا بکات و رێژەیەکی زۆری لیٚ بفرۆشرێت . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نوسەر و بڵاوکەرەوە مەبەستیان کەلتوورێکی تایبەت نیە. کەواتە توخمەکانی پێکهێنەری گوتار لەم جۆرە بەرهەمانەدا جیاوازن لەو بەرهەمانەی کە بۆ کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەنووسرێن.*

کەواتە وەرگێڕان لەگەڵ کێشەیەکی بنەڕەتی و جەوهەریدا بەرە و روویە کە پەیوەندی بە توانایی یان ناتوانایی وەرگێڕەوە نیە. لە کەلتوورە جیاوازەکاندا ، گوتارە نووسراوەکان پێکەو جیاوازن . بابەتێکی وەك ئەشق لە بەرچاو بگرین ، کە بۆ نموونە لە کەلتووری ئینگلیزیدا لە شێوەی رۆمیو ژولێت و لە کەلتووری ئایرلەندیدا لە شێوەی تریسترۆم و ئەیزالدە و لە کەلتووری ئێرانایدا لە شێوەی وەیس و رامین و وامێق و عوزرادا خۆی دەنوێنێت. یان ئەگەر بۆ نموونە لە ئێراندا کەسێك بیەوێت وتارێك دەر بارەی " کار کردنی منالاّن لە پێناوی بژیو " دا بنووسێت ، بێگومان ئەم نووسراوەیە لەگەڵ نووسراوەی کەسێکدا کە لە نەرویج هەر ئەم کارە بۆ منالاّنی نەرویژی دەکات جیاوازی دەبێت. ئەم جیاوازییە لە جیاوازی گوتارەکانیانەوە سەرچاو دەگرێت ، و وەرگێڕ نەتەنیا بەر لە هەموو کەسێك رووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە ، بەڵکوو دەبیٚ هەوڵ بدات تا ئەو جێگەیە دەکرێت --- بە کەلك وەرگرتن لە فێل و تەڵەکەی جۆربەجۆر --- ئەم کێشەیە بۆ خوینەرەکە

www.pertwk.com

چارەسەر بکات ،چوونکە وا دائەنێین کە وەرگێڕ بۆ کەسانێك وەردەگێرێتەوە کە ئەوەندەی ئەو لەبەرهەمەکە و ئەو کەلتوورەی ئەو بەرهەمەی تێدا هاتۆتە ئاراوە تێ ناگەن. ئەمە هەمان ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان گوتارەکاندا هەیە.

لە مێژووی باسەکانی وەرگێڕان لە ئێراندا ، بۆ یەکەمجار چەمکی گوتار لەو دیمانەیەدا باس و لێدوانی لەسەر دەکرێت کە وەرگێڕە هەڵکەوتووەکانی وەك ( ئەبولحەسەنی نەجەفی ، حەسەنی مەرەندی ، جەهانگیری ئەفکاری ، نەجەفی دەریابەندەری و کەریمی ئیمامی ) لەگەڵ وەرگێڕی بەناوبانگ محەممەدی قازی دا پێك هاتووە و لە بەرگی یەکەمی ( کتێبی ئەمڕۆ ) ساڵی (1350ی‌هەتاوی / 1971ز )دا چاپ کراوە. لە شوێنێکی ئەم دیمانەیەدا ئیمامی باس لە کێشەیەك دەکات کە کە لە راستیدا بە کرۆکی گوتار ناوزەد دەکرێت و دەریابەندەریش لە وەڵامدانەوەدا ئەم چەمکە زیاتر شیٌ دەکاتەوە . وادێتە بەر چاو کە ( ئیمامی و دەریابەندەری ) بە بێ ئەوەی زانیارییەکیان لەسەر ئەم بابەتە هەبێت کە لە مەڵبەندی سەرهەڵدانی – واتە لە رۆژئاوا – یشدا زیاتر لە 30 ساڵ نابێت کە هاتوەتە ئاراوە ، بە هۆی تێکەڵبوونی راستەو خۆ لەگەڵ کاری وەرگێڕاندا بەم چەمکە گەیشتوون . لەبەر ئەوە کە ئەم ناسینە لە مێژووی باسە تیۆرییەکانی وەرگێڕان لە ئێراندا گەلێك گرینگە ، لێرەدا دەقی وتەکەی ئیمامی و وەڵامەکەی دەریابەندەری دێنینەوە:

ئیمامی دەڵێت :" من بەپێی ئەزموونی شەخسی خۆم کە بە دوو زمان وەردەگێڕمەوە ، بەو ئاکامە گەیشتووم کە وەرگێڕە لاوازەکان زۆرتر بە دەقەوە دەچەسپێن و وشەیەك کەم یان زۆر یان پاش و پێش ناکەن. با وەرگێڕانی "حاجی بابا اصفهانی " چاو لی ٌبکەین. وەرگێڕ بە راستی بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بووە. من لە وەرگێڕانی فارسی بۆ ئینگلیزیدا نەمتوانیوە ئەو شتەی بە فارسی نووسیوومە ، دەقاو دەق بیکەمەوە بە ئینگلیزی بابەتەکە شتێکی‌تری لێ دەر دەچوو. راست دەبوو بە نووسراوەیەکی ئینگلیزی ، نەك وەرگێڕان. باشە ، من مافی ئەوەم هەبوو کە نووسینەکەی خۆم بەو شێوەیە کە



ئارەزووم لێ بوو ، دەسکاری بکەم . لە کاری وەرگێڕدا ئەو عەیبە هەیە کە جورئەتێکی لەو جۆرە بە خۆی نادات."

دەریابەندەری لە وەڵامدا: بۆچی وەرگێڕێکی لێهاتوو نابێت غیرەتێکی وا بەرخۆی بدات ؟ ئەم پرسە ئێمە دەگەینێتە بنەمایەك. ئەگەر نوسەرێك کە بە دوو زمان دەنووسێت ، بە ئینگلیزی بابەتەکە جۆرێك دەردەبرێت و بە فارسی جۆرێکی تر ، ئاخۆ وەرگێڕیکی سەرکەوتوو مافی ئەوەی نیە ئەو کارە بکات؟ مەبەستم لە سەرکەتووبون ، ئەوە نیە کە وەرگێڕ و بڵاو کەرەوە پێیان وابێت ، بەڵکوو ئەوەیە کە کۆمەڵ دانی پێدا بنێت. تازە دەبێ ئەویش سنوورێکی دیاری کراوی بۆ هەبێت کە وەرگێڕی سەرکەوتوو بۆخۆی بەو سنوورە دەزانێت.

ئەوەی پێوەندی بە گوتارەوە هەیە لەم قسانەدا چڕ بووەتەوە و لە روانگەی نوسەری ئەم دێڕانەوە ئەگەر بهاتبا و کۆمەڵەی وەرگێڕانی ئێرانی لەو سەردەمەدا (1350ی‌هەتاوی/ 1971ز) دا بە باشی لەم بابەتە تێگەیشتبان ، ئەوا وەرگێڕانێکی ئەدەبی و زانستی باشترمان دەبوو. بەڵام مخابن لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەیەك سەری هەڵدا لە ژێر ناوی "وەرگێڕانی دەسپاك و ئەمەکناس " دا --- هەر ئێستاش بەردەوامە – کە وەرگێڕانی لە رەگ و ریشەوە هەڵ تەکاند.

هەروەك وتمان ئەم باسە لە مێژووی باسە تیۆرییەکانی وەرگێڕان لە ئێراندا گەلێك گرنگە . وادیارە ئەم مەسەلەیە بەردەوام مێشکی ئیمامی بە خۆیەوە خەریك کردووە ، چوونکە 16 ساڵ دواتر دەربارەی زەبیحوڵای مەنسووری دەنووسێت : ..... بەڵێ ، سەرباری ئەوە کە مەنسووری خاوەن دارِشتنێکی مام ناوەندی و بێزارکەرە و گەلێك روونکردنەوەی زیادەی هەیە ، کەچی لە بازاری کتێبدا ئەوەندە پێگەیەکی بەهێزی هەیە کە بە دەگمەن خاوەن بەرهەمێکی‌تر توانیویەتی شان لە شانی بدات و رەنگە نهێنی سەرکەوتنەکەشی راست هەرلەبەر مام ناوەندی بوونی داڕشتنەکەی و دووپات بوونەوە و رونکردنەوەکانی بێت. ( ئیمامی 1366ی‌هەتاوی/1987ز)

بابەتێك كە ئیمامی باسی لێوە دەكات --- گۆڕانی دەق لە رەوتی وەرگێڕاندا -- لە كتێبی گوتارو وەرگێڕاندا باسی كراوە كە لە لایەن هایتم و مایسۆن لە ساڵی 1990 دا نووسراوە . هایتم دەنووسێت : بە رواڵەت فاكتەرەكانی كامڵ بوونی دەق لە كەلتوورە جۆربە جۆرەكاندا جیاوازن و لە كەلتوورەكان و – لە راستیدا لە گوتارە جۆربەجۆرەكان – دا بابەتە وەك یەكەكان فۆرمێكی جیاواز بە خۆوە دەگرن. بۆ نموونە ، ئەگەر لە رۆژئاوادا كەسێك بیەوێت نامەیەك بۆ سەر نوسەری رۆژنامە ، یان گۆڤاریك بنووسێت و شتێك بڵێت ، بێگومان نووسینەكەی لەگەڵ نووسینێكی هاوشێوە ، بەڵام لە لایەن كەسێكی رۆژهەڵاتییەوە جیاوازە. ئەم نموونەی خوارەوە مەسەلەكە بە باشی روون دەكاتەوە. ئەم دەقەی خوارەوە نموونەی نامەیەكە كە رەنگە عەرەبێك بۆ سەرنوسەری رۆژنامە ، یان گۆڤارێك بینووسێت:

Sir. In the light of your Islamic activities which we all recognize، we would like you to pay greater attention than you have done so far to Muslem minorities، particularly in view of the fact that they are facing vicious attacks designed to divert them from the Islamic Line which they have chosen for themselves.

These minoritties desperately need assistance in various ways in order to be able to withstand these attacks and to raise the banner of Islam throughout the world.

هایتم دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت ئەم نامەیە بكەین بە ئینگلیزی ، بە جۆرێك كە كاریگەرییەكی باشی هەبێ ، بێگومان دەبێت بە شێوەیەك دەسكاری بكرێت ، كە بتوانێت لەگەڵ پێكهاتەی ژانرێكی هاوچەشن ( واتە نامە بۆ سەر نوسەر) لە كەلتووری رۆژئاواییدا بێتەوە. هایتم ئەم دەقەی خوارەوە بە وەرگێڕاوی ئەو نامەیەی سەرەوە دەزانێت.

The activities of your magazine in promoting Islam are highly commendaeble. However، it would be greatly appreciated if you were to pay greater attention to Moslim



www.pertwk.com

minorities. They desperately need assistance of various kids at a time when they are facing vicious attacks designed to divert them from the Islamic line. ( Hatim and mason، 1990: 186-187).

هایتم نمونەیەكی تر دێنێتەوە كە راست هەر ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت كە كە لە وتووێژی نێوان ئیمامی --- دەریابەندەریدا هاتۆتە كایەوە. ئەو دەڵێ ، یەكێك لە پێویستییەكانی وەرگێڕان ئەوەیە كە دەقی وەرگێڕاو ، ( پێودانگی ) تایبەت بە خۆی هەبێت. هەر دەقێك راوێژێكی تایبەت بە خۆی هەیە كە بە بێ ئەو راوێژە ، زماناس زۆر بە ئاسانی هەست بەم كەموكورتی و ناتەبایی دەكات. هایتم بۆ نیشاندانی ئەم بابەتە ئەم دەقەی خوارەوە وەك نموونە دێنێتەوە كە لە گوڤارێكی ئینگلیزیدا چاپ كراوە:

The newly formed Babylon Company for the Production of Cinema and TV films decided to produce three TV seiarls in the coming months including " The last Days " and " An Evening Party".

It is noteworthy that Babylon Company was formed on February 7، 1980 with a capital of over 6 million Dinars.

هایتم دەڵێت ، بێگومان ئەو دەقەی سەرەوە لە سەرچاوەیەكی عەرەبییەوە وەرگیراوە وئەمە بە باشی لە شێوازی نووسینەكەیدا دەردەكەوێت. ئەو دەڵێت ، ئینگلیزی زمانێك ئەم پارچە نووسینە بەسروشتی نازانێت و سەرەنجام لەگەڵ زەوق و سەلیقەیدا نایەتەوە و لەوەش گرنگتر ئەو كاریگەرییە دروست ناكات كە نوسەر لە دەقە سەرەكییەكەدا مەبەستی بووە. بۆ نموونە دەستەواژەی it is noteworthy بە گشتی لە دەقێكی لەو چەشنە لە زمانی ئینگلیزیدا بە كار نابرێت . هایتم و مایسۆن دەڵێن ئەگەر بمانەوێت ئەو دەقەی سەرەوە بە چەشنێك لە عەرەبییەوە وەربگێڕنەوە سەر زمانی ئینگلیزی كە تایبەتمەندییەكانی دەقێكی ئینگلیزی تێدا دەربكەوێت ، دەبێ هەندێك دەسكاری بكرێت. وێنەی هاوسەنگ كراوی ئەو دەقەی سەرەوە بەم شێوەیە ئەبێت :

The Babylon Company for Porduction of Cinema and TV films، established yesterday with a capital of over ID 6 million، has desided to produce Three television serials over the coming monthe، including The last Days and The evining party( Hatim and Mason، 1990: 46-47)

شایانی باسە کە نوسەرو وەرگێڕە ئێرانییەکان زۆرتر پێیان وایەکە بیانییەکان لە وەرگێڕاندا زۆروردن و وەرگێڕانەکانیان زۆر وردە کاری تێدایە بەڵام نە بەو مانایە کەئێمە لە ئێراندا بیری لێ دەکەینەوە. مانای راست و دروستی ئەمانەت ئەوەیە کە بابەت و پەیامەکە بە تەواوەتی رابگوێزرێت و ئەمەش بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناگەینێت کە نابێت لە دەقە بنەرەتییەکەدا وەشەیەك لەبیر بکرێت ، یان نابی وشەیەکی وا بخرێتە نێو دەقە وەرگێڕاوەکەوە کە نەتوانرێت لە دەقە بنەرەتییەکەدا هاوواتاکەی بدۆزێتەوە . کاتێك رەخنەگرەکان لە ئێراندا باس لە " ورد بوون" و " ئەمانەت" لە وەرگێڕاندا دەکەن ، مەبەستیان ئەوەیە کە لە گەڵ تێگەیشتنی رۆژئاواییەکاندا جیاوازی هەیە. من چەندین ساڵ بەرپرسی پێداچوونەوەی گۆڤاری ( پەیامی یونسکۆ ) بووم کە بە چەندین زمان بڵاو دەکرایەوە ، و زۆر وەرگێڕانی وەهام دیوە کە جۆری تێگەیشتنی جیهانی رۆژاوا لەسەر وەرگێڕان دەردەخات. ئەم دەقەی خوارەوە نموونەیەکی ئەو جۆرە ەرگێرانەیە ، و بەشێکە لە وتارێك دەربارەی میترۆکانی ژاپۆن کە جیمزکرکوپ بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی ولە گوڤاری( پەیامی یونسکۆ، ژمارەی ژاپۆنی سەردەم ، دیسامبری 1987) دا چاپ و بڵاو بووەتەوە.

Most Japanese subways and commuter trains have their seats in the form of long benches on each side of the carriage.They are quite comfortably upholstered in hard-wearing green ، red blue plush.



www.pertwk.com

بەشی سەرەوە دەسپێکی وتارەکەیە. ئێستا سەرنج بدەنە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی، کە هەر لەم ژمارەی پەیامی یونسکۆ ( نوسخەی فەرەنسی)دا چاپ کراوە.

Contrairement a ceux du metro parsien، les sisges des trains de banlieue japanais et du metro de Tokyo sont dispose's en langueur sous forme de banquettes confortablement de moleskinge verte، rouge ou blelue qui laissent un vaste espace libre au centre du wagon.

هەروەك دەبینین ، وەرگێڕە فەرەنسییەکە سیستمی رستەسازییەکەی تێك داوە ، دووو رستەی کردووە بە یەك رستە ، هێندێ دەستەواژەی بە رستەکە زیاد کردووە تا فەرنسییەکان باشتر بتوانن لێی تێ بگەن.

حەدیدی لە کتێبی ( لە سەعدییەوە تا ئاراگۆن ) دا دەڵێت کە ئەورووپییەکان لە وەرگێڕاندا هەستیان دەکرد سەربەستن . ئەو لە وەسفی وەرگێڕانی کتێبی( هەزارو یەك شەو) لە وەرگێڕانی ( ئانتوان گالان) دا دەنووسێت: "کەواتە ، ئەو کۆمەڵە ( چیرۆکە) کە گالان بە ناوی هەزارو یەك شەو ناساندی ، لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە ەرگیرا بوو. هەر بۆیە هەمەچەشنییەکی زیاتری تێدا بە دی دەکرا و فەرەنسییەکان پەسندیان بوو. بەڵام ئەم هەمەچەشن بوونە کاری وەرگێڕی دژوارتر دەکرد، چوونکە دەبوایە شێواز و داب و نەریتە جۆربەجۆرەکانی تێکهەڵکێش بکردایە و لەگەڵ زەوقی خوێنەری ئەمرۆییدا رێکی بخستایە. گالان لەم پێناوەدا زۆر ماندوو بوو، بە قسەیخۆی ئیدیوم وخوازەی گەورەکراو ودووپاتکردنەوەی بێزارکەری وەلاناوە و ئەفسانەی سەیرو سەمەرە باوەرپێنەکراوەی لەگەڵ یاساکانی سروشتدا رێکخست و چیرۆکی دڵوێن و خەیاڵی لێ دروست کرد کە نیشانەی لێهاتوویی و بلیمەت بوونی لە رادە بەدەرەی ئەو بوو لە هونەری چیرۆکنوسیدا." پاشان باس لەوە دەکات کە گالان " لە دوایین بەرگەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەدا بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندییانەی پاراستبوو کە لەگەڵ زەوقی ئەورووپییەکاندا نایەتەوە" هەر لەبەر ئەمەش " زۆر دواتر بەشێکی

بەرچاوی نوسەران ، بۆ نموونە ڤۆلتێر ، دیدرۆ و مونتسکیو شێوازی نووسینی هەزار و یەك شەویان بە دەسکرد لە قەڵم دا و گاڵتەیان بە لایەنگرانی ئەم شێوازە کرد." ( حەدیدی 1373ی هەتاوی/1994ز، ل 101–102)

لە زمانە جۆربە جۆرەکاندا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی و ڕەوانبێژی دەقەکان پێکەو جیاوازن. ڕەچاو نەکردنی ئەم جیاوازیانە لە وەرگێڕاندا دەبێتە هۆی درست بوونی دەقێکی ناڕێك کە لە بنەرەتدا ناتوانین پێی بڵێین (دەق ) ،چونکە دەق لە بنەرەتدا پارچەنووسینێکی ڕێکخراو و سیستم ئاسایە و ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێت ئەوا کۆمەڵە ڕستە و دەستەواژەیەکن کە لەبەر ئەوەی ناتوانن بە تەواوەتی پێکەوە بگونجێن ، نابن بە هۆی پێکهاتنی دەق و ئەوشتەش کە نەبێت بە دەق ، ناتوانێت لە باری هەست و تێگەیشتنەوە کاریگەری لە سەر خوێنەر دابنێت.

لەبەر ئەوە کە گوتاری زمانەکان پێکەو جیاوازن ، هێندی جار پێویستە کۆمەلێك گۆرانکاری لە نێو وەرگێڕاندا بکرێت تا ئەمانەتدارییەکە بە تەواوی ڕەچاو بکرێت کە( ئەمە خاڵێکی یەکجار گرنگە) . ئەو بابەتانە کە لە ژێر ناوی توانای زمانی ، توانای پەیوەندیگرتن ، پێش گریمانە ، پاشخان ، بنەرەتی هاوکاریکردن لە نێوان خوێنەر و نوسەردا و چوار مەرجەکانی و هەروەها ڕێککەوتنی زمانی و ڕەوانبێژیانە هاتنە بەرباس ، بە گشتی ئەوە نیشان دەدەن کە دەقێکی سەرکەوتوو دەبێت خاوەن چ تایبەتمەندییەك بێت ، بەڵام لە هەموو زمانەکاندا ئەم چەمك و بنەرەتانە بە شێوەیەکی یەکسان دەر ناکەون. وەرگێڕە خاوەن ئەزموونەکان بە گشتی کێشەی ئەوەیان هەبووە کە هێندێك جار لەبەر ئەوە کە وەرگێڕانی وشە یان دەستە واژەیەك ، ناچار بوون ، بۆ ئەوەی دڵیان ڕازی بێت ، پەنا بۆ شێوەی جۆربەجۆر ببەن. بەڵام کەم کەسێك هەبووە کە لە باسی تیۆری وەرگێڕاندا قەناعەتی بەوە هێنابێت و ڕای گەیاندبێت کە جارجارە پێویستە لە وەرگێڕاندا شتێك بە دەقەکە زیاد بکرێت ، یان لێی کەم بکرێتەوە . لەبەر ئەوە ئەو دەربڕینە ڕاشکاوانەی ئیمامی و دەریابەندەری لەو پەیوەندییەدا ، لە چاو سەردەمی خۆیان بە کارێکی بێ



www.pertwk.com

وێنە و درەوشاوە دەزانرێت ، کە لە ڕوانگەی منەوە ، ئەوان لەبەر ئەوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ، یەکەمیان هاوکات خاوەن بەرهەمی نووسراو وەرگێڕاو بووە و دووەمیان لە جەرگەی کاری وەرگێڕاندا کێشمەکێشێکی زۆری لە گەڵ دەقەکەدا کردووە . وەك بینیمان ئیمامی لەوێدا دەڵێت کە هەرکات ویستوویەتی بەرهەمێکی خۆی بکاتە ئینگلیزی ، بەو ئاکامە گەیشتووە کە دەبێت دەسکاری بکرێت. ئەم دەسکاری کردنە کە ئیمامی وەك نوسەر --- وەرگێڕیك بە باشی هەستی پێکردووە ، جیا لە گوشاری گوتارە جیاوازەکانی سەر بە زمانە جیاوازەکان شتێکی تر نیە. بەڵام چوونکە لێرەدا داهێنەری بەرهەمەکە لە هەردوو گوتارەکەدا یەك کەس بووە ، زۆر بە ئاسانی هەستی پێکردووە و دەریبڕیوە . ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە بڵێین -- دیارە ئەم بۆچوونە بە تەواوی ڕاستە-- باشترین وەرگێڕانی هاملێت بۆ سەر زمانی فارسی ، ئەو وەرگێڕانەیە کە خودی شەکسپیر ، بیکردایە، بە مەرجێك بە فارسی بینوسیبایە.

وتەکەی ئیمامی تەنیا بە هۆی ڕاشکاوانە بوونی دەربڕینەکە بە تازە دەزانرێت ، ئەگینا زۆر پێشتر و بەر لەوەی ئیمامی ئەو باسە بێنێتە ئاراوە ، یەکەمین وەچەی وەرگێڕە ئێرانییەکان و دواتریش کۆمەلێك لە وەرگێڕەکان و لە سەرووی هەموانەوە گەورە پێشەوای هاوسەنگ کردنی گوتارەکان زەبیحوڵا مەنسووری ، بە کردەوە ئەو بنەمایەیان جێبەجێ کردووە کە ساڵانی دواتر بیرمەندانی بواری وەرگێڕان بە کردەوە پێی گەیشتوون! قسەکردن لەسەر مەنسووری لێکدانەوەی خراپ دروست دەکات. لەم پێوەندییەشدا لەوانەیە تەنیا کەسێك کە بە ویژدانەوە قسەی لەسەر زەبیحوڵای مەنسووری کردبێت و لێی تێ گەیشبێت ، ئیمامی بێت . ناتوانین ژانری مەنسووری لە وەرگێڕاندا دەسبەجێ هەڵسەنگێنێن و بیخەینە لاوە. عەیبی کارەکەی مەنسووری لەوەدایە کە لە کارەکەیدا زێدەڕۆیی کردووە و خۆی کردووەتە ئامانجی هێرشی ئەمانەت پارێزەکان ، ئەگینا ئەو بنەما تیۆرییانە کە مەنسووری لە وەرگێڕاندا پەیرەوی کردووە ، زۆر لەوە پێشتر لە نێو باسە تیۆرییەکانی

تایبەت بە وەرگێڕان لە ئەورووپادا هاتبوونە ئاراوە. ئەلکساندەر تایتلەر ، ئەدیبی بەریتانی لە کتێبیکدا بە ناوی ( بنەماکانی وەرگێڕان 1791) دا لە سەر ئەو باوەرەیە کە ئەگەر پێویست بکات ، وەرگێڕ مافی ئەوەی هەیە شتێك لە بەرهەمەکە کەم یان زیاد بکات. تایتلەر دەیوت ئەگەر بێت و وەرگێڕ لەکرۆك و نێوەرۆکی بەرهەمەکە تیٚ بگات " مافی ئەوەی هەیە وەك نوسەرەکەی قەزاوەتی لە سەر بکات. " هەر وەرگێڕانێکی چاك لە باری زمانییەوە پێویستی بە هاوسەنگ کردن هەیە. ئەوە راستە کە مەنسووری و لایەنگرەکانی لە کاتی وەرگێڕاندا دەقەکەیان دەسکاری کردووە ، بەلام ئەوەی لەم نێوەدا ئاشکرایە ، ئەوەیە کە : ئەو شتەی ئەوان پێشکەشیان کردوە خوێنەر بە تەواەتی لێی تیٚ دەگات. لە لایەکی ترەوە ئێمە وەرگێڕانی وامان هەیە کە وشەیەك چییە لە دەقەکە کەمتر یان زیاتر نیە ، بەڵام روون نیە کە خوێنەر تا چ رادەیەك لەم وەرگێڕانە بە ناو ورد و دەقیقە تێگەیشتووە ( ئەمە بۆ خۆی یەکجار گرنگە).

مەبەستمان ئەوە نیە کە بڵێین هەموو وەرگێڕەکان دەبیٚ رێچکەی مەنسووری بگرنە بەر ، بەڵکوو دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە بەردەام خوێنەری واهەن کە پێیان خۆشە تا ئەو شوێنەی دەکرێت کەلتووری بێگانە لە چوارچێوەی کەلتووری ئاشنای خۆیاندا بخوێننەوە . ئەم بەشە لە خوێنەران زیاتر بایەخ بە رووداو و بابەت دەدەن تا بە فۆرم و رووالەت. نامۆبوونی پێکهاتەی زمانەکان ئازاریان دەدات و رێگای تێگەیشتنی راستەو خۆیان لیٚ دەبەستێت. کەواتە رێبوارانی رێبازی مەنسووری نەتەنیا لە ئێراندا ، بەڵکوو لە وڵاتانی تریشدا بوون و هەن.

پێویستی گۆڕینی هێندیٚ لە توخمەکانی دەقی وەرگێڕدراو بە مەبەستی دەسراگەیشتن بە گوتارێکی گونجاو لەگەڵ کەلتووری مەبەستدا ، هی سەردەمێکیتایبەت نەبووە ، بەڵکوو لە کۆنترین سەردەمەکانی وەرگێڕانەوە تاکوو ئەمڕۆ، بە پێی پێویستییەکانی هەر سەردەمێك ، کەم تا زۆر هەبووە. مەسەلەیەك کە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە هۆی نیگەرانی میلان کوندرا ، نوسەری چیکی ، پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە . دیارە نوسەر و





بڵاوکەرەوەکان لە رادە بەدەر( گاڵتە ) یان بە گاڵتە گرتووە . وەرگێڕ و بڵاو کەرەوە وئەدیتۆر وایان بە باش زانیوە کە بۆ ئەوەی خوێنەری ئینگلیزی زمان بە باشی لەو رۆمانە (چیکی )یە تی بگات ، پێویستە هێندێك گۆرانکاری لە پێکهاتەی دەقەکەدا پێك بهێنرێت. وادێتە بەرچاوکە کە وەرگێڕ لە پێناو گەیشتن بە هاوسەنگییەکی دڵخوازدا زێدەرۆیی کردووە ، چوونکە بەو ئاکامە گەیشتوە کە ئەو شێوازەی کوندرا بۆ گێڕانەوە لەم رۆمانەدا بە کاری هێناوە ، شێوازێکی جیهانی نیە و پێویستە لەم رووەوە گۆرانکاری تێدا بکرێت.

یەکەمین دەسکاریکردنی وەرگێڕ لە کتێبەکەدا ، بریتییە لەو گۆرانکارییە کە لە گەلاڵەی رۆمانەکەدا کردوویەتی. یەکێك لە وەرگێڕەکان لە نامەیەکدا بۆ T.L.S ( پاشکۆی ئەدەبی تایمز) نووسیویەتی کە ئەو لە کتێبەکەدا هەستی کردووە کە نارێکوپێکییەك لە رێکخستنی کات و زەمەن دا هەیە ، و لە رانگەیەی ئەوەوە ئەم نارێکوپێکییە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت. ئەو پاشان بە خەیاڵی خۆی بە بڕین و جێگۆرکیٚ کردنی پاژەکان ، توانیویەتی ئەم نارێکوپێکییە چارەسەر بکات. بێگومان بڵاوکەرەوش ئەم بڕیارەی ئەوی پەسند کردووە ، چوونکە ئەو کەسەی کە بەسەرگاڵتەدا چووەتەوە ، دەڵێت : ئەرکی شارەزا (ئەدیتۆر) ئەوەیە کە هەر گۆرانێك کە ئەو بۆ روونکردنەوەی زەینی خوێنەر بە باشی دەزانێت ، پێشنیاری بکات. .. ( کۆهیوزکا)

کۆهیوزکا لە درێژەی وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەو گۆرانکارییانە کە وەرگێڕی بەریتانی لە بەرهەمەکەی کوندرادا کردوویەتی ، لە سەر بنچینەی ئەو گریمانەیە بووە کە شێوازی گێرانەوەی کوندرا بە شێوازێکی جیهانی نازانێت و تەنیا پێوەندی بە کەلتورێکی تایبەتەوە هەبووە ، کە پێویست بوو گۆرانی تێدا بکرایە. بۆ نموونە ئەو پاژە کە پێوەندی بە مۆسیقای فلکلۆری موراوابیەوە بووە ، لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا کورت کراوەتەوە. یەکێك لە وەرگێڕەکانی ئەم بەرهەمە دەنووسێت : " بەڵام زۆربەی خوێنەرە بەریتانییەکان ، بە پێچەوانەی خوێنەرە چیکی و ئەسلوڤاکییەکانەوە کە نەریتێکی کەلتووری جیاوازیان هەیە ، ئەگەر ئەو پاژەی لە سەر مۆسیقای

مووراوایی نووسراوە بە پاژێکی وەرەزکەر نازانن ، ئەوا لانی کەم بە دژواری دەیخوێننەوە." ( هەمان سەرچاوە)

کوندرا بۆ خوێشی گلەیی لەو کە سانە دەکات کە بەرهەمەکەیان وەرگێڕاوەتەوە و دەڵێت : لە ساڵەکانی1968–1969 دا ( گاڵتە) وەرگێڕدرایە سەر هەموو زمانە رۆژئاواییەکان . بە راستی سەیر بوو! لە فەرنسە وەرگێڕە فەرنسییەکە بەرهەمەکەی منی سەر لەنوێ نووسیوەتەوە و جوانکاری لە شێوازی نووسینەکەمدا ئەنجام داوە. لە بەریتانیا بڵاوکەرەوەکە ئەو بە شانە کە تێیان رامابووم و ئەو پاژانە کە پەیوەندییان بە موسیقا ناسییەوە هەبوو، لە دەقەکەدا نەهێشتبوو، ریز بەندییەکەی تێك دابوو و پێکهاتەی رۆمانەکەی گۆڕیبوو . لە وڵاتێکی تردا چاوم بە وەرگێڕی بەرهەمەکە کەوت کە تاقە وشەیەکی چیکی نەدەزانی. لێم پرسی " ئەگەر وایە چۆن وەرتگێراوەتەوە " لە وەڵامدا وتی " بە دڵم " و پاشان وێنەیەکی منی لە گیرفانی دەر هێنا . ( کوندرا 1988 ، لە جەنتێزلەرەوە وەرگیراوە 1993 ، ل 38)

هەروەك دیارە گۆڕانی گوتارەکان لە دونیای وەرگێڕاندا تایبەت بە شوێن و کاتێکی دیاری کراو نیە و بە رواڵەت بە هۆی گوشاری کەلتووری زمانی مەبەستەوە پێك دێت . دیارە دەبێت رادەی ئەو گۆرانکارییانەشمان لە بەرچاو بێت ، چوونکە ئەوەی راستی بێت مرۆڤ بەردەوام خوازیاری ئەوەیە کە لە دیاردەکان و بیرکردنەوەکانی تر ئاگادار بێتەوە. دەربارەی داب و نەریت و هەڵسووکەتی ئەوانی تر شت بزانێت. تەنانەت نهێنی هیندێ لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیش بۆ " نامۆیی/ extoisme ) ی ئەو بەرهەمانە دەگەرێتەوە. لە لایەکیترەوە ، مەیلی کەلتوورەکان بۆ نزیك کەوتنەوە لە یەکتر بووەتە هۆی ئەوە کە گوتارەکانیش لە یەك نزیك کەونەوە و لە ئاکامدا رویشتن لە گوتارێکەوە بۆ نێو گوتاریکی تر ئاسانتر بێت . کەواتە رادەی دەستێوەردان زۆر هەستیارە و وەرگێڕی سەرکەوتوو لە راستیدا ئەو کەسەیە کە لەو هەستیاربوونە تێ بگات . دیارە ئەم هەستیار بوونە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە و سەرەنجام بێ ئینسافییە ئەگەر بمانەوێت بەرهەمێکی وەرگێڕاوی 20 سال



www.pertwk.com

لەمەوبەر بە پێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و دادوەری لەسەر بکەین . ئەو هاوسەنگییە کە ئەمڕۆ لە وەرگێڕاندا دەکرێت ، بێگومان لە داهاتوودا کەڵکی خۆی لە دەست دەدات. چوونکە هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە کەلتوورەکان خەریکن لەیەکتر نزیك دەکەونەوە ، و هەر لە بەر ئەم هۆیەیە کە لە لێدوانەکانی تایبەت بە وەرگێڕاندا بەڵگە هێنانەوە کارساز نیە ، چونکە لە راستیدا هەرجارە و رەنگێك دەنوێنێت.

رادەی دەسکاری کردن لە وەرگێڕاندا بەسراوەتەوە بە فاکتەری کات و شوێن . هەر شوێن و کاتێك لە وەرگێڕاندا پێویستی بە رادەیەك لە دەسکاری کردن هەیە. هێندێ کەس بەڵگە بۆ ئەوە دێننەوە کە ئێستا لە تەواوی کەلتوورەکاندا گوتارەکان لەیەکتر نزیك کەوتوونەتەوە و بە وتەیکی روونتر نەتەوەکان بە ئاسانی دەتوانن لە یەکتر تێ بگەن. بێگومان ئەم بۆچوونە راستە ، بەڵام مانای ئەوە نیە کە دەسکاری کردن لە وەرگێڕاند ا رەت دەکرێتەوە. جیهانەکان لەیەکتر نزیك بوونەتەوە ، بەڵام بەیەك نەگەیشتوون و بێگومان لە داهاتووشدا هەروا دەمێنێتەوە . خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ، راستە گوتارەکان لەیەکتر نزیك کەوتوونەتەوە ، بەڵام هەر بەو رادەیەش چاوەروانی نەتەوەکان بۆ زانینی وردە کارییەکانی کەلتوورەکانی بێگانە روو لە زیاد بوون دەکات پێویستە وەرگێڕ بەردەوام ئەم خاڵە گرنگە لەبەرچاو بگرێت و بۆ هەڵسەنگاندنی وەرگێڕان فاکتەری کات و شوێن لە بەرچاو بگرێت .

هەرچی چۆنێك بێت ، وەرگێڕلە رەوتی وەرگێڕاندا دەتوانێت سنوورێك بۆ هاوسەنگ کردن دابنێت . لەم پەیوەندییەدا ئیکۆ دەڵێت : " کاری وەرگێڕاندن بریتییە لە پرۆسەی تاقیکاری و ئەزموون وەرگرتن ، راست وەکو ئەوە وایە کە بتەوێت لە بازارێکی رۆژهەڵاتیدا فەرشێك مامەڵە بکەیت ، بازرگان ئەڵێ 100 و تۆ ئەڵێی 10 و پاش یەك ساعەت مشتومڕ لەسەر 50 رێك دەکەون" .( ئیکۆ 1994)

ئەگەرچی لە رابردوودا ( دەق ) وەك چەمك و زاراوەیەکی نوی لە ئارادا نەبوو ، بەلام باسی گۆڕان لە نێو وەرگێڕاندا بۆ گەیشتن بەو شتەی کە بکرێ

پێی بوترێ دەق ، یەکیك لە باسە کۆن و لەمیژینەکانی بواری وەرگێڕانە. بە پێی زمانناسی دەق ، وتاری نووسراو و زارەکی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت چێژ و تێگەیشتن لای خوێنەر درووست بکات ، کە لە رووی دەروونییەوە بە باشی رێکخرابێت. لە لایەکی ترەوە کێشەیەك لە وەرگێڕاندا هەیە کە بەم رادەیە کۆن و لە مێژینەیە ، ئەویش ئەوەیە کە وەرگێڕان تا چ رادەیەك دەبێ دەربڕی پێکهاتەی زمانی ( نەك واتایی ) بەرهەمەکە بێت. ئەوەی کە وەرگێڕان نابێت ئەوەندە خۆی لە زمان و کەلتووری مەبەست نزیك بکاتەوە کە نەتوانرێت سەرچاوەی بنەرەتی بەرهەمەکە دەستنیشان بکرێت قسەی لە سەر نیە. ئەگەر وابێت مەبەستەکە دەشێوێنرێت ، چوونکە یەکیك لە گرنگترین هاندەرەکان کە وا لە خوێنەر دەکات بەرهەمێك بخوێنێتەوە ، ئاگادار بوونە لە شێوەی ژیانی ئەو خەڵکەی کە لە سەرزەوینێکی دیکە وبە کەلتوورێکی جیاوازدەژین . بەڵام خاڵی بنەرەتی ئەم باسە لێرەدایە کە تا چ رادەیەك دەبێ نامۆ بوون ( غرابت) لە فیلتەری زمانەوە تێپەڕێنین. لێرەدایە کە چەمکی دەق خۆی دەر دەخات. بێگومان دەتوانین بڵێین ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی شێواندنی دەق ، بە رێگایەکی جیاواز لە فیلتەری زمانەوە هاتوونەتە نێو وەرگێڕانەوە. ئەگەر دەقمان بە پێوەر قبووڵ بێت ، رادەی تەسکی و هەراوی فیلتەرەکە دێتە دەستمان . ئەو کەسانە کە دەڵێن نابی بەرهەمێك زۆر خۆمانە بێتەوە ، قسەیەکیڕاستیان وتووە ، بەڵام ئەو بەرهەمانەش کە زۆر ( نامۆن ) وەلا دەنرێن. گەیشتن بە نێونجێکی دڵخواز تەنیا لە رێگەی پێوەرەکانی زمانناسییەوە مسوگەر دەبێت.

ئەم هێزە دوولایەنەیە لە زەمەنی جیاوازدا دەرەنجامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بەم جۆرە دەق بریتییە لە ناسنامەیەك لە ژێر کاریگەری زەمەندا . ناتوانین بە یەکجاری لە نێو دەقدا رێژەی توخمە بێگانەکان دیاری بکەین ، و ئەگەر بڕوا بەو بێنین کە کەلتوورەکان رۆژ بە رۆژ لەیەکتر نزیك دەکەونەوە ، دەتوانین بڵێین کە لە داهاتوودا رێژەی قبووڵکردنی توخمە بێگانەکان روو لە زیاد بوون دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرۆسەیە ، لە ساتێکی دیاری کراودا



www.pertwk.com

سنوورێکی دیاری کراوی هەیە و ، هەڵبەت ئەم سنوورە دیاریکراوە لە سەر بنەمای دیاردەیەکی کەم تا زۆر نا جێگیر راوەستاوە کە ئەویش زەوقی خوێنەرانە ، و بەردەوام لە لایەن کۆمەڵێك کەسەوە دژایەتی دەکرێت . رەنگە هەرگیز نەتوانین بڵێین کە ئەم نەیارانە حەقیان بە دەستە یان نا. پەنابردن بۆ دارشتنی دەروونی دەق ، لە راستیدا بەو مەبەستەیە کە بتوانین لەم بارەوە بە باشی داوەری بکەین. ئەو نموونەی کە لەخوارەوە دێ لەم پەیوەندییەدا گەلێك سەرنجراکێشە و بێگومان لایەنگر ، یان نەیاریشی هەیە کە لە وەرگێڕاندا ( سەر بە دوو ئاراستەی وەرگێڕانی بێگانە پەسند و دژە بێگانەن).

محەممەدی شەهبا کاتێك رەخنە لە وەرگێڕانی " مردن لە نیوەی هاوین دا " دەگرێت ، کە بەرهەمی نوسەری ژاپۆنی ، یوکیو میشیمایە و هورموز عەبدوڵایی وەری گێڕاوە ، دەڵێ کە وەرگێڕ ناوی دانەرەکەی بە هەڵە تۆمار کردووە. شەهبا دەنوسێت: لە زمانی ژاپۆنایدا سەرەتا ناوی بنەماڵەیی ( شۆرەت) و پاشان ناوی خۆی دێنن . بە داخەوە لای ئێمە لەبەر ئەوە کە زیاتر لە وەرگێڕانی ئینگلیزی و فەرنسییەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەردەگێڕنەوە ، نەك لە زمانە بنەرەتییەکەوە ، ریزبەندییەکە ئاوەژوو کراوە. هەروا کە لەم کتێبەشدا ناوی میشیما یوکیو کراوە بە یوکیو میشیما . میشیما شۆرەتە و یوکیو ناوی بچووکە . باشتر وایە کە ناوە ژاپۆنیەکان هەر وەك خۆیان بنووسرێن. هەر وەك چۆن بە رەوای نازانین کە ناوی جەلالی ئالی ئەحمەد بە ئالی ئەحمەدی جەلال تۆمار بکرێت .( شەهبا 1376هەتاوی/1997ز) . ئەوەی کە شەهبا باسی دەکات ، ئەگەر بێت و شی بکرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر رێگا چارەیەکی یەکجاریش نەدا بەدەستەوە ، بەڵام لانی کەم بە شێوەی رواڵەتی دەبێتە هۆی روون بوونەوەی یەکێك لە بنچینەییترین کێشەکانی وەرگێڕان.

ئەم مەیلە نموونەیەکی بەرزی رەسەن خوازییە. ئێمە ئامارێکی ورد و تەواومان لەبەردەستدا نیە تا بزانین لە نێو خوێنەرانی فارسی زماندا رێژەی لایەنگر ، یان نەیاری هاوردنی ئەم دەستەواژە ژاپۆنییە واتە – نووسینی ناوی بنەماڵەیی لە پێش ناوی بچووکدا – بۆ نێو زمانی فارسی چەندەیە. ئەوەش

نازانین کە ئەگەر وەرگێڕ بە پێی بڕیاری خۆی ئەم نەریتە بێنێتە نێو زمانی فارسییەوە ، چەند لە سەدی خوێنەران بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە لە زەوقیان بدرێت دەزانن کە میشیما یوکیو ، لە راستیدا بەشی یەکەمەکەی ناوی بنەماڵەییە و بەشی دووەمی ناوی بچووکە . مەبەستمان ئەوەیە کە بڵێین فارسی زمان بەردەوام وا فێر بووە کە توخمی یەکەم بە ناوی بچووك و توخمی دووەم بە ناوی بنەماڵەیی لێك بداتەوە . کەسێك کە بیەوێت ئەم عادەتە زەینییە لە فارسی زمانێك بستێنێتەوە ، و رێرەوێکی زەینی دیکەی لە جیاتی دابنێت ، ئەوا رووبەرووی پەرچە کرداری ئەو دەبێتەوە . لێرەدا ئێمە لەسەر دوو رییانێکی دژوارین . ئاخۆ ئێمە رێرەوێکی سروشتی ناو هێنان لە فارسی زمان بستێنینەوە ، و لە بەرامبەردا زانیارییەکی پێ ببەخشین ، واتە پێی بڵێین کە لە ژاپۆندا سەرەتا ناوی بنەماڵەیی دێت و پاشان ناوی بچووك . رەسەنخوازە دەمارگرژەکانی بواری وەگێڕان بە بێ هیچ دوودڵییەك ئەم رێگایە پەسند دەکەن. ئەوان دەڵێن خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو نابێ لە بنەڕەتدا وا تێبگات کە دەقێکی وەرگێڕاو بە ئاسانی بخوێنێتەوە . بە پێچەوانەوە دەبێ بەردەوام ئەوە بزانێت کە خەریکە دەقێکی بێگانە دەخوێنیتەوە و دەبێ هەردەم خۆی بۆ رووبەرووبونەوە لەگەڵ پێکهاتەی ناتەبا لەگەڵ پێکهاتەی زمانەکەی خۆێدا ئامادە بکات . دیارە ئەم بۆچوونە بە گشتی راستە ، بەڵام پەیڕەو کردنی زۆر دژوار و ئەستەمە. یەکیك لە کێشەکان ئەوەیە کە ئەم گرووپەی دوایی خەمی ئەوەیان نیە کە خوێنەر لە بابەتەکە تێ دەگات ، یان نا و لەوەش گرنگتر بە هەڵە وادەزانن کە خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو شارەزایی لە زمانە بێگانەکەدا هەیە لە کاتێکدا وا نیە . بۆ نموونە ئەگەر بهاتبا و ئێمە هەر لە سەرەتادا ناوی ( یوکیو میشیما) وەك شێوە رەسەنەکەی خۆی واتە ( میشیما یوکیو) بهێنایەتە نێو نووسینەکەمانەوە ، زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرە فارسەکان وایان دەزانی کە میشیما ناوی بچووك و یوکیو ناوی بنەماڵەییە.

خاڵی گرنگی دیکە ئەوەیە کە ئەتوانین بپرسین کە ئاخۆ ئەم ئاوەژوونەکردنە ، و لە راستیدا بە پێی رێرەوی خۆمان ئەم ئاوەژووکردنە چ



www.pertwk.com

سوودێکی هەیە؟ ئاخۆ وا باشتر نیە کە لە پەراوێز ، یان شوێنیکی دیکەدا ئەم زانیارییە بە خوێنەر بدەین و بە شێوەی سروشتی ناو و ناوی بنەماڵەییی بنووسرێتەوە؟ ئەگەر بێت و لە سروشتی زمان بڕوانین ، رێگای دووەم هەڵ دەبژێرین. بۆ نموونە ئێمە نازانین کە چ فاکتەرێك بوەتە هۆی ئەوەی کە ئینگلیزی زمانەکان لە ئاوێتە کردنی دوو ئامرازی چیشت خواردندا واتە کەوچك و چەتاڵدا سەرەتا چەتاڵ و پاشان کەوچکیان هێناوە ئەوان دەڵێن " Frok and spoon" بەلام ئێمە دەڵێین کەوچك و چەتاڵ . ئەوە گرنگ نیە کە ئەم دوو جۆرە ئاوێتە کردنە چۆن سەریان هەڵداوە ، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە ئەو شتەی ئەم دوو وشەمان بۆ دەکاتە دەق ( دەقی کورت ، نەك دەقی درێژ) ، تێکەڵکردنی "کەوچك و چەتاڵ"ە ، نە فۆرمێکیتر. دەتوانین ئەم سێ وشەیە بەچەندین شێوازی تریش لە تەنیشت یەکتریدا ریز بکەین و تەنانەت لە ماناکەی تێ بگەین ، بەڵام لە راستیدا فارسەکان دارشتنی تر بە دەق نازانن ، ئەو دارشتنەش کە نەبێتە دەق ، تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەستەمە.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە پاش ئاگاداربوون لە جۆری داڕشتنی ئەم دەستە واژەیە لە زمانی ئینگلیزیدا ، نەهاتین دارشتنەکەی خۆمان بگۆرین و بڵێین"چەتاڵ و کەوچك" . ئەم دارشتنانەی خوارەوە نموونەیەکی بچووکن کە نیشان دەدەن هەر زمانێك بە رێگای خۆیدا دەروات.

| | |
|---|---|
| درەنگ یان زوو | sooner or later |
| کەم و زۆر | more or less |
| ترس و هیوا | hope or fear |

دەتوانین زۆر نموونەی دیکە لەم بارەوە بێنینەوە و نیشان بدەین کە هیچکام لەوانە نەیانتوانیوە دارشتنێکی وەك – دارشتنی ناو و ناوی بنەماڵەیی – بگۆڕن کە زۆر دەمێکە لە نێو زماندا جێ کەوتووە.

مەسەلەی رەسەنخوازی بەوەندە نابڕێتەوە . مەبەست ئەوەیە کە کۆمەڵێك لەو ( پۆرتین ) انە کە دەمارگرژترن ، رەنگە بەوەندە پێکهاتە هاوردەیە ( ئاوەژووکردنی ناو و ناوی بنەماڵەیی) قایل نەبن و خوازیاری ئەوە

بن كه ئەو جۆره وشه ژاپۆنیانه به پێی فونەتیکی خۆیان و به تایبەت به سترێسی رەسەنی ژاپۆنی بوترێن و له ئاكامدا دەبی ئەم ناوانه سەرەو ژێرەی بۆ دابنرێت. بەم شێوه دەبینین كه ئەم رەوته كۆتایی پێنایه و به واتایەكی تر كۆتاییەكەی بریتییه له هەمان تێگەیشتنی دمارگرژانه له گریمانەی ساپیر– ورف كه وەرگێڕان به كارێكی مەحاڵ دەزانێت . ئەگەر بێت و روانگەی( ورف )مان قبووڵ بێت كه پێی وایه هەرگیز پێكهاتەكانی دوو زمان پێكەوه یەكسان نین ، زۆر به ئاسانی بەو ئاكامه دەگەین كه وەرگێڕانێكی ورد و تەواو و هەروەها وتنی پڕاو پڕی ( اعلام) له وەرگێڕاندا تەنیا تراویلكەیەكه و بەس. كەواته رەسەنخوازی له وەرگێڕاندا هیچ دەرەنجامێكی تەواو به دەستەوه نادات و تەنیا ئەو شێوه پێكهاته واتاییانەی زمانی بێگانه دەتوانن بێنه نێو زمانی ئێمەوه كه توانیبێتیان به شێوەیەك له فلتەری زمانەوه تێپەربووبن . به پێچەوانەوه ، یان به فلتەری زماندا تێناپەڕن ، یان ئەگەر ئێمه به زۆر بیانهێنین ، كەس تیان ناگات .

شەهبا دەڵێت ، به داخەوه ئەو دەقه ژاپۆنیانه كه كراون به فارسی ، به گشتی له زمانەكانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوه وەرگێڕدراون نەك له زمانی ژاپۆنییەوه و لەبەر ئەوه كه ئەوان ( فەرنسی و بەریتانییەكان ) به هەڵه ناوەكان به شێوازی خۆیان دەنووسن ، ئێمەش به هەڵه هەر ئەو رێرەوەی ئەوان وەردەگرین و دەیهێنینه نێو زمانەكەمانەوه. لێرەدا ئەوه پرسیاره زەق ەبێتەوه كه هۆی چییه كه شەهبا له كردەی بەریتانی و فەرنسییەكان ورد نابێتەوه و له خۆی ناپرسێت كه بۆچی ئەوان وا دەكەن ؟ رەنگه له روانگەی ئەوەوه وەڵامی ئەو پرسیاره ئەوه بێت كه ئەوانیش له هەڵه دان و دەبێ سەرەتا ناوی بنەماڵەیی و پاشان ناوی بچووك بێنن . ئەمه بۆچوونێكی راست نیه. بەریتانی و فەرەنسییەكان و هەروەها ئێمەش ( فارسی زمانەكان) سروشتی زمانی خۆمان رەچاو دەكەین و نامانەوێت توخمێكی ناتەبا به سەر زمانی فارسیدا بسەپێنین . رێرەوی سروشتی هەڵدانی ناو و ناوی بنەماڵەیی



www.pertwk.com

لەم سێ زمانه و له زۆر زمانی‌تردا ، هەریەك شته و ئەم زمانانه كاتێك لەگەڵ زمانەكانی تردا بەرەورووده‌بن ،هەر ئەم رێرەوه پەیڕەو دەكەن.

خاڵێكی دیكەی سەیر كه رەخنەگری ناوبراو باسی دەكات ، ئەمەیه كه دەڵێت : ئاخۆ ئێمه بەڕەوای دەزانین كه له زمانێكی تردا ناوی جەلالی ئالی ئەحمەد به شێوەی ئالی ئەحمەدی جەلال بنووسرێت ؟ له روانگەی نوسەری ئەم دێڕانەوه وەڵامەكه روون و ئاشكرایه. ئێمه بۆمان نیه ئەوه بڵێین كه گەل و نەتەوەكانی‌تر دەبێ "جەلال– ی ئالی ئەحمەد " به چ شێوەیەك بنووسن ، یان چۆن بیڵێن و تۆماری بكەن بەڵكوو ئەوه ئەوانن كه به پێی گونجانی فۆنۆتیكی – رێنووسی زمانی خۆیان دەبێ ئەو ناوه و زۆر ناوی تر تۆمار بكەن و بیڵێن ، كه له راستیشد هەر وایان كردووه . هەروەك چۆن ئەوانیش پێیان نەوتین بۆچی به( paqi) یمان وت پاریس ، سالآنێكی زۆر به ( یونایتێد ستیس) مان وت ئیتازۆنی ، ئەنگلەندمان كرد به ئینگلیێستان و به هەنگاریامان وت مەجارستان و به پۆڵەندامان وت لەهیستان . هەموو زمانێك مافی ئەوەی هەیه كه ناوەكان له قاڵبی زمانی خۆیدا دابڕێژێت و له گەڵ سیستمی فونەتیكی زمانەكەدا بیگونجێنێت. كەواته رەوا نیه بوترێ : " ئەوه جێگای پەسنده كه ناوه ژاپۆنییەكان وەك شێوەی رەسەنی خۆیان بنووسرێن. "

هێندێ كەس بڕوایان وایه كه گوتارەكان تەنیا له بواری ئەدەبدا جیاوازن و زانست تەنیا یەك شێوه گوتاری هەیه . ئەم بۆچوونه تا رادەیەكی زۆر راسته ، بەڵام وادیاره لێبڕاوییەكی فریودەرانەی تێدایه . ئەگەر له دوو كەلتووری جیاوازدا چاوێك به هاوواتا ئەدەبی و زانستییەكاندا بخشێنین ، رەنگه تا رادەیەكی زۆر ئەم بۆچوونه راست بكرێتەوه. بۆ نموونه رەنگه بتوانین بڵێین كه گەوهەری شاعیرانه و ناسكییەك كه له وامیق و عوزرا و تریسترۆم و ئیزالیده دا هەیه ، لەو لێكچوونەی كه له نێوان بابەته ئەستێره ناسییەكانی غەیاسەدینی جەمشیدی كاشانی و كەپلێر دا هەیه كەمتر نەبێت. كێشەكه لێرەدایه كه كاتێك بابەتی زانستی و ئەدەب و بەراوردكردنیان دێته كایەوه ، زۆر كەس بیریان بۆ لای بیركاری و فیزیا ، ئەویش له جۆری فێركارییەكەی

دەچێت ، لە کاتێکدا باسی زانستی و ئەدەبی لە ئاستی بەرزدا لە باری تیۆرییەوە گەلێك ئاڵۆزن و هەردوو وەك یەك کێشەیان هەیە. لە لایەکیترەوە لە ئاستی فێرکاری و کتێبی وانەییدا بابەتەکان بە یەك شێوازی دیاری کراو پێشکەش دەکرین ، چ بابەتی زانستی بن ، یان بابەتی ئەدەبی . بۆ نموونە نووسینی کتێبێکی وانەگوتنەوە لە بواری تیشکدا بۆ لقی فیزیا ، لەگەڵ نووسینی کتێبێك دەربارەی راڤەکردنی پێکهاتەی چیرۆك بۆ لقی ئەدەب -- لە رووی شێوازی نووسینەوە -- ناتەباییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نیە و لەراستیدا بەواتایەك هەردووکیان زانستین.

لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەو راستییە بکەین کە لە کۆمەڵگای ئێمە ( ئێران ) دا رەوشی ئێستای وەرگێڕان نێوانێکی وای لەگەڵ هاوسەنگ کردن دا نیە و مخابن زیاتر رووی کردۆتە وەرگێڕانێکی میکانیکیانە و وردبینییەکی بێ بایەخ . هەڵبەت ئەوە راستە کە هەمیشە کۆمەڵێك کەس هەبوون کە کەڵکی خراپیان وەگرتووە و دۆ و دۆشاویان تێکەڵ کردووە. بەڵام نابێ ئەم کارە ئێمە لە درێژەدانی ئەم رێگایە سارد بکاتەوە. وەرگێڕان لە رووی زمانی و رەوانبێژییەوە پێویستی بە دەسکاریکردن هەیە ، و ئێمە هەوڵمان داوە چەند نموونەیەکی ئەو دەسکاری کردنە پیشان بدەین .

دژایەتی کردنی هاوسەنگی کردن روویەکی گرنگی تریشی هەیە ، کە بریتییە لەوەی قەڵەم بە دەستان ناوێرن خۆ لە قەرەی ئامادەکردن( تألیف) بدەن . نەیارانی( تألیف ) زۆر جار دەڵێن کە ئێمە توانای ئامادە کردنمان نیە و چوونکە هەموو زانست و هونەرەکان لەشوێنەکانی تری دونیادا ئامادە دەکرێن ، ئێمە دەتوانین وەکو خۆیان وەریان بگێرینەوە. ئەم جۆرە کەسانە دوو کێشەیان هەیە. یەکەم ئەوە کە بە گشتی توانای ئامادە کردنیان نیە و دووەم ئەوە کە لاوازی ئامادە کرن دەبینن ، بەڵام لاوازی وەرگێڕان نابینن و ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بە گشتی بۆ خۆیان شارەزای زمانی بێگانەن و گوتارەکانیان دەناسن ( کەچی ) ئاگایان لەو خەڵکە نیە کە بێگانە بەم گوتارانەن و لە راستیشدا وەرگێڕان تەنیا بۆ ئەوانە. ئەم کەسانە لە راستیدا نایانەوێت کالآ



www.pertwk.com

بەقەد بالآی کەسەکان بێت و لەو بڕوایەدان کە دەبێت کلك و گوێیان بکەن تا وەك تەیری مەعقوولیان لیّ بێت. ئەگەرچی حاشا لە پێویست بوونی وەرگێڕان ناکرێت ، بەڵام ناتوانێت شوێنی ( تألیف ) بگرێتەوە و هەر نەتەوەیەك سەرەنجام دەبێت فێری نووسین بێت . ئێمە دەتوانین هەموو بەرهەمە کلاسیکی و مۆدێرنەکان بکەین بە فارسی ، و دەبێ ئەو کارەش بکەین ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە خۆمان لەو بوارانەدا پێویستیمان بە نووسین نیە. بۆ نموونە لە بواری داهیناندا هەر نەتەوەیەك دەبیّ بەرهەمی ئەدەبی و هونەری خۆی هەبێت. لە بواری زانستدا کارەکە ئاسانترە و وەرگێڕان زیاتر یارمەتیمان دەدات . بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە دارشتنی بابەتێك لە نێو چوارچێوی گوتارێکی تایبەتدا هەیە هەردووکیان دۆخێکی یەکسانیان هەیە . بە وتەیەکی تر ئێمە چەندە دەتوانین چیرۆکی ئێرانی بە ئاسانی بخوێنیەوە ، دەبێ هەر بەو رادەیەش بتوانین کتێبێك دەربارەی ( کیمیای مادە سووتێنەرەکان ) یش بە ئاسانی بخوێنینەوە ، ئەگەرچی زۆر ئاڵۆزیش بێت . ئەو کتێبە لەربەر ئەوە لە زمانێکیترەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی ناتوانێت هەر بەو رادەیە ئاسان بێت . بەلام ئەگەر بێت و کیمیاناسێکی ئێرانی لەم بارەوە شارەزا بێت و ( نەك تەنیا رستە سازی بزانێت ) بەڵکوو بنەماکانی کتێب نووسین وەك پاژ و پەرەگرافیش بزانێت ، دەتوانێ کتێبێکمان بۆ بنووسێت کە هەم سەرنجراکێش بێت و هەم بتوانین لێی تیّ بگەین. بۆ نموونە من دەمتوانی کتێبی Discuorse and the Translator کە هایتم و ماسۆن نووسیویانە و لە ساڵی 1990 دا بڵاو کراوەتەوە ، وەك خۆی وەربگێرمە سەر زمانی فارسی ، بەڵام گومانم لەوە نیە کە بەم نووسراوەی ئێستام باشتر توانیومە کرۆك و پەیامی ئەو کتێبە بەخوێنەری ئێرانی بگەینم. خوێندنەوەی وەرگێڕدراوی ئەو کتێبە بەو نموونانە و بەو کەشو هەوای نامۆیەی نەیدەتوانی وەك ئەم باسەی ئێستا خوێنەری ئێرانی بەرەو لای خۆی رابکێشێت .

جیاوازی نێوان ئەم باسەی ئێستا و ئەو کتێبە لە رادەی ئەو زانیارییانەدا نیە کە ئەو کتێبە بە خوێنەری ئینگلیزی زمان و ئەم نووسراوە بە خوێنەری فارسی زمان دەیبەخشن ، بەڵکوو جیاوازییەکە لە گوتارەکەدایە کە بۆ هەمووان ئاشنایە. نامەوێت بە شان و باڵی نووسراوەکەی خۆمدا هەڵ بدەم ، بەڵکوو مەبەستم سەلماندنی ئەو رێبازەیە کە فرووغییەکان ، سدیقییەکان ، خانلەرییەکان ، ئاریانپوورەکان و ئارین پوورەکان ، وساحێبەکان و باتنییەکان گرتیانە بەر و ئەو هەموو کاریگەریەیان لە سەر زانست و ئەدەبی ئێرانیان داناوە . شارەزاکان دەزانن کە تاوەکو زانست ، یان ئەدەب خۆماڵی نەکرێ ، ناتوانین بە موڵکی خۆمانی بزانین و ئەم کارە کاتێك دەکرێت کە بتوانین بە زمانی زکماکی لەسەریان بنووسین.*

- *ماموستای زانا و بلیمەت ، داریوشی ئاشووری لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆری داوە. ئەو تێکۆشاوە تا جیهانی سێهەم لە هەمبەر جیهانی یەگەمدا هەڵسەنگێنێت و بڵێت کە هەڵسوکەوتی ئێمە لە گەڵ زانست و هونەری رۆژاوادا چۆن بووە و دەبوا چۆن بوایە. هەوڵی زۆر دەدا تا تێمان گەینێت کە بۆ نموونە ئێمە ناتوانین بە مانای وشە لە دیکارت یان کانت حاڵی بین. چوونکە دەزگاکانی ئەوانمان نیە ( ئاشووری 1372 ی هەتاوی/1993ز). ئەو کەسانە کە لە وەرگێڕاندا قووڵ بونەتەوە زۆر چاك لە مانای قسەکانی ئەو تێ دەگەن. سەرباری ئەمەش هەموو ئەو قسانە زۆر بە راشکاوی لە وەرگێڕاندا دەردەکەون . بە واتایەکی تر وەرگێڕان بوارێکی هەست پێکراوە کە زۆر ئاسان دەتوانین ئەو باسە فەلسەفی و تا رادەیەك ئەبستراکانەی ئاشووری بێنینە بەر باس و بگەینە ئاکام : وەرگێڕان هەرگیز وەکوو دەقە سەرەکییەکە نایەتەوە و کاتێك دەقە سەرەکییەکە وەرگێڕدرێتەوە، ئیتر وەك خۆی نامێنێت . لە ئاکامدا دیکارت و کانتی ئێمە بە ناچاری لە گەڵ دیکارت و کانتە سەرەکیەکەدا جیاواز دەبن و رادەی ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە مەودای کەلتووری نێوانمان و جیاوازی نێوان زمانی ئێمە و زمانی ئەوانەوە هەیە . دەرەنجامێکی تر ئەوەیە کە تا کاتێك کەلتوورێك بە تەواوەتی لە کەلتوورێکی تر دا نەتوێتەوە – بە وتەیەکی‌تر تا کاتێك خەڵکی جیهان بە یەك زمان نەدوێن رێگایەکی‌تر نیە جگە لەوەی کە هەر کەلتوورێك دیکارت و کانتی خۆی هەبێت.*



www.pertwk.com

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەلاتی تاڵیبان | فارسی | وحید مژده | سیاسی | عەلی بیروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئێس. فۆریستەر | رۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی (21) | | ئا/( ئە نجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵلا، مجید سالەح - تارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لا پەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| رەوشی ئابووری وکۆمەلایەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەلایەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | رۆمان | نەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی راگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسین الهلالی | راگەیاندن | دلاوەر عوسمان ساڵح |
| تۆماری شێتێك | رووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | رۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سولحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینیٚ دیکارت | ئەڵمانی | رینیٚ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| رۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | راجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | رۆمان | محەمەد حەمە ساڵح |
| دووبرا | رووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەلاتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | راگەیاندن | هیوا ساڵح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | نەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | فازل جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دا یمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆڕاگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | رۆمان | خانەی رادوگا-مۆسکۆ |
| سۆفیگەرێتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | رەئوف حەسەن |
| نەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |

www.pertwk.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و ڕەئوف حەسەن |
| خاڵە ساڤا | ڕووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الأنفال الكورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامەی | خانەی وەرگێڕان |
| ڕاوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد ڕەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی.بی. شولپین | زانستی | د.بایەزید حەسەن |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەربارى شاوە بۆ زيندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| ڕۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مە یمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا ڕەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلاّ ڕەسوولی |
| خمسون قصيدة مترجمة عن الشعر الأنكليزى الحديث | ئینگلیزی | الأدب الأنكليزى | هۆنراوە | وفاء عبداللطيف زين العابدين |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | کورش صفوی | وەرگێڕان | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | ڕاگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی العلوی | پەند | حسێن عوسمان |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەلاّیەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەلاّیەتییانە لەمێژووی نوێی ئێراق/5 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەلاّیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (6) | عەرەبی | على وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەلاّیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (6) | عەرەبی | على وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |